# تیشک

ژمارە ٢٦
خاکەلێوەی ١٣٨٩

کۆمیسیۆنی فێرکردن و لێکۆلینەوەی
حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەریدەکات

**سەرنووسەر**
سمایل زارعی

**دەستەی نووسەران**
سامان فەقێ نەبی
عەلی قۆیتاسی

**لەگەڵ سپاس بۆ هاوکارانی ئەم ژمارە:**
جەلیل گادانی
هەژیر عەبدوڵلاپوور
عیسمەت نەستانی
سەید جەلال ساڵحی
کوێستان فتووحی
ناسر قادر پوور

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە**
ئاگری باڵەکی

**تایپ**
هۆشیار فەتحوڵلاهی

بۆ ناردنی وتار یان هەر بابەتێکی تایبەت بە گۆڤاری تیشک و هەروەها بۆ هاوکاری کردنی گۆڤاری تیشک دەتوانن پەیوەندی بەم ئادرەس ئیمەیلەوە بگرن:

G_tishk@yahoo.com
www.kurdistanukurd.com




| | |
|---|---|
| ووتەی ژمارە | ٣ |
| پێکهاتەی بزووتنەوەی سەوز | ٧ |
| ناسیونالیزمی فارس، ستراتیژ و چەمکە دەسکردەکانی | ١٣ |
| ناسیۆنالیزم | ٣٣ |
| قەومییەت،ناسیۆنالیزمی قەومی و ئاسایشی نەتەوەیی | ٥١ |
| وتوویژ لەگەڵ تێکۆشەری دێرین جەلیل گادانی | ٧٥ |
| توندوتیژیی سیاسی | ٨٣ |
| نادیارترین توخمی ڕێکخراو | ٩١ |
| ژنان و کارەساتی ژینگە | ١١١ |

# وتەی ژمارە

**خوێنەرانی خۆشەویست!**

ژمارە ٢٦ ی گۆڤاری تیشك دوایین ژمارەیە لەم ساڵ دا کە لە وەرزی زستانی ١٣٨٨ی هەتاوی‌دا دەردەچێ. لە ساڵی رابردوودا بە گشتی دنیا کۆمەڵێك رووداوی زۆر گرینگی بەخۆوە بینی بەڵام ئەوەی زۆرتر مەبەستی ئێمەیە زەق کردنەوە و وەبیرهێنانەوەی بەشێك لە رووداوە گرینگەکانی ساڵی رابردوویە کە هەم لە ئێران و هەم لە رۆژهەڵاتی کوردستان روویان داوە و بەڕاستی کۆکردنەوەی هەموو ئەو رووداوانە لەم چەند دێرەدا کارێکی یەکجار چەتوونە. رەنگە خراپمان نەگوتبێ ئەگەر بڵێین رووداوەکانی ساڵی ١٣٨٨ لە وڵاتی ئێران دا لە ریزی گرینگترین رووداوەکانی جیهان بوون. دەتوانین وەك نموونەی ئەو رووداوە گرینگانەی کە لە نێوخۆی ئێران دا روویان دا و کاردانەوەی نێوخۆیی و ناوچەیی و تەنانەت جیهانیان بەدواوە بوو ئاماژە بە چەند رووداوێك بکەین: بۆ وێنە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری بۆ پێکهێنانی دەیەمین کابینەی دەوڵەت، دەست تێوەردانی ئاشکرا و کودەتا دژی دەنگی خەڵکی ئێران کە رێژەیەکی بەرچاویان لایەنگری میر حوسێن مووسەوی بوون، ناڕەزایەتییەکانی خەڵك و رێپێوانە بێ وێنەکانی خەڵکی ئێران دژی کودەتا و دەوڵەتی کودەتایی مەحموودی ئەحمەدی نەژاد، سەرهەڵدان و بیچمگرتنی بزووتنەوەی سەوز و کاریگەریی ئەم بزووتنەوەیە لە سەر کۆمەڵگای ئێران و دنیای دەرەوە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، زۆرتربوونی توندو تیژی و سەرکوت و گرتن و ئێعدام و بە گشتی پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە ئێران دا، جگە لەوانە پرسی ناوکی کۆماری



ئیسلامی و چڕکردنەوەی هەوڵەکانی ئەم رێژیمە، یان توندترکردن و گورج بڕتر کردنی گەمارۆ ئابوورییەکان کە دنیای دەرەوە، بەردەوام بیرازکردنەوە و نوێ کردنەوەی نووکی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر جیهان و ئاسایش لە ناوچەدا لە لایەن ئەحمەدی نەژاد و بەرپرسانی بەرزی کۆماری ئیسلامی، گرانی و خراپتربوونی باری ئابووری و ژیانی خەڵکی مەدەنی و کەم داهاتی و بێکاری و زیاتر بوونی دیاردە دزێو و ماڵوێرانکەرە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ژێر سێبەری رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا بەردەوام روو لە زیادبوون دا بووە و رەوتی روو لە زیاتربوونی پێواوە، لە ساڵی رابردووش دا دیسان زیاتر و قورستر و قووڵتر بوون.

ئاشکرایە رۆژهەڵاتی کوردستانیش وەك بەشێك لە وڵاتەکەمان کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران دا هەڵکەوتووە لە گرانی، ماڵوێرانی، کەم داهاتی، باری ئابووری خراپ و بڵاوبوونەوەی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان دا بێ بەش نەبووە، دیسان سرووشتییە کە رۆژهەڵاتی کوردستان لە خولقاندنی رووداوە گرینگەکانی ئێران دا و بە تایبەتی لە ناڕەزایەتییەکانی دوای سەرۆك کۆمارییش دا رۆڵی خۆی هەبووە و دەتوانین بڵێین کاردانەوە و کارلێکی پێچەوانەی رێژیمیش لە بەرامبەر ئەم رووداوانەدا کاریگەرییان لە سەر ئەو بەشە لە وڵاتەکەمان داناوە. راستییەکی حاشا هەڵنەگر ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان لە دەنگدانەکانی سەرۆك کۆماری ئەم دەورەیەدا چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و بە نیشانەی ناڕەزایەتی و گوتنی "نا"یەکی‌تر بە کۆماری ئیسلامی و وەلی فەقیە دەنگیان بە پاڵوێراوێکی جیاواز لەو کەسە دا کە کاندیدی دەستنیشانکراوی وەلی فەقیە و کۆماری ئیسلامی بوو.

هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا هەر لە ساڵی رابردوودا و دوا بە دوای سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران دژی کودەتا و کودەتاچییان هەڵمەتی گرتن، کوشتن، ئازاردان، تۆقاندن، دروستکردنی کەشی نائاسایی لە وڵاتدا لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێکرد، بە هەزاران کەس بە تایبەتی لە تاران و دواتریش لە شارە گەورەکانی دیکەی ئێران دەستبەسەر کران، گیران، ئازار و ئەشکەنجە دران و بە دەیان و سەدان کەس لە سەر شەقامەکان لە کاتی ناڕەزایەتییەکان دا کوژران یان بریندار کران، هەروەها دوای ماوەیەکی کورت بە

مەبەستی چاوترسێن کردنی کۆمەڵگای ئێران و بەتایبەتی ناڕازییەکانی وڵات ڕێژیم وەك بنەمایەکی سەرەکی خۆی دەستی کردەوە بە ئێعدام و بێ سەر و شوێن کردن و رفاندنی خەڵکی ناڕازی. دیسان کوردستانیش وەك یەکێك لە مەڵبەندەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە بووە مەیدانی سەرکوت، گرتن، رفاندن، ئازار و ئەشکەنجەدانی خەڵك و ئێعدامی زینندانیانی سیاسی و مەدەنی کورد. هەر ئێستا ڕێژەیەکی بەرچاو لە چالاکوانە سیاسییەکان لە چاڵە رەشەکانی کۆماری ئیسلامی دان، بەشێکیان مەترسی بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدامیان لە سەرە کە بە ناڕەوا بەسەریان دا سەپاوە و زانیارییەکانی ساڵی رابردوو ئەوەمان پێ دەڵێن کە بەشێکی بەرچاو لە زیندانیانی سیاسی کورد لە وەزعێکی دەروونی و جەستەیی یەکجار خراپ دان و لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردانێکی قورسی جەللادەکانی ڕێژیم دان.

رووداو یان رەوتێکی گرینگی دیکەش کە هەر لە ساڵی رابردوودا لە دەرەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان بەڵام تایبەت بە رۆژهەڵات و لە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەوز روویدا ئەوە بوو کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هەڵوێست و روانگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵیان دا وەك نەتەوەی کورد زیاتر لەو بزووتنەوەیەدا بەشدار بن و سەنگ و قورسایی پرسی کورد لە شێوەی جۆراوجۆر و لە کەناڵی جۆراوجۆردا بخەنەڕوو. گۆڤاری تیشك وەك گۆڤارێکی رۆشنبیری — سیاسی — گشتی بە خۆشحاڵییەوە دەڕوانێتە هەوڵەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و لەم پەیوەندییەدا پێویستە بڵێین کە رۆڵی ئەم حیزبە لە ساڵی رابردوودا لە پەیوەندی لەگەڵ کۆبوونەوە لەگەڵ بەشێك لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد جێی رێز و شیاوی دەستخۆشی و رێزلێنانە. ئەم هەوڵانە خۆیان لە چوارچێوەی بڵاوکردنەوەی راگەیەندراوی هاوبەش لەگەڵ چەند هێزێکی دیکە و بەشداری کردن لە دیالۆگ و لێدوانی چەند لایەنەی حیزب و لایەنەکان لە راگەیەنە گشتییەکان دا خۆی دەرخست. دیارە با ئەوەشمان لە بیر بێ کە هەموو ئەم هەنگاوانە لەگەڵ ئەوەدا کە جێی دڵخۆشی و دەستخۆشین لەگەڵ ئەوەی کە دەکرێ بڵێین پێویستە لەم پەیوەندییەدا و لەم بوارەدا هەوڵی زیاتر بدرێ، چونکە هەموومان دەزانین هەرچەندە کە ساڵی رابردوو ساڵی لەتبوون و کەرت کەرتبوونی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد نەبوو و بگرە بە



پێچەوانەشەوە هەوڵ بۆ یەکخستنی هەوڵ و تواناکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد درا بەڵام چاوەڕوانی یەکگرتن و کۆبوونەوەی هێزەکانی کورد کە ئاوات و ویستێکی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە هەر لە جێی خۆیەتی و بە داخەوە لەو پەیوەندییەدا سەرکەوتنەکانی ئۆپۆزیسیۆن جێی رەزامەندی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان نەبوون و وڵامدەری ویستەکانی خەڵك نەبوون.

ئێستا و لە بەرەبەری هاتنی جێژنی نەورۆز و دەستپێکی ساڵی تازە، لە لایەك هێزەکانی ڕێژیم هەموو هەوڵەکانی خۆیان خستۆتەگەڕ کە خەڵك لە بۆنە نەتەوەیی، ئایینی، دەوڵەتی و ... نەیەنە سەر شەقام و بە هەموو شێوەیەك خۆیان بۆ سەرکوتی بێ بەزەییانە ئامادە کردوە، پێویستە هێزەکانی کورد بە تایبەتی بۆ بەشداری زیاتر لەم بزووتنەوەی سەوز و لە رووداوەکانی ساڵی داهاتوودا هەوڵی بە بەرنامەتر و گونجاوتر و قورستر بدەن. بەو ئاواتەی کە ساڵی داهاتوو ساڵی نەمانی سەرەڕۆیی و سەرکوت و رووخانی دەسەڵاتی کودەتا و دیکتاتۆری بێ و نەتەوە بن دەستەکانی ئێران و بە تایبەتی کورد بۆ هەمیشە لە دەست دیکتاتۆری و ئازارو ئەشکەنجە و هەڵاواردن و سەرکوت و پێشل کرانی مافەکانیان رزگاریان بێ.

**سەرنووسەر**

**رەشەممەی ١٣٨٨**

# پێکهاتەی
# بزووتنەوەی سەوز




**سامان فەقێ نەبی**



ئەم بزووتنەوە ناڕازییەی کە ئێستا لە ئێراندا لە ئارادایە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لایەنی جۆراوجۆرو روانگەی جیاوازی لەخۆ گرتووە بەڵام بە گشتی بەرهەمی جووڵانەوی ئاگایانەی بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگایە بە مەبەستی گۆڕینی دۆخی ئارایی‌و لە ئاستی نێونەتەوەییشدا بە بزاڤێکی دێموکراسیخواز دەژمێردرێ. پێکهاتەی گرووپ‌و لایەنەکانی بەشدار لەو بزووتنەوەیە زۆر بەربڵاوە، بەڵام هاوشێوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی جیهان رەوت‌و لایەنەکانی بەشدار لەو بزووتنەوەیەدا لە سەر لانیکەمی ویست‌و داخوازییەکان کۆدەنگن‌و لە سەر شێوازو تاکتیکی ناڕەزایەتی دەربڕینیش زۆربەی ئەو لایەنانە لە سەر ئەو رایەن کە دوورکەوتنەوە لە توندو تیژی رێفۆری سەرکەوتن‌و پەرەگرتنی ئەو بزووتنەوەیە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین لایەنەکانی بەشدار لەم بزووتنەوەیە هەڵسەنگێنین‌و لە گۆشە نیگای رادەی زاڵبوونی گوتاری رادیکاڵیستی‌و ئاستی داواکاری هەرکام لە لایەنەکان پۆلێنبەندییەکی پێکهاتەی ئەو بزووتنەوەیە بکەین‌و لە چوار تەیف دا سەرجەم کۆبەندی لایەنەکان بکەین:

**١ـ ریفۆرم خوازانی حکوومەتی پابەند بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی ئێران،**
**٢ـ ریفۆرم خوازانی رادیکاڵ لە نێوخۆوو دەرەوەی ئێران،**
**٣ـ سەوزە سیکۆلارەکان(پێکهاتەشکێن)،**
**٤ـ لایەنە سیاسییەکانی کەمە نەتەوەکانی ئێران.**

**ئا) رفۆرم خوازانی حکوومەتی:**

بەشێکی بەرچاو لە ئیسلاح خوازانی ٢ی جۆزەردان لەو بەشەدا جێ دەگرن. "*جامعه روحانیون مبارز*" بە سەرۆکایەتی محەممەدی خاتەمی، "*جبهەی مشارکت ایران اسلامی*"،"*سازمان مجاهدین انقلاب اسلامی*"،"*حزب کارگزاران سازندگی*"و "*حزب اعتماد ملی*" بە سەرۆکایەتی مەهدی کەڕوبی بە پشتیوانانی نێو حکوومەتی بزووتنەوەی سەوزو لە قەڵەم دەدرێن. خاڵی هاوبەشی ئەو پارت‌و گرووپانە پێداگری لە

سەر باوەڕمەندی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیو گەڕانەوە بۆ بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامی بە لەبەرچاوگرتنی روانگەکانی خومەینیە، محەممەد خاتەمیو میرحوسێنی مووسەوی بە رادەیەکی کەمترو مەهدی کەڕووبی نوێنگەی ئەو بەشە لە پێکهاتەی بزووتنەوەی سەوزنو بەردەوام لە وتووێژو بەیانییەکەیاندا پابەندن بە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیو جێبەجێ کردنی سەرجەم ماددەکانی بە رەمزی دەربازکردنی کۆماری ئیسلامی لە قەیرانەکانی هەنووکەیی دەژمێرێن. ئەم بەشە لە پێکهاتەی بزووتنەوی سەوز بە پێداگری کردن لە سەر مانەوە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیو یاسای بنەڕەتی ئێران هەوڵ دەدەن کە سەرەڕای رەنگاوڕەنگ بوونی ویستی لایەنەکانی بەشدار لەو بزووتنەوەیە پێش بە رادیکاڵیزە بوونی ئەو بزوووتنەوەیە بگرن، بەڵام بە پێی ئەوە کە بزووتنەوەی سەوز هەرچی رادیکاڵ تر دەبێو تەنانەت تابۆ سەرەکییەکانی دەسەڵات وەك وەلی فەقیهی شکاندوە، پێش بینی دەکرێ کە ئەو لایەنە رفۆرم خوازە حکوومەتییانە تووشی گرفتو پاردۆکس بوونو چ لە ئەگەری پاشەکشەو چ لە ئەگەری پەیوەست بوون بە ویستە رادیکاڵییەکانی بزووتنەوە بەشێك لە هێزو لایەنگرانیان لە دەست بدەن.

### ب) ریفۆرم خوازانی رادیکاڵ:

بەشێك لە ریفۆرم خوازانی ٢ی جۆزەردان لە نێوخۆو دەرەوەی وڵاتو هەروەها بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی پێداگری لە سەر ئەوە دەکەن کە لەمپەرو ئاستەنگی سەرەکی بەردەم هەر چەشنە گۆڕانکارییەك لە دەسەڵاتی ئێستادا ئەسڵی ویلایەتی فەقیەو پێداچوونەوە بە یاسای بنەڕەتیو لابردنی ئەسڵی ویلایەتی فەقیهە بە پێش مەرجی دەربازبوونی وڵات لە قەیران لە قەڵەم دەدەن. بەشێکی بەرچاو لە رووناکبیرانو نووسەرانو مامۆستایانی زانکۆکان پشتگیری لە ئەو بۆچوونە دەکەنو رادیکاڵیزەبوونی بزووتنەوەی سەوز لە ماوەیەکی کورت دا دەکرێ بە بەرهەمی گواستنەوەی ئەو بۆچوونە لە لایەن ئەو کەسانە بۆ نێو جەماوەر دابنرێ.



دەفتەری تەحکیمی وەحدەت کە بە گەورەترین رێکخراوی خوێندکاری لە ئێراندا دەژمێردرێو هەروەها زۆربەی چالاکانی میللی ـ مەزهەبو نەهزەتی ئازادی لەو چوارچێوەیەدا خۆیان پێناسە دەکەن.

بەشێك لە رووناکبیرانی دینی لە ئێستادا خوازیاری جودایی نێوان دینو سیاسەتن وەك عەبدولکەریم سرووشو ئەکبەری گەنجیو هەروەها بەشێك لە مەراجعی تەقلید وەك ئایەتوڵڵا مونتەزری تا کاتی مردنی، زەنجانیو تا رادەیەك سانعیو ئەردەبیلی پشتگیری ئەو بەشە لە پێکهاتەی بزووتنەوەی سەوز دەکەنو راشکاوانە ئەسڵی ویلایەتی فەقیە دەخەنە ژێر پرسیار. بوێریی ئەو بەشە لە رفۆرم خوازەکان لە نێوخۆی وڵات کاریگەری بەرچاوی لە سەر رادیکاڵیزە بوونی درووشمو ئامانجەکانی بزووتنەوەی سەوز لە ماوەیەکی کورت دا هەبووە. جێی باسە سەرەڕای رادیکاڵیزە بوونی گوتاری ئەو بەشە لە پێکهاتەی بزووتنەوەی سەوز، دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی لە گوتاری ئەو لایەنانەدا رەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە.

سیما ناسراوەکانی ئەو تەیفە پێداگری لە سەر ئەوە دەکەن کە گۆڕان پێویستە بە شێوەیەکی دێموکاتیكو بە دوور لە توندوتیژی وەدی بێو لە ئەگەری توندوتیژیدا دەرەتانی سەرکوت بۆ دەسەڵات ئاسانتر دەبێ، ئەمەش هێزو جەماوەری بەشدار لە بزووتنەوە کەم دەکاو فاکتەری گشتگیر بوونی بزووتنەوەکە لە ناو دەبا.

### ج) سەوزە سیکۆلارەکان:

ئەو بەشە لە پێکهاتەی بزووتنەوەی سەوز ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات لە راستەوە بۆ چەپو لە سەڵتەنەت خوازەوە بۆ کۆمۆنیستی کرێکاری لە خۆ دەگرێ.

سەوزە سیکۆلارەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرنەوە کە بزووتنەوەی سەوز بە پێی هەلو مەرجی عەینیو زەینی خۆی لە گۆڕان دایەو رادیکاڵیزە دەبێ، نەك ئەوەی کە رەوتو لایەنە رادیکاڵەکان باڵیان بە سەردا کێشابێو خۆیان بە سەردا فەرز کردبێ. هەروەها پێداگری لە سەر ئەوە دەکەن کە رادیکاڵیزە بوونی بزووتنەوەی سەوز ئاکامی بەکارهێنانی توندوتیژی لە لایەن دەسەڵاتە. ئەم تەیفە روانگەی رفۆرم خوازانی حکوومەتی رەت دەکەنەوە کە نابێ بزووتنەوە رادیکاڵیزە ببێ، بەڵکو هاوشێوەی

رفۆرم خوازانی رادیکاڵ، رادیکاڵیزه بوونی بزووتنەوە بە سروشتی دادەنێن‌و لەو نێوەشدا هاوشێوەی رفۆرم خوازانی رادیکاڵ، دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی بە ئەرکی شیاو دەزانن.

شایانی باسە کە درووشم‌و ویست‌و کارکردەکانی سەوزە سیکۆلارەکان بە تەواوەتی لە چوارچێوەی پێکهاتە شکێنی(ساختارشکنی) پێناسە دەکرێ‌و لە روانگەی کۆماری ئیسلامییەو زۆربەی ئەو کەس‌و لایەنە پێکهاتە شکێنانە بە "ضد انقلاب" دادەنرێن.

لە رووداوەکانی ئەم دواییدا دوو لایەنی نێو ئەو تەیفە پێکهاتە شکێنە، واتە سازمانی موجاهدینی خەلق‌و ئەنجومەنی پادشاهی ئێران لە لایەن رێژیمەوە بە تاوانباری توندوتیژییەکان ئاژاوەگێڕی دانران‌و هەوڵی ئەوە دەدرێ کە بە مەبەستی رەوایی بەخشین بە سەرکوتەکان دەوری ئەو دوو رێکخراوە لە رێکخستنی ناڕەزایەتییەکان گەورە بکرێتەوە. ئەو لە حاڵێکدایە کە سەوزە سیکۆلارەکان پێکهاتەیەکی بەرین‌و فراوان لەخۆ دەگرێ‌و زۆربەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات‌و لایەنگرانیان لە نێوخۆی وڵات بەردەوام پێ لە سەر دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی دادەگرن. "اتحاد جمهوری خواهان ایران" یەکێك لە گرووپە سیکۆلارەکانی نێو بزووتنەوەی سەوزو گرووپە چەپەکان‌و چالاکانی بزاڤی ژنان لە دەرەوەی وڵات دەورێکی بەرچاوییان لەو تەیفەدا هەیە.

**د) کەمە نەتەوەکانی ئێران:**

بەشێکی بەرچاو لە رێکخراوە لێگاڵەکانی نەتەوەی غەیرە فارس لە ئێران، ئەگەرچی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریدا لە ئێران دەورێکی چالاکیان گێڕا، بەڵام بە هۆی فەزای ئەمنییەتی زاڵ بەسەر ناوچە سنوورییەکان (کە نەتەوە غەیرە فارسەکان تێدا زۆرینەن) لە دوای راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژادنەکان‌و هاتنە ئارای بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لە ناوەند رێگای بێ دەنگ‌و پاسیڤیان هەڵبژاردو تا ئێستاش ئەو دۆخە هەروا بەردەوامە، بەڵام لە دەرەوەی وڵات ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەکانی غەیرە فارس‌و لەو نێوەدا بەتایبەت لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی رۆژهەڵات بەرەبەرە گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە ناکرێ وەك لایەنی ئیزۆلەکراو هەروا لە پەراوێزی رووداوە



سەرانسەرییەکان مامەڵە لەگەڵ دۆخی نوێ بکەن‌و پێویستە لە وەها دەرفەتێك بۆ ناساندنی کێشەی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بۆ بیرو ڕای گشتیی کەڵك وەربگیردرێ‌و بەشێك لە ویست‌و داخوازە نەتەوەییەکانی نەتەوەکانی غەیرە فارس لە ویست‌و ئامانجەکانی بزووتنەوەی سەوزدا رەنگدانەوەیان هەبێ کە ئەوەش لە ئەگەری بەشداری کەمە نەتەوەکان لە بزووتنەوەی ناوبراوو سەلماندن‌و هێزو قورساییان لە وزە بەخشین لە بزووتنەوەی سەوزدا (کە زیاتر وەك بزووتنەوەیەکی ناوەندی ئێران دەرکەوتووە) دێتە ئاراوە. کوردستان‌و ئازەربایجان دوو ناوچەن کە پێدەچێ لە داهاتوویەکی نزیکدا بە بەشداربوونێکی ئەکتیڤانە لە بزووتنەوەی سەوزدا بەشێك لە ویستە نەتەوایەتییەکانیان تێکەڵ بە گوتاری ئەو بزووتنەوەیە بکەن...

**سەرچاوەکان**

١ـ جنبش سبز و شعارهای ساختار شکن ـ م. چشمه

٢ـ مردم حقشان را می‌خواهند، حکومت چه می‌خواهد ـ ابراهیم نبوی ـ روز آنلاین

٣ـ رهبری جنبش سبز، شبکه‌ای، غیره متمرکز، تعاملی‌و توافقی ـ مجید محمدی

٤ـ جنبش سبز، اهداف و رهبری آن، حسین باقرزاده

# ناسیونالیزمی فارس،
# ستراتیژ و چەمکە دەسکردەکانی




**هەژیر عەبدوڵڵا پوور**



بۆ ئەوەی زیاتر بچینە ناو کاکڵی باسەکەوە و باشتر بە ناوەرۆکی بابەتەکەدا رۆبچین و بەرچاوڕوونییەکی باشترمان بە خوێنەر دابێ، بە پێویستی دەزانم کە سەرەتا چەند پێناسەیەکی کورت لە نەتەوە و ناسیۆنالیزم بخەینەڕوو.

چەمکی نەتەوە " nation" بە پێی روانگە و بەرژەوەندیی ناسیۆنالیستەکان و هەروەها دید و بۆچوونی قوتابخانە فیکرییە جیاوازەکان پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. ئۆتۆباوەڕ (یەکێکە لە دامەزرێنەرانی سوسیالیزمی ئۆتریشی و یەکێکە لەو مارکسیستانەی کە یەکەمین کەس بووە باس و لێکۆڵینەوەی زۆر گرینگی سەبارەت بە نەتەوە هەبووە) پێیوایە کە نەتەوە (یان حاڵەتی نەتەوایەتی) وەدیهێنەری دوو شتە بۆ مرۆڤ، یەکەم وەدیهێنەری ژیانە بە مانا حوقووقی و سیاسییەکەی و دووەم وەدیهێنەری پێکەوە ژیانە. "مارکسیستەکان بە پاراستنی روانگەی چینایەتیی خۆیان، نەتەوە بە بەرهەمی پەرەسەندنی کۆمەڵگا لە سەردەمی سەرمایەداریدا دەزانن". کاتی خۆی لێنین، ستالین رادەسپێرێ کە مەسەلەی نەتەوایەتیی تاوتوێ و تیۆریزەی بکا و ناوبراویش لە شیکار و شرۆڤەکەی خۆیدا بەو ئەنجامە گەیشت کە نەتەوە بەرەنجامی پەرەگرتنی کۆمەڵگەیە لە قۆناغی سەرمایەداریدا.

پێشڕەوانی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی، فاکتەری "کولتووری هاوبەش" بە هۆکاری سەرەکیی پێکهێنانی نەتەوە دەزانن کە لەودا زمان بنەڕەتیترین رۆڵ دەگێڕێ. ئەم تەیفە سەردەمانێك بانگەشەی "ژێرمەنی مەزن"یان دەکرد کە تەواوی ناوچەکانی ئەڵمانی زمانی لە خۆدەگرت.

فەڕانسەییەکان "ویستی هاوبەش"ی دانیشتوانی سەرزەوییەك بە فاکتەری سەرەکیی پێکهێنانی نەتەوە دادەنێن و "تعلق خاگر" یان ئینتما بە گەل وەك فاکتەری یەکەمی پێناسەی نەتەوە دەخەمڵێنن. بیرمەندی گەورەی فەڕانسە، ئێرنێست رێنان دەڵێ: " نەتەوە و چەمکی نەتەوە رێفراندۆمێکی رۆژانەیە". ئەم بیرمەندە پێی وایە کە نەتەوە دەنگدانێکە بەردەوام و هەمیشەییە، واتە نەتەوە جۆرێکە لە خۆ سەلماندنی نەتەوایەتی یان جۆرێکە لە رێفراندۆمی نەتەوایەتی کە ئەو نەتەوەیە

بەردەوام دەنگ بە خۆی بدا. هەڵبەتە نەك بەو مانایەی کە بچێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەڵکوو بەو شێوەیەی کە ئەو نەتەوەیە بەردەوام خۆی ئەسەلمێنێ و خۆی ئەژێنێتەوە و خۆی نەشونما و بژار دەکا و بەمجۆرە خۆی بەردەوام دەکا.

لە ئەمریکای لاتیندا کە زۆربەیان بە زمانی ئیسپانیۆلی قسە دەکەن، سەرەڕای بوونی زمان و کولتووری هاوبەش جەخت لەسەر "هەستی هاوبەش" دەکەنەوە و دەڵێن ئەوە هەستی هاوبەشە کە توخمی سەرەکیی نەتەوە پێك دێنێ.

بەڵام پێناسەی باوی نەتەوە: لەم پێناسەیەدا نەتەوە بە بەرهەمی پەرەسەندنی گروپێك لە خەڵكی لە پرۆسەیەکی مێژوویی دادەنرێ کە فاکتەرە زەینی و بابەتی (عینی) یەکانی وەك زمان، خاك، کولتوور، ئایین و ویستی سیاسیی هاوبەشی لەخۆ گرتبێ و هەر بەم پێیە یاسا و رێسا نێونەتەوەییەکان و جاڕنامەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەو ئیزنەیان بەو گەلانە داوە کە بێتوو هەڵگری ئەو توخمانەی سەرەوە بن، دەتوانن بە شێوەی ئازادانە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. دەتوانین هەر لەم سۆنگەیەشەوە ئاماژە بە پەیمانی سێڤەر بکەین کە لە بەندەکانی ٦٢، ٦٣ و ٦٤دا مافی سەربەخۆیی بۆ کوردان مسۆگەر کرد و بە داخەوە لەبەر بێ-پشتیوانی و بێکەسی هەر بە نەزۆکی مایەوە. ئەمەش دەریدەخا کە کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی نزیك بە سەدەیەك لەمەوبەر کوردیان وەك نەتەوەیەك زانیوە کە هەڵگری ئەو توخمانە بووە کە خۆیان بۆ پێناسەکردنی نەتەوە دایانڕشتوە.

جۆرەکانی نەتەوە لە پێوەندیی لە گەڵ دەوڵەتدا

ئا: نەتەوە مێژووییەکان: ئەم جۆرە نەتەوانە بەر لە پێکهاتنی دەوڵەتەکەیان لە ئارادا بوون. لێرەدا پێکهاتنی دەوڵەت ئاکام و بەرەنجامی بوونی نەتەوەیە و نە پێچەوانەکەی، وەك نەتەوەی یەهوود کە تا پێش لە پێکهاتنی دەوڵەتی ئیسرائیل نەتەوەی بێدەوڵەت بوون و دواتر بوونە نەتەوەی دەوڵەتدار.

ب: یەك نەتەوە ـ یەك دەوڵەت: ئەم جۆرە دەوڵەتانە تەنیا یەك نەتەوەی پێکهاتوو لە خەڵکێکیان لە خۆ گرتووە کە لە باری کولتووری و زمانییەوە تا رادەیەکی زۆر هاوچەشن و یەکدەستن. وەك ژاپۆن لە ئاسیا، ئیسلەند و واتیکان و لیختن ئیشتاین لە ئوروپا، لێسۆتۆ لە ئەفریقا.



پ: نەتەوە بێدەوڵەتەکان: ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی دەوڵەت نین، ئەم جۆرە نەتەوانە کۆنترۆڵیان بەسەر خاك و نیشتمانی خۆیانەوە نیە و لە نێوان دوو یان چەند وڵاتی دراوسێدا دابەش بوون یان لە ناو وڵاتێکدا لە لایەن دەسەڵاتی داگیرکەرەوە لە مافی سەروەریی نەتەوەیی خۆیان بێبەری کراون. ئەمانە بەشی هەرە زۆری نەتەوەکانی جیهان پێك دێنن و بە زیاتر لە ١٦٠٠ نەتەوە دەخەملێنرێن، وەك نەتەوەکانی کورد، بلووچ، تامیل، گیلەك و ... . لە بیرمان نەچێ کە لە پێودانگی جیهانیدا کورد وەك گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت دەژمێردرێ لە ئاستی جیهاندا.

ت: نەتەوە بێدەوڵەت و بێنیشتمانەکان: وێنەی کلاسیکی ئەم جۆرە نەتەوانە وەك رومانەکانی ئوروپا "کولیها".

ج: یەك نەتەوە ـ دوو دەوڵەت یان یەك نەتەوە ـ چەند دەوڵەت: وەك نەتەوەی کورە کە لە دوو وڵاتی کورەی باکوور و باشوور دا دەژین یان نەتەوەی عەرەب کە لە زیاتر لە بیست دەوڵەت دا دەژین.

چ: دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکان: لەم جۆرە دەوڵەتانەدا زیاتر لە نەتەوەیەکی سەربەخۆ بوونی هەیە، وەك ئێران و هیندوستان و... .

ح: دەوڵەتە دوو نەتەوەییەکان (دولتهای دو ملیتی): جۆرێکی تایبەت لە دەڵەتە فرەنەتەوەییەکان. لەم جۆرە وڵاتانەدا دوو نەتەوە هەن وەك چێکۆسلۆواکی پێشوو و بێلژیك (پێکهاتوو لە دوو نەتەوەی والون و فلامان) و قێبرێسی پێشوو (پێکهاتوو لە تورك و یوونانی).

خ: دەوڵەت ـ نەتەوە کەرتبووەکان: ئەو دەوڵەتانەی کە تەنیا بەشێك لە نەتەوەکە لە خۆدەگرن وەك دەوڵەتی کۆماری ئازەربایجان کە تەنیا بەسەر بەشێك لە سەرزەوی ئازەربایجان حکوومەت دەکا و هەروەها بەشێك لە وڵاتانی عەرەبیش دەچنە ئەم ریزبەندییەوە.

د: دەوڵەتە بێنەتەوەکان: بەشێك لە خاوەن ڕایان ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی دەوڵەتی مێژوویی نین بە دەوڵەتی بێنەتەوە دەژمێرن وەك کوێت و شێخنشینەکانی کەنداو.

شیکردنەوەیەکی کورتی ناسیۆنالیزم بەگشتی و ناسیۆنالیزمی فارس بە تایبەتی

ناسیۆنالیزم یان نەتەوایەتی بەرهەمی ئارمانجە سیاسییەکانی نەتەوەیەکە و خۆی لە خۆیدا رەنگدانەوەی ویستی گشتیی دانیشتوانی قەڵەمڕەوێکی جوغرافیاییە بۆ دەستەبەرکردنی شوناسێکی یەکدەست و بەربڵاو، بە جۆرێك کە تەواوی تاکەکان خۆیان بەستراوە بەم شوناسە یەکدەست و گشتگیرەوە بزانن و شێوەی ژیان و چارەنووسی خۆیان بەوە گرێ بدەن، بە دوای قازانجی نەتەوەیی هاوبەش دا بگەڕێن و خۆیان لە بەرامبەر نەتەوەدا بە دەروەست و بەرپرس بزانن.

ناسیۆنالیزم بە کارکردن لەسەر بیری نەتەوەیی و داڕشتنی ستراتێژی نەتەوەیی و گرتنەبەری گوتاری نەتەوەیی یەکدەست هەوڵ دەدا بۆ دەستەبەرکردنی پێناس(هویت)ی نەتەوەیی و دابین کردنی مافی نەتەوەیی. ناسیۆنالیزم وەك دیاردەیەکی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی ئێجگار ئاڵۆز لە لایەن بیرمەندانەوە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. ئەو پێناسانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو روانگە و مێتۆدانەی کە ئەو بیرمەندانە کاریان لە سەر کردوە. ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی مودێڕنە و لە راستیدا ئەو روانگە و بۆچوونەیە کە دەوڵەتی مودێڕنی دروست کردوە. بە واتایەکی‌تر ناسیۆنالیزم ئەو سیاسەت و بیر و بۆچوونە سیاسییەیە کە دەیەوێ مەشرووعییەتی دەوڵەت و دەسەڵاتی مودێڕن لە سەر بناغەی نەتەوە رێك بخا، واتە نەتەوە دەبێتە بناغە و پایەی مەشرووعییەتی دەسەڵاتی سیاسی.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە ناسیۆنالیزم بە شێوەی گشتی دوو چەمك لەخۆی دەگرێ:
ئەلف: سەربەخۆیی واتە ئەو نەتەوەیە دەبێ سەربەخۆ بێ یان هەوڵ دەدا سەربەخۆ بێ یان بە دەربڕینێکی‌تر نەتەوایەتی واتە هەوڵدان بۆ شێوەیەك سەربەخۆبوون لەوانی‌تر یان با بڵێین شێوەیەکە لە جیاوازیی بەرامبەر ئەوانی دی. ب: هەوڵدان بۆ سەروەری (مبدأ حاکمیت).

ناسیۆنالیزم پاش سەدەی حەڤدە هاتۆتە ناو زاراوەی سیاسییەوە، بەڵام شوینیزمی فارس ناسیۆنالیزمی فارس دەگەڕێننە بۆ سەردەمی هەخامەنشی و یەکەمین پاشای هەخامەنشییەکان واتە کوورش و هەندێکیشیان دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی پاشایەتیی داریووشی مەزن کە بە وتەی ئەوان کاتێك ناوبراو تاجی پاشایەتیی لە سەر ناوە گوتوویەتی: " من داریووشم، پاشای مەزن، شای شایان،



شای وڵاتان.... فارسێك، کوڕی فارسێك و... . بەپێی هەندێك بۆچوونیش بە پەرەسەندنی ئایینی شێعە، ئەم ئایینە زۆربەی کات یەکێك لە کۆڵەکەکانی ناسیۆنالیزمی فارس بووە و ئەم ناسیۆنالیزمەی پەرە پێداوەو هەندێ جاریش وەك ناسیۆنالیزمی ئایینی ناوی دەبەن.

هەرچۆنێك بێ، بە بۆچوونی مێژووزانان ناسیۆنالیزمی فارس لە سەردەمی مەشرووتەدا سەرهەڵدەدا و لە لایەن رەزاخانەوە پەرەی پێدەدرێ و نەشونما دەکا. ناوبراو بە مەبەستی برەودان بە ناسیۆنالیزمی فارس و پاك کردنەوەی زمانی فارسی لە وشەی بێگانە یەکەمین فەرهەنگستانی زمانی فارسی دامەزراند و هەروەها بە شێوەی رەسمیی ناوی ئێرانی لەسەر وڵات دانا و داوای لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کرد کە بە جێی وشەی پێرشیا لە وشەی ئێران کەڵك وەرگرن (هەڵبەت وشەی ئێران لە زمانی ئەوێستاییدا بە "ئەئێریە، لە فارسی باستاندا بە "ئێریە" و لە سانسکریتدا بە "ئاریە" و لە زمانی پەهلەویدا بە "ئێرانویچ" و ... هاتوە و تا بەر لەو سەردەمە بە پێرس و پارس و پێرشیا و ئێران ناو دەبرا) . نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە لە بەراوردکردنی وشەی ئێران لە گەڵ وشەی پارس و پێرشیادا، ناوی ئێران بەربەرینترە و دەفرایەتییەکی زیاتری هەیە بۆ ئەوەی تەواوی نەتەوە و کەمایەتییە جیاوازەکان لە خۆبگرێ و ئەوە راستییەکە کە وشەی ئێران یەکێتیی خوڵقێن ترە لە وشەی پارس. رەزا شا هەر بەوەوە نەوەستا و بە پەنابردنەبەر سیاسەتی شوینیستانە و توندوتیژانە، حاشای لە بوونی ناسنامەی نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا کرد و هەوڵیدا قسەکردن بە یەك زمان و یەك پۆشی بۆ هەمیشە بەسەر گەلانی دیکەی ئێراندا بسەپێنێ و ئەم سیاسەتەشی بۆ دەسەڵاتدارانی دوای خۆشی بە میرات مایەوە و پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی نەك هەر وەلانەنرا، بەڵکوو تێکەڵ بە رادیکاڵیزمی ئیسلامی کراو و نکۆڵی و سەرکوتەکانیش چەند قات بوونەوە. بەڵێ، بنەماڵەی پەهلەوی بە شێوازی دیکتاتۆرانە و بە پشت بەستن بە ناسیۆنالیزمی فارس، زیاتر لە پەنجا ساڵ حکوومەتیان کرد و لەو ماوەیەدا، هەندێك لە بەناو رووناکبیران و سیاسەتوانان و نووسەرانی ئەو سیستمە، پەرەیان بە ئایدیای نیگەتیڤ و دووبەرەکی خوڵقێنی شووینیزمی فارسدا و بە دەستێوەردان لە سیستمی پەروەردە و فێرکردن و

گرتنەدەستی میدیاکان، گەرای کولتوورێکی مۆنۆلۆگیان لە وڵاتدا چاند و سووکایەتیی-کردن بە نەتەوە غەیرەفارسەکان و مەلایی و لەسەرتردانانی خۆیانیان کردە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شووینیزمی فارس. پێویستە ئەوەش بڵێم کە شووینیزمی فارس لەو بڕوایە دایە کە ئێران و فارس (پێرشیا) هەردووکیان ناوی یەك وڵاتە و بەم پێیە بە سەرنجدان بە ئامانج و مەبەستەکانیان هەر تاوەی ناوی یەکێکیان دێنن، ئەوانە لە وەرگێڕانی سەرچاوە کۆنەکاندا لە هەر جێیەکدا باس لە قەومی فارس دەکرێ زۆر بە ئاسانی لە وشەی ئێران بەجیاتی ناوی فارس و پێرشیا کەڵك وەردەگرن و هەر رووداوەی کە تایبەت بە نەتەوەی فارسە وانیشان دەدەن کە ئەوە گوزارشت لە تەواوی ئێران دەکا، واتە وادەنوێنن کە لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە وڵاتێك بە ناوی ئێران لە گۆڕێ دا بووە. بە کورتی بنەمای ناسیۆنالیزمی شووینیستی فارس لە سەر بناغەی نکۆڵی و دوژمنایەتی لە گەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران دامەزراوە و هەر بەم پێیەش کۆمەڵە بۆچوونێکیان ناوخۆیاندا پەرەپێداوە.

**ناسیۆنالیزمی فارس پەرۆشی چییەتی و دەیەوێ بە چ ئاراستەیەکدا بڕوا؟ بە واتایەکی‌تر بانگەشە و بنەماکانی ناسیۆنالیزمی فارس کامانەن؟**

تەواوی گرووپە ناسیۆنالیستەکانی فارس لە پان ئێرانیستەکانەوە بگرە تاکوو ناسیۆنالیستەکانی ناو تەیفی پاشایەتی‌خواز و نەتەوەیی و ئیسلامییەکانیانەوە لەسەر ئەم چەمکە داتاشراو و پێکەوە نەگونجاوانەی خوارەوە کۆکن و دەسەڵاتی سیاسی و شووینیستەکانی نەتەوەی باڵادەست وەستایانە و بە مەیل و دڵخوازی خۆیان گوزارشتی لێدەکەن و بۆ مەبەستە تایبەتییەکانی خۆیان لە ئاقاری ئێران و ئێرانی‌بوون و ... دا کەڵکی لێوەردەگرن!!

**ئەلف: پاراستنی یەکپارچەیی خاك (حفظ تمامیت ارضي) و تۆقان لە ئەگەری دابەشبوون!**

هەرچی پانیرانیست و شووینیستی فارسە، لە بیری ئەوەدایە و کار بۆ ئەوە دەکا کە سنوورەکانی ئێرانی ئێستا بۆ سەردەمانی ئیمپراتۆری سەفەوی و پێشتر بگەڕێنێتەوە و ئێستاش لە خەون و خەیاڵی خۆیاندا وڵاتانی سەرەوەی ئێران، بەشی هەرە زۆری پاکستان و ئەفغانستان و ئێراق و بەشێك لە تورکیە و وڵاتانی کەنداو بە



بەشێك لە خاکی ئێران دەزانن و دەڵێن دەبێ سەردەمانێك ئەو شوێنانە بە هەر شێوەیەك بێ بخرێنەوە سەر خاکی ئێران! بەڵام بەشەکەی دیکەی ناسیۆنالیزمی فارس (ناسیۆنالیزمی میانەڕۆی فارس) لە بیری ئەوەدایە کە بە هەر شێوەیەك بێ قەوارەی ئێستای ئێران بپارێزن. ناسیۆنالیستەکانی فارس کاتێك تەنگانەیان دێ و بە قەولێك هەست بە مەترسییەك بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران دەکەن، خۆیان دەکەنە دڵسۆزی کورد و دەڵێن کوردەکان ئێرانی‌ترین قەومی ئێرانن! کوردەکان رەسەنترین نەژادی ئارپایین و کوردەکان قەومێکی بەغیرەت و سنوورپارێزن. بەراستی بۆ هیچکات ناڵێن: کوردانی بیرمەند، کوردانی رووناکبیر و ئەدیب، کوردانی هونەرمەند و هەڵکەوتە، کوردانی سیاسەتوان و بژاردە؟ مەگەر نەتەوەی کورد تەنیا بۆ نگابانی و سەربازی و سنوورپارێزی خوڵقێنراوە؟ مەگەر کوردەکان بیرمەند و سیاسەتوان و رووناکبیر و مێژووزان و ... نیە؟ بۆچی ناوێك لەوان لە پەرتووکە دەرسییەکاندا نابینرێ؟ هەرچەند کوردەکان نرخێکی زۆریان بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران داوەو بەردەوام لە گەڵ گەلانی دیکەی ئێران بە گژ هێرشبەران دا چوونەتەوە (بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە بە هەزاران رۆڵەی کورد لە شەڕیماڵوێرانکەری ئێران و ئێراقدا وێڕای سەربازانی دیکەی ئێران بۆ بەرگریی لە وڵات گیانی خۆیان کردە قوربانی و تەنانەت رێبەری هەڵکەوتووی کورد نەمر د.قاسملوو لە وتووێژ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێراندا پێیانی راگەیاندبوو کە بێتوو ئەوان مافەکانی گەلی کورد بە رەسمی بناسن، ئەوا کوردەکان ئامادەن لە گەڵ هێزەکانی ئێران بچنە سەنگەرێکەوە دژ بە رێژیمی ئەو کاتی ئێراق)، بەڵام ئەم گیانبازی و نیازپاکییە ئێستاشی لە گەڵ بێ هیچ خێروبێرێکی بۆ کورد بە دواوە نەبووە و لە لایەن کاربەدەستانی تارانەوە هەروا بە چاوی ئەمنییەتیی سەیری خۆی و مەسەلەکەی کراوە و دەکرێ و بە تەواوی خراوەتە پەراوێزەوە.

کوردەکان ساڵانێکی دوور و درێژە داوای دادپەروەری و یەکسانیخوازی دەکەن و لە مێژە حیزب و رێکخراوە کوردییەکان هۆگریی خۆیان بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی دیمۆکراتیك بە لەبەرچاوگرتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ تەواوی کەمەنەتەوەکان نەشاردۆتەوە و بە راشکاوی رایانگەیاندوە کە، بەرنامەی ئەوان، سڕینەوەی نابەرابەری

و هەڵاواردنی نەتەوەییە لە ئێراندا. بەڵام بە داخەوە پێبەپێی مەیلی بەرابەریخوازانە لە نێوان ئەم ڕەوتانەدا، هەوڵی کەسایەتی و کۆڕوکۆمەڵی ڕۆشنبیری فارس (لە ئۆپۆزیسیۆنەوە تاکوو ڕەوتەکانی ناو حکوومەت) هیچکات هاوئاهەنگ نەبووە لە گەڵ نیازپاکی و مەیلی بەرابەریخوازانەی کوردەکان.

مۆتەکەی دابەشبوونی ئێران، کە بێشك لە لایەن کۆماری ئیسلامی و شوینیزمی فارسەوە بانگەشەی بۆ دەکرێ، تاکوو ئێستا وەکوو تاکتیکێکی ناکۆکی‌نەرانە، کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی کورد و نەتەوەکانی تر و هەروەها دوورکەوتنەوەی ئەم ڕەوتانە لەگەڵ تەنانەت هێزە دیمۆکراتیك و دژەسەرەڕۆییەکانی سەرانسەری داناوە. گەرچی کەسانی وەك کەرووبی لەم دواییانەدا دانیان بە فرەقەومی (لە ڕوانگەی ئێمەوە فرەنەتەوەیی) ئێراندا هێناوە و بە وتەی موحسێن سازگارا، ڕەفسەنجانیش کاتی خۆی دانی بە فرەڕەگەزبوونی ئێراندا هێناوە و پێیوابووە کە تەنیا ڕێبەرایەتیی ئایینی دەتوانێ پێکەوەیان بێڵێتەوە و بە قەولی ئەو ئەگەر ڕێبەرایەتیی ئایینی نەبێ ئێران پارچە پارچە دەبێ! ! شاش کاتی خۆی وای بیر دەکردەوە و دەیگوت ئەگەر من نەبم ئێران دەبێتە ئێرانستان و ئەوە شاش ڕۆیشت و ئێران نەبوو بە ئێرانستان و ئێستاش بەشی هەرەزۆری ئۆپۆزیسیۆنی کورد و گەلانی-تری ئێران، فیدرالیزم(پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە)یان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری داهاتووی ئێران وەك گونجاوترین میکانیزم هەڵبژاردوە و کاری بۆ دەکەن، چونکە فیدرالیزم لە ئەنجامدا سەنترالیزم و شووینیزم دەڕەوێنێتەوە و دەسەڵات بەسەر هەرێم و نەتەوە جیاکاندا دابەش دەکا. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و شوینیزمی فارسیش بۆیە دژایەتی فیدرالیزم دەکەن، چونکە چەسپینی ئەم جۆرە دەسەڵاتانە، دەبێتە هۆی ئەوەیکە دەسەڵاتی ناوەند کەم بێتەوە.

نەتەوەی ئێران (ملت ایران): بە چاوخشاندنێکی خێرا بە وڵاتانی جیهاندا، بۆمان دەردەکەوێ کە کەمتر وڵاتێك هەیە کە لە نەتەوە و نەژادێکی یەکدەست پێکهاتبێ، لە زۆرێك لە وڵاتاندا، دەوڵەتانی چەند نەتەوەیی پێك هاتوون کە هەریەك لەو نەتەوانە خاوەنی زمان و کولتووی تایبەت و خاکی دیاریکراوی خۆیانن و پێکەوە حکوومەتی ناوەندیی بە شێوەی فیدراڵ بەڕێوە دەبەن و وەها سیستمێك لە وڵاتانی پێشکەوتوودا



بە تەواوی جێکەوتووە. ئێرانیش وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا زیاتر لە یەك نەتەوەی سەربەخۆ هەیە. فرەچەشنی نەتەوەیی لە ئێراندا سێ بەرابەری تورکیەیە و ئەم وڵاتە لە گۆشەنیگای فرەنەتەوەییەوە لە ڕیزی وڵاتانی هێندوستان و پاکستان دایە کە ئەمانەش لە سەرەوەی وڵاتانی ناهاوچەشنی نەتەوەیی لە جیهان دان و دانیان بە فرەنەتەوەبوونی خۆیاندا هێناوە، بەڵام بەو حاڵەش فرەچەشنی نەتەوەیی لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە قبووڵ نەکراوە و ئەمەش وەك سیاسەتی ڕەسمیی لە لایەن دەوڵەتەوە پێڕەو دەکرێ.

دەستەواژەی نەتەوەی ئێران بۆ یەکەمینجار قانوونی مەشرووتەدا هاتووە و لە سەردەمی پەهلەوی‌دا خرایە خانەی جێ بە جێ کردن و پڕاکتیزە کردنەوە( لەو سەردەمەدا بە جیدی هەوڵ دەدرا بۆ چەسپاندنی یەك نەتەوە، یەك زمان و یەك کولتوور لە ئێراندا) و دواتر لە لایەن دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی و پان ئێرانیستەکانیشەوە پەرەی پێدراوە و کاری بۆ دەکرێ کە بە تێپەڕینی زەمان ئەو وەهمە لە بیر و زەینی گەلانی ئێراندا چێ بکەن، کە ئێران لە یەك نەتەوە پێکهاتوە ئەویش نەتەوەی ئێرانە! ! ئەوانە لە پرسەکانی پێوەندیدار بە چەند کولتووری، مافە نەتەوەیی و زمانییەکان و بە گشتی چەمکە بنەڕەتییەکانی مودێرنیتە، دیمۆکراسی و مافی مرۆڤی هاوچەرخ بە تەواوی دوور کەوتوونەتەوە. بنەمای تیۆریکی وتار و هەڵسەنگاندنەکانی بژاردە (نخبە) فەرهەنگی و سیاسییەکانی فارس، سەرەڕای ئەندام-بوونی چوار نەتەوەی نیشتەجێ لە ئێران (کورد، عەرەب، بلووچ و تورك) لە ڕێکخراوی نەتەوە بێ‌دەوڵەتەکاندا، هێشتا لەسەر پێش‌گریمانەگەلێکی وەهماوی و چەوتی وەك نەتەوەی ئێران و ... مکووڕ و پێداگرە. لە ڕوانگەی منەوە دەستەواژەی "نەتەوەی ئێران" جۆرێکە لە نەتەوەسازیی زۆرەملێ کە زیاتر جەخت لە سەر یەك وڵات و یەك زمان دەکاتەوە و بە پشت بەستن بە سیاسەتی نکۆڵی و سەرکوت، حاشا لە فرەنەتەوەبوونی ئێران دەکا و بە چڕی کار بۆ ناوەندچییەتی دەکا. پەرەپێدەرانی ئەم چەمکە مەبەستیان لە نەتەوەی ئێران، بێ‌ئەملاوئەولا نەتەوەی باڵادەست واتە فارسە، یانی ئەوانەی کە زمانیان فارسییە. ئەمەش بە دیوەکەی‌تری‌دا واتە نکۆڵی‌کردن و بەهێندنەگرتنی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران و بە قەومدانانیان و لە ئەنجامدا

تواندنەوەی نەتەوەکانی ئێران لە کەسایەتیی فارسدا. ئەمانە وادەنوێنن کە نەتەوەکانیتری ئێران قەوم و لقوپۆپی نەتەوەی باڵادەستن و بەکورتی ئەم چەمکە واتە تواندنەوەی گشت نەتەوەکانیتر لە ناو نەتەوەی فارسدا و لە هەندێ شوێنیشدا وەك پرۆسەی نەتەوەی ئێران خستوویانەتەڕوو. ئێستاش دەبینین کە پاش سەدەیەك هەوڵ و تەقالای بەردەوام بۆ نەتەوەسازی دەوڵەتی، هێشتا لە ئێراندا نەتەوەیەك بە ناوی نەتەوەی ئێران و شوناسێك بە ناوی شوناسی نەتەوەی ئێرانی چێ نەبووە، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەست و ئینتمای نەتەوەیی نەتەوەکانی دیکە بە پێناس و زمان و کولتووری نەتەوەیی خۆیان و نەتوانەوەیان لە پێناسی نەتەوەی باڵادەست دا.

بە دامەزرانی کۆماری ئیسلامی و بێتوانایی ئەم حکوومەتە لە چارەسەرکردنی ژیرانەی پرسی نەتەوەیی لە ئێراندا، نە تەنیا ناکۆکی و کەلێنی پێناسی نەتەوەیی، ناوچەیی و زمانی و ... نێوان نەتەوەکانی ئەم وڵاتە زیاتر قووڵ بوونەوە، بەڵکوو پەرچەکرداری ئەوان لە بەرامبەر کردەوەکانی رێژیمدا بووە هۆی رابوونی زیاتری هوشیاری و هەستی نەتەوەیی و پەرەسەندنی گوڕوتینی ئینتیمای نەتەوەیی و بە تایبەتی لەم دوو دەیەی دواییدا کەلێنی نێوان پێناسی نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێران زیاتر بووە.

هەرچۆنێك بێ، جێگە و پێگەی نەتەوەی کورد لە پرۆسەی نەتەوەی ئێراندا نە تەنیا نکۆڵی لێکراوە و بەدانستە لە بیرکراوە بەڵکوو هیچ رۆڵێکیشی لە هاوسەنگییەکاندا بۆ دیاری نەکراوە. تەنانەت عەرەبەکانی پارێزگای عەرەبستان (کە رەزاشا ناوەکەی گۆڕی بۆ خووزستان)یش کە لە نەتەوەیەکی بە زمان و شوناسی جیاواز لە فارس پێکهاتوون، لە هەر مافێکی دیمۆکراتیك و مرۆیی بێبەرین و زمان و شوناس و کولتوور و ئازادییەکانییان کەوتۆتە بەر هێرشێکی سیستماتیك دەسەڵاتی ناوەند و هیچکام لە نەتەوەکانی ئازەری و بلووچ و تورکەمەن و ... لە سەر ویستی خۆیان و ئاگایانە رەگەڵ نەتەوەی ئێران یان دەوڵەتی ئێران نەکەوتوون.

نەتەوەی ئێرانی ئیسلامی (امت ایران اسلامی): ئەم چەمکەش داتاشراوی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە و لە دوو بەشی تێکەڵپێکەڵ و نەساز دەگەڵ



یەکدی پێکهاتوە واتە ١: نەتەوە و ٢: ئێرانی ئیسلامی. لێرەشدا مەبەستیان لە نەتەوە هەمان فارسەکانە و ئێرانی ئیسلامیش لە روانگەی ئەوانەوە یانی ئەوانەی کە ئایینەکەیان شیعەیە و بەم پێیە سوننیەکان و کەمایەتییە ئایینییەکانیتر هیچکام لەو دوو بەشە نایانگرێتەوە و بوون و نەبوونیان پشتگوێ خراوە و دانیان پێدا نەهێنراوە و بە دیوێکیتریشدا لەم چەمکە ئاڵۆزبالۆزەدا شیعە غەیرەفارسەکانیش تەنیا دەچنە خانەی ئێرانی ئیسلامییەوە و لە بەشی "نەتەوە"دا پشکێکیان پێنابڕێ.

ئێرانی یان ئێرانییەکان (پەرەپێدان و پاراستنی شوناسی ئێرانی): لە روانگەی ناسیۆنالیستە فارسەکانەوە ئێرانی یان ئێرانییەکانیش هەمان فارسەکانن و ئەمانە بەردەوام کار لەسەر ئەوە دەکەن کە فارس ئێرانییە و پێچەوانەکەشی ئێرانی فارسە! بەڵێ! "ئێرانی" تەنانەت لە زمانی خەڵکی ئاسایی و کۆڵان و بازاڕیش دا و هەروەها لە روانگەی بەشێك لە بژاردەکانەوە، هاومانی "فارسی"یە و ئەگەریش بە مانای ئینتما بە "نەتەوەی ئێران"ەوەیە دیسانەوە بۆخۆی کارەساتێکە.

کۆماری ئیسلامیش مەبەستی لە ئێرانی راستەوراست ئینتما (تعلق) بە "نەتەوەی ئێران"ە! کە لەسەرەوە باسمان کرد کە مەبەستیشیان لە نەتەوەی ئێران چییە؟! یان خود ئەوەکە مەبەستیان ئەوەیە کە ئێرانی واتە هاووڵاتی دەوڵەتی ئێران، کە دیارە دەوڵەتی ئێرانیش لە لای ئەوان هەڵگری چ مانا و واتایەکە.

سەرەڕای ناهاوچەشنی و لێڵی لە چەمکی "شوناسی ئێرانی" کە جەختی لەسەر نەتەوەی ئێران! دەکاتەوە، تەواوی ئەو لایەنانەی خوازیاری ئێرانێکی یەکگرتوو و یەکپارچەن داوا لە نەتەوە غەیرەفارسەکان دەکەن کە ئەو پێناسەیەی کە ئەوان بۆ شوناسی ئێرانی دەیکەن قبووڵی بکەن و نەکەونە بیری "جیاییخوازی" و شتی لەم بابەتە، کە سەپاندنی ئەم بۆچوونەش بەردەوام ناسیۆنالیزمێکی کوێر و سیستمێکی تۆتالیتێری لێکەوتۆتەوە و بەرەنجامی ئەمەش جگە لە پێشێلکردنی مافی شارۆمەندی نەتەوەکانیتر و هەڵاواردن و پێخوست کردنی سیستماتیکی مافی نەتەوەکانی دیکە شتێکیتری بەدواوە نەبووە. هەرچۆنێك بێ، بەپێچەوانەی ئەوەیکە شووینیستەکانی فارس و دەوڵەتی ئێران ئیدیعای دەکەن نە "شوناسی ئێرانی لە مێژوودا لە قاڵبەکانی ئوستوورەیی ـ ئەفسانەیی، دینی ـ ئایینی، نەژادی ـ رەچەڵەکی و نە شوناسی

ئێرانی لە زمانناسی مودێرن دا بە مانای بنەماڵەی زمانی و نە لە ئەدەبیاتی سیاسی هاوچەرخ بە مانای شوناسی هاووڵاتی‌بوون، هیچکات هەڵگری واتای نەتەوەیی نەبووە"و ئەوەی ئێستاش وەك شوناسی ئێرانی ناوی دەبردرێ تەنیا واتایەکی دەسکردە بە ئاقاری پرۆسەی نەتەوەسازی ـ فارس‌سازی دا. ئێران لە رابردوودا وڵاتێکی فرەقەوم بووە و هەنووکە وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لە نێوان ئەم نەتەوانەشدا، نەتەوە یان زمانێك بە ناوی ئێرانی و لە ئاکامدا شوناسێکی نەتەوەیی بە ناوی ئێرانی بوونی دەرەکی نیە. ئەمڕۆ ئیتر ئێرانی وەکوو فەڕانسەیی و ئاڵمانی و ئیسپانیایی و ... تەنیا وەسفی شارۆمەندییە نەك نەتەوە و نەتەوایەتی. ئێرانی، کەسێکە کە ناسنامە و پاسپۆرتی ئەو وڵاتەی هەیە. بە دەربڕینێکی‌تر، شوناسی ئێرانی لە پێوەندی لە گەڵ بوونی هاووڵاتی دەوڵەتی ئێران و بە مانای بەهرەمەندبوون لە مافی شارۆمەندی و پشتیوانی قانوونی ئەم دەوڵەتە لە هاووڵاتییانی خۆی و هەروەها بەجێهێنانی ئەرکی شارۆمەندی‌دا پێناسە دەکرێ، نەك لە فۆرمی "شوناسی نەتەوەیی ئێران" و لە سەر بنەمای فاکتەرگەلی نەتەوەیی، زمانی، کولتووری، مێژوویی و یان نەژادیی نەتەوە یان قەومێکی تایبەت. "هەروەها لەوەڕا کە |ئێرانی| ناوی نەتەوە یان قەوم و نەژاد و رەچەڵەك و کولتوور و زمان و یان ناوی هیچ شوناسێکی نەتەوەیی دیار و دەستنیشانکراو نیە، بەم پێیە قسەکردن لە نەتەوەی ئێران، ئەدەبیاتی نەتەوەی ئێران، مۆسیقای ئێرانی، کولتووری ئێرانی، فەلسەفەی ئێرانی، روحی ئێرانی، هونەری ئێرانی، سەمای ئێرانی و... بە قەرای قسەکردن لە شوناسی نەتەوەیی ئێرانی بێ-بنەمایە و لەراستیدا نکۆڵی‌کردنە لە بوون و شوناسی نەتەوەکانی نیشتەجێ لەو وڵاتەدا و برەودان بەم چەمکانە راستەوراست ئاخێو (گفتمان)ێکی نەژادپەرستانە و پانیرانیستییە. بە کورتی و بە کوردی لە ئێراندا کولتوور، زمان، مۆسیقا، سەما، فەڕش،... و تورکی، فارسی، کوردی، بلووچی، عەرەبی، گیلەکی، تورکەمەنی و... بوونیان هەیە و هەموومان بەشێکین لە شارستانەتیی ئێران بەڵام یەك نەتەوە و یەك کولتوور و ... ئێرانی بوونی نیە. بەم پێیە و بە سەرنجدان بەو ستەمانەی کە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دژ بە نەتەوەی کورد جێبەجێ دەکرێ بە قەوڵی ناسری ئێران‌پوور "گرفتی زۆرم لەگەڵ ئێرانی بوونی خۆم بە پێناسەی حکوومەتی و تەنانەت بەو



شێوەیەی لە ناو خەڵك و رووناکبیراندا باوە هەیە، بە بۆچوونی من ئەم ئێرانە زیندانی گەلەکەمە، کە واتە چۆن دەتوانم پێوەندیی خۆشویستن و سۆزداری لەگەڵ ساز بکەم کە پێویستیی هەر ئینتمایەکی نەتەوەییە".

دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە باسی ئێرانی بوون دا، ئەگەر زمان و نەژاد و شتە هاوبەشەکان پێوەر بێ، دەبێ ئەوە بزانین کە فارسەکانی شیراز و قوم و ئیسفەهان لە گەڵ فارسەکانی ئەفغانستان وتاجیکستان خاڵی هاوبەشییان زیاترە تاکوو لەگەڵ ئێمە کورد و بلووچ و عەرەب و ئازەرییەکان و دەسەڵات و شووینیزمی فارس دەبێ ئەوان بە ئێرانی دابنێ! ! !

ناسیۆنالیزمی ئێرانی: ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە لە لایەن ناسیۆنالیزمی فارسەوە نوێنەرایەتیی دەکرێ، بە هیچ شێوەیەك شوناس و هێمای نەتەوەکانی‌تری پێوە دیار نیە و لە هەموو جێیەك ناسیۆنالیزمی فارس خۆی بە تاقانە نوێنەری ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە قەڵەم دەدا و لەم تێزەشدا هەر وەك ئەوەی لە ئێراندا تەنیا نەتەوەیەك هەبێ، نەیانهێشتووە مۆرکی نەتەوایەتی هیچکام لە نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێرانی پێوە دیار بێ و ئەمەش زیاتر لە لایەن زۆربەی هەرەزۆری رەوت و لایەنەکانی فارس و هەروەها دەسەڵاتەوە پەرەی پێدەدرێ و کاری بۆ دەکرێ و بۆ برەودان بەمەش تەنیا و تەنیا نەتەوەی فارس وەك سەرچاوە و ژێدەر دانراوە و وەك پێکهێنەر و رۆڵگێڕی سەرەکیی ئەو چەشنە ناسیۆنالیزمە دەوردەگێڕێ و نەتەوەکانی‌تر بە تەواوی لە پەراوێز خراون، بەم پێیە واباشترە بە جێی ئەم چەمکە پاوانخواز و هاوردراو (وارداتی)ە بڵێین ناسیۆنالیزمی باڵادەست یان ناسیۆنالیزمی فارس.

بە قەومدانانی نەتەوە غەیرەفارسەکان لە ئێراندا: بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چەمکی قەوم و قەومییەت بەباشی دەزانم کە کورتەئاوڕێك لە پێشەکی کتێبی "قەومییەت و ناسیۆنالیزم، دوورەدیمەنەکانی مرۆڤناسانە" لە نووسینی تۆماس هایلەند ئێریکسۆن بدەین. ناوبراو دەڵێ: ""وشەی قەوم لە Ethnosی یۆنانییەوە وەرگیراوە (لە راستیدا وشەی Ethnikos لە بنەڕەتدا بە مانای کافر و بێدینە و ئەمەش لە ناوەڕاستەکانی سەدەی چواردە تاکوو نێوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە لە زمانی ئینگلیزی‌دا بەکاربراوە). لە شەڕی دووەمی جیهانی‌دا و لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا

دەستەواژەی قەومەکان وەك چەمکێکی بە ئەدەبانە بۆ جوولەکەکان، ئیتالیاییەکان، ئیرلەندییەکان و هتد بەکاردەبرا کە نزمتر لەو گروپە دەسەڵاتدارە گەورانە بوون کە بنەوبنەچەیان دەگەڕایەوە سەر بریتانیاییەکان. ئێستاش وشەی قەومییەت لە زمانی رۆژانەدا رەنگدانەوەیەکە لە "پرسەکانی کەمایەتی" و "پێوەندیی نەژادی"، بەڵام لە مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی‌دا ئاماژەیە بەو لایەنانەی کە لە پێوەندیی نێوان گروپەکان‌دا هەر خۆیان لەبەرچاوە و لەوانی‌تر وەك سەرمایەگەلێکی کولتووری جیاواز دەڕوانن. دەستەواژەی "گروپە قەومییەکان"یش بە مانای هێندێك بابەتی وەك "یەکنەتەوە" هاتوە". هەنووکە و لە زاراوەی سیاسی‌دا قەوم بە کۆمەڵە خەڵکێك دەڵێن کە کۆمەڵێك ویستی فەرهەنگی و ئیدارییان هەیە.

بەپێی ئەو پێناسەی سەرەوە لە ئێرانی ئەمڕۆدا قەوم واتە ئەو کەمایەتییانەی کە هێندێ کولتووری جیاواز لە نەتەوەی باڵادەستییان هەیەو لە پلەگەلێکی نزمتر لە نەتەوەی باڵادەست‌دان و بەکورتی لقێکی لاوەکی یان بەستراوە بەون! لە روانگەی فارسە شووینیستەکانیشەوە فارس پڕۆسەی قەومییەتگەرێتی بڕیوە و نابێ لە تەنیشت نەتەوەکانی‌تری ئێران‌دا وەك قەوم ناوی بهێنرێ! چونکە ئەوان پێیان وایە کە بۆ بوونە نەتەوە دەبێ قۆناغەکانی قەوم و گەل (خلق) ببڕێ و دواتر فۆڕمی نەتەوە بەخۆوە بگرێ.

دەوڵەت ـ نەتەوە: تیۆری دەوڵەت ـ نەتەوە لە لایەن ناپێلئۆن و پاش شۆڕشی فەڕانسە بنیات نرا کە لە هەمان سەرەتاوە بە توندوتیژیی نێوخۆیی و شەڕی خوێناوی لەگەڵ دونیای دەرەوە لە ئورووپا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێکرد و دواتر لە لایەن "هێگڵ"ەوە وەك سیستمێکی تیۆریکی هاتەگۆڕێ. لە بەرامبەر ئەم مودێلەش‌دا مودێلی "دەوڵەتی هاووڵاتی" هەیە کە ساڵی ١٦٨٩ لە بریتانیا و ١٧٧٦ لە ئەمریکا و ١٧٨٩ لە فەڕەنسادا ئەم مودێلە دامەزراوە، لەم مودێلەدا واتە دروست کردنی دەوڵەت لە سەر بنەمای شارۆمەندی یان لەسەر بنەمای هاووڵاتی کە تێیدا چارەسەری کێشە نەتەوایەتیی و نەژادی و کولتوورییەکان کراوە و هەر کام لەو نەتەوانە دەتوانن پەرە بە ناسنامە و کولتوور و تایبەتمەندی خۆیان بدەن. جیاوازیی سەرەکیی نێوان ئەم دوو مودێلە ئەوەیە کە "دەوڵەتی هاووڵاتی ئەو دەوڵەتەیە کە لە سەر بناغەی نەژادێك یان



نەتەوەیەك یان لەسەر بناغەی ناسنامەیەکی دیاریکراو دانەمەزراوە، هەموو ئەو کەسانەی کە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا دەژین، هەموویان بە هاووڵاتی پلە یەك دەناسرێن و دەوڵەت ناسنامەی نەژادی، فەرهەنگی یان ئایینی نیە بەڵکوو هەڵگری ناسنامەی هاووڵاتییە و لەم مودێلەدا چارەسەری کێشەی نەتەوە و فەرهەنگ و ناسنامەکانیش کراوە. بەڵام لە دەوڵەت ـ نەتەوەدا هەر دەوڵەتێك بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراوە و ئەم دەوڵەتە دەوڵەتی نەتەوەیەکە، فەرهەنگی نەتەوەیەکە، مێژووەکەی مێژووی نەتەوەیەکە، ناسنامەی نەتەوەیەکە و لە راستیدا ئەو چەشنە دەوڵەتە لە مێژوودا زۆرترین چەوسانەوە و کێشەی نەتەوەیی ساز کردوە".

هەم لە سەردەمی پاشایەتی و هەمیش لە سەردەمی رێژیمی ئیسلامی‌دا (هەندێك جار دەڵێن دەوڵەت ـ خەڵك) لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و شووینیستەکانەوە زۆر پێداگری لەسەر پڕۆسەی سەقامگیرکردنی دەوڵەت ـ نەتەوە (ئەویش دەوڵەت ـ نەتەوەی ئێرانی! کە لێرەش‌دا کتومت مەبەستییان لە دەوڵەتێکە کە هی فارسەکانە کە لەودا مافی هاووڵاتی‌بوون و مافی دیاری‌کردنی چارەنووس بۆ هەموان بەقەرای یەك دەستەبەر نەکراوە) دەکەن، چونکە ئەم چەمکە واتە تەنیا ئەوانەی کە دەوڵەتیان هەیە نەتەوەن و ئەوانەی کە نیانە نەتەوە نین و دەچنە خانەی قەومەوە! و هەر بەم پێیەش قەومییەت سازی و قەومییەت کوژی لە بەرنجامەکانی ئەم تیۆرییەن، کەواتە تیۆری دەوڵەت ـ نەتەوە لە ناخی خۆیدا، توندوتیژی‌خواز و توندوتیژی‌خوڵقێنە و دەتوانین بڵێین کە شەڕی دووهەمی جیهانیش لە ئاکامی زاڵ بوونی ئەم تیۆرییەدا هەڵەسوونی هێنا و پەرەی ساند. بەپێی ئەو تیۆرییە نەتەوە بە بوونی دەوڵەتەوە پێناسە دەکرێ و هەموو هاووڵاتییانی ئەو دەوڵەتە بەشێکن لە تەنیا نەتەوەیەك و هەر دەوڵەتەی کە لە دونیادا هەیە خاوەنی یەك نەتەوەیە و شووینیستەکانی فارس بەم پێناسە نادروستانەوە بە قەولی خۆیان بەو ئاکامە گەیشتوون کە:"لەوەڕا کە وڵاتی ئێران خاوەنی یەك دەوڵەتە، ناکرێ وەك وڵاتێکی فرەنەتەوە ناوی ببرێ". ئەم تیۆرییە لە دونیای ئەمڕۆدا بابەتێکی نابەجێ و نالۆژیکییە. بۆ وێنە بەپێی ئەم پێناسەیە دەبێ دەوڵەتی ئازەربایجان نەتەوە بێ بەڵام ئازەربایجانی ئێران نا! یان خود وڵاتانی عەرەبی نەتەوە بن بەڵام عەرەبەکانی خووزستان نەتەوە نەبن! یان بە دیوێکی دیکەدا

دەکرێ بڵێین کاتێك دەگوترێ "هەر دەوڵەتەی کە لە دونیادا هەیە خاوەنی یەك نەتەوەیە" کەواتە کورەی باکوور و باشووریش چونکە دوو وڵاتی جیان لە دوو نەتەوەی جیاش پێکهاتوون! ئەمە بۆ بیست و یەك وڵاتی عەرەبیش دەبێ هەروا بێ!لە کاتێکدا ئەوانە هەمووی سەر بە یەك نەتەوەن. لە لایەکی دیکەوە بوونە نەتەوە لە شەو و ڕۆژێکدا مەیسەر نابێ واتە ئەگەر وڵاتێکی پێکهاتوو لە چەند قەوم لێك-هەڵوەشێ و هەر قەومەی دەوڵەتی خۆی پێك بێنێ، داخوا یەك شەوە ئەو قەومانە دەبنە نەتەوە؟ بەپێی ئەم بۆچوونە نەتەوەکانی کرۆوات و سلۆواکی و چێك تا پێش لە هەڵوەشانی یوگسلاوی و چێکۆسلۆواکی هەر بوونییان نەبووە، ئەگینا چۆن لە ماوەیەکی کەمدا قۆناغی قەوم و گەل دەبڕن و دەبنە نەتەوە!! کەواتە دەکرێ بەو نەتەوانە تا پێش سەربەخۆبوونییان بگوترێ نەتەوە بێدەوڵەتەکان و نەتەوەکانی کورد و تورك و عەرەب و بلووچ و ... لە ئێرانیش وەك نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەژمێردرێن.

لە ئێراندا گەرچی سیستمی دەسەڵاتدار بە نیازی چێکردنی دەوڵەت ـ نەتەوە، دەیەوێ نەتەوەیەکی یەکپارچە بە زمان و کولتوور و مێژووی یەکدەستەوە بەرهەم بێنێ و ئەوەی تا ئێستاش وەك دەوڵەت ـ نەتەوەی فارس چێ بووە، لە ئاکامی تیرۆری سمکۆی شکاك لە شنۆ، قڵتوبڕی لایەنگرانی پیشەوەری لە تەورێز، لە سێدارەدانی قازی محەممەد و هاوڵانی لە مهاباد و سەرکوتی شێخ عەلی خەزعەل لە خووزستان و کوشتاری ڕۆڵەکانی بلووچ و تورکەمەن و دەکارکردنی سەدان سیاسەتی شووینیستی و جیاکارانە لە لایەن دەسەڵاتی باڵادەستەوە بیچمی گرتووە و بەڵام سەرەڕای ئەوانەش بەگشتی پرۆسەی دەوڵەت ـ نەتەوە ئێستاشی لە گەڵ بێ لە ئێراندا سەرکەوتوو نەبووە و لەگەڵ شکستی تەواو بەرەوڕوو بووە و هیچکام لە نەتەوە غەیرەفارسەکان لە شوناس و کولتووری نەتەوەی باڵادەست دا نەتواونەتەوە و سیستمی سیاسی زاڵ و شووینیستەکانیش نەیانتوانیوە بواری گوتارێکی نیشتمانی خۆش بکەن کە لەودا نەتەوەکانی ئێران بتوانن بە ئازادی و ئاشتی پێکەوە بژین و لە مافی وەکیەك بەهرەمەند بن.



پێویستە ئەوەش بڵێین کە نەتەوە نە لە زانستی کۆمەڵناسی و نە لە زانستی سیاسی نوێدا، تەنیا بە دەوڵەتەوە گرێ نەدراوە و لەسەر بنەمای ئەو پێناسە ناکرێ و یەکسان و هاومانای دەوڵەت ـ نەتەوەش دانانرێ.

بە بنزاراوە (گویش)دانانی زمانی کوردی: لە زۆرێك لە پەرتووك و بڵاوکراوە ڕەسمییەکانی سەر بە هەر دوو حکوومەتی شا و کۆماری ئیسلامیدا، بە ئانقەست و بۆ سووکایەتیکردن بە کوردەکان زمانی کوردی وەك بنزاراوەی زمانی فارسی نووسراوە و ئەمەش واتە زمانی کوردی سەر بە زمانی فارسییە! بە واتایەکیتر ئەمە بەو مانایەیە کە ئەوان دان بە زمانی کوردی وەك زمانێکی سەربەخۆ داناهێنن و دەیانەوێ یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی پێکهێنەری نەتەوە لە کوردەکان بسڕنەوە و بەمەش کورد لە کەسایەتی فارسدا بتوێننەوە.

ناسیۆنالیزمی فارس پێی وایە لە ئێراندا تەنیا زمانی فارسی زمانێکی ڕەسەنەو زمانەکانیتر یان لقێکن لە زمانی فارسی یان خود زمانگەلێکی نازانستی و دواکەوتوو و خێڵەکیین و تەنانەت هەندێك لە بەناو بیرمەندانی فارس پێیان وایە کە کوردەکان بە هۆی ئەوەیکە لە ناوچە شاخاوی و ڕژدەکاندا نیشتەجێن، لە کاروانی شارستانەتی فارسەکان جێماون و هەر بۆیەش زمانەکەشیان لە زمانی فارسی دوورکەوتۆتەوە!!

لە بیرمان نەچێ کە زمانی کوردی یەکێك لەو فاکتەرە سەرەکییانە بووە کە تاکوو ئێستاش یەکیەتیی نەتەوەیی کوردی پاراستوە، چونکە خاکەکەی وەك فاکتەرێکی دیکەی پاراستنی یەکیەتیی نەتەوەیی دابەش کراوە و مێژووەکەشی لە لایەن داگیرکەرانەوە شەوێندراوە. هەر لەم سۆنگەیەوە پانیرانیستەکان کە نوێنەرایەتی شوینیزمی فارس دەکەن تەنانەت زمانی تورکیش وەك زمانێکی هاوردە دادەنێن و بەم پێیە بە توندی لەگەڵ وتنەوەی زمانە غەیرە فارسییەکان لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا دژایەتیی دەکەن.

دەستەواژەکانی ئێرانی ئاخاوتن: (واتە فارسی قسەکردن و بە فارسی بیرکردنەوە)، ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوندییە نەتەوەییەکان: ئەمەش شتێك نیە جگە لە دابین کردنی ئاسایش و قازانج و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی فارس، کولتووری ئێرانی: ئەوان پێیان وایە کە لە ئێراندا یەك کولتوور هەیە ئەویش کولتووری فارسە و بە

شێوەی فەرمی لە لایەن راگەیەنەکانی دەوڵەتییەوە پشتگیری دەکرێ، کۆماری ئیسلامی: دوو چەمکێ کە هیچکات دانوویان پێکەوە ناکوڵێ و زۆر پێکەوە ناتەبا و لێکنەبانن، چونکە یەکەمی باس لە حکوومەتی خەڵکی و دیمۆکراسی دەکا و دووەمی باس لە شەریعەت و پرسی ئایینی دەکا و ئەم دوو چەمکەش هیچکات پێکەوە هەڵناکەن و دەرەنجامەکەی دەرکەوتن و لووپۆپ هاویشتنی رێژیمی ئیسلامیی ئێستایە و... هەر لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی باڵادەست دان و لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە پەرەیان پێدەدرێ.

سەرەڕای گشت ئەوانەش، گەرچی لە کۆنەوە لە ئێراندا پێوەندییەکی نەژادی و کولتووری لە نێوان فارسەکان و کوردەکاندا بووە، بەڵام ئەم خزمایەتییە هیچکات لەسەر بنەمای مافی یەکسان و مافی دیاریکردنی چارەنووس نەبووە، ئێستاشی لەگەڵ بێ داخوازەکانی نەتەوەی کورد لە لایەن دەسەڵاتدارانی سیاسی و بەزۆرینە لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە بەهێندنەگیراوە و پشت گوێخراوە و تەنانەت نکۆڵیشی لێکراوە.

**سەرچاوەکان:**


١) نگرشی اجمالی بر جنبش رهایی‌بخش ـ ملی کردستان، ن: محمد محمدی

٢) نظریه دولت ـ مردم یا دولت ـ ملت، ن: علی اکبر ناطقی

٣) ئێرانی‌بوون و لە ئێراندا مانەوە بە چ نرخێك، ن: هەژیر عەبدوڵلاپوور

٤) تجزیه‌طلب کیست؟ ملتهای یکسانیخواه یان ناسیونالیستهای مرکزگرا؟ ن: خلیل غزالی

٥) شووینیزم عظمت‌طلبانه و ناسیونالیزم افراطی، ن: ا- لاهرودی

٦) به بهانه حفظ تمامیت ارضی ایران! ؟ ن: م. علی‌نیا





٧) مقدمه‌ای بر شناخت ارزش کوردایەتی، ن: صلاح الدین گل اندامی

٨) ادعاها و بنیانهای ناسیونالیسم فارس، www.panfars.blogsky.com

٩) گرفتی ستراتیژی نەتەوەیی، ن: ئەحمەد عەزیزی

١٠) ناسیونالیزم راه‌حل هیچ مشکلی نیست، ن: منصور پرستار

١١) قومیت در گفتگو با کوروش زعیم، گفتگو از نجات بهرامی

١٢) قومیتها، ن: یوسف عزیزی بنی‌طرف

١٣) قەومییەت و ناسیۆنالیزم، دوورەدیمەنەکانی مرۆڤناسانە. ن: تۆماس هایلەند ئێریکسۆن

١٤) ناسیونالیزم ایرانی و دشواریهای آن در مسیر دمکراسی و پیشرفت، ن: جهانبخش رستمی

١٥) ناسیونالیزم ایرانی یا امت اسلامی! ؟ ن: امید باستانی

١٦) آنتی ناسیونالیسم، ن: پیرو حقیقت

١٧) ناسیونالیزم، سایت: www.aftab.ir

# ناسیۆنالیزم



**ناسر قادر پوور**



***ناسیۆنالیزم***(nasionalism) واتە نەتەوایەتی(ئەو وشەیە لە زمانی فەرانسەیی nasionalisme) و لە وشەی nasion کە لە بنەڕەتدا وشەی لاتینی (nascor) واتە (من هەم)، (لە دایك بووم) یان (هاتوومە دونیا) ـوە هاتووە. ئەوانە لەسەر ئەو باوەڕەن ناسیۆنالیست واتە نەتەوەیی ناسراو، ناسیۆنالیزم جیهانبینیی‌یەکە کە لە یەکگرتوویی تایبەتمەندییەکانی یەك نەتەوە لە جوگرافیایەکی دیاری کراودا سەرچاوە دەگرێ. ناسیۆنالیزم حورمەتی کولتوورو مێژوی نەتەوە دەگرێ‌و خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی‌یە بە هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە. ناسیۆنالیزم لە دەسپێکی سەدەکانی ١٧ زایینی لە ئەورووپا سەری هەڵدا و تا سەدی هەژدە درێژەی بوو و لە ماوەیەدا دامەزراندنی ئەو دەوڵەتانەی لێکەوتەوە کە ئەمڕۆ ئێمە دەیانبینین‌و دەیانناسین. دوای جەنگی جیهانی دووەم هاوتەریبی ناسیۆنالیزم‌و مارکسیزم بوونە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ئەو گەلانە کە لەژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستەکان(ئیستعمار)دا بوون. سەرەڕای ئەو رێزگرتنە نەتەویی‌و نیشتمانی، ناسیۆنالیزم لە جەغزی گیرۆدەیەکی ئەویندارانەدا خۆ دەنوێ، دەکرێ ناسیۆنالیزم بە لۆژیکێك بۆ گەلانی ئازار چێشتوو و پێشێل کراو دابنرێ. ئامانجی ناسیۆنالیزم هاوڵاتی ویستن‌و خەڵکی خۆ پاراستنە هەر بۆیە ناسیۆنالیستەکان دەڵێن ئەوە دەبێتە هۆی یەکگرتووییەکی زۆر کەم کردنەوەی چەند بەرەکی لە کەمەڵگەی یەك نەتەوەدا کە سەرکەوتوویی‌و رزگاری‌و بەختەوەری ئەو نەتەوەیەیەی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام رەخنەگرانی ناسیۆنالیزم دەڵێن کە ئەو خۆشەویستی‌و ئەوینداری نەتەوەییە دەبێتە هۆی شوینیزم کە ناسەقامگیری ئاشتەوایی هەرێمەکەی لێ دەکەوێتەوە.

کۆمەڵێك کەس ناسیۆنالیست بوون دەخەنە پاڵ چەمکی خەڵك‌و گەل، لەو پێوەندییەدا ناسیۆنالیزم لەگەڵ وشەی رەگەز پەرستی بە یەك مانا دێن، بە یەك واتا هەڵسەنگاندنی ناسیۆنالیزم‌و رەگەزپەرستی بە یەکەوە لەگەڵ لیبرالیزم‌و دەوڵەتێکی

که تێیدا یاسا حاکمە بە هەڵە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کە بە نێوی خەڵکێك ڕێگایەکی چەواشە کارییان بە دوور لە نەریتی وەك ئەرك‌و ماف بۆ گەڵێك گرتبێتە بەر بۆ ئەوەی خەڵکێك بە گشتی پێی تاوانبار بکرێ لە قەڵەم بدرێن. لێرەدایە کە دەبێ ئەو کۆمەڵە کە هەموو نەریتی مافخوازی گەلێك کە بە هۆی توندوتیژی چەواشە دەکەن لەگەڵ گەلێك کە بە گشتیی کە داوای ڕزگاری خۆی لە ژێردەستی دەکا جیا بکەنەوە. ڕاهێنان‌و پەرەپێدانی فۆلکلۆر وەك بەرهەمی خۆشەویستی‌و نەتەوایەتی ڕەوتێکی پاش سەدەکانی ١٧و ١٨ی زایینی. ئەو دنیا خۆشەویستە خەیاڵاوییە لە چاوخشاندنێك بە ڕابردوویەکی دوور وەك بنەمایەك بۆ سەلماندنی ڕاستەقینەبوون‌و دەستکرد نەبوونی ئەو مێژوویەدا دەبینرێتەوە. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا کە ئەو هەستە توانراوە ئاوێتەی ناسیۆنالیزم بکرێ، ڕاهێنان‌و ناساندنی فۆلکلۆر بۆتە لەنگەرێك بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگای ئەو وڵاتانە. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو وڵاتانەی کە بوونیان وەك وڵاتێکی سەربەخۆ لە نێوان ساڵەکانی سەدەی ١٨دا وەك ئاڵمان، فینلاندو نۆروێژ نەناسرا بوون. لەو جێیانە فۆلکلۆر وەك کۆمەڵگەیەك بۆ بووژاندنەوەی کولتووری نەتەوایەتی بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ کەسایەتییەکی (ڕۆڵ)بەرچاوی بوو. لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا فۆلکلۆر هەر نەخشی ئەو کەسایەتییەی گێڕاوەوبۆتە هۆی ئەوە کە بەرهەمی ئەدەبی بکرێتە میراتێکی مێژووی بۆ پاراوکردنی زامن لە کۆماری ئێرلەندو هەروەها لە زۆر وڵاتانی ئەفریقاییدا. بەڵام لە سوئید فۆلکلۆر لە ڕەوتی ناسیۆنالیزمدا بەو ڕادەیە کەڵکی لێ وەرنەگیراوە. تا ئەو جێگایەی هێمای ویکینگەکان‌و گۆستاو واسا گۆستاو ئادۆلف‌و کارلی دوازدە ئەو خەیاڵانەیان وەك هێمایەکی  نەتەوایەتی ت ڕادەیەك بۆ هەرێم‌و مەڵبەندی تایبەتی وەدی هێناو تا ئەو جێگایە کە ئەو هێما هەرێمیانە توانیان نوێنەرایەتی تا پلەی نەتەوایەتی لە ئەستۆ بگرن. بۆ وێنە سازکردنی ڕواڵەتێك کە دیمەنی مەڵبەندی دالارنا وەك شوێنێکی کە زۆرتر سوئیدین زۆرتر بوونیان پێوە دیارە. ناسیۆنالیزم لەو وڵاتانە کە دوورگەن لە دەوری لاوەژ وەك فۆلکلۆر هاتۆتە گۆڕێ، لە ئایسلاند بە پێچەوانە، ناسیۆنالیزم لەسەر بنەمای ئەدەبیاتی چیرۆکی سەردەمی سەدەی ناوەڕاست وەك



فۆلکلۆر هاتۆتە گۆڕێ چونکە فۆلکلۆری باوی سەرزاران بە هێند نەگیرا بوو و بەپێچەوانە ئەو بەیت‌و باوانە کرانە بنمایەکی نزمی پلەی کولتووری.

**مێژووی ناسیۆنالیزم:**

ئەو ڕستانە باسی کاتی ڕسکانی ناسیۆنالیزم دەکەن. هێندێك دەڵێن کە ناسیۆنالیزم نیشتمانپەروەری‌و هاوتەمەنی مرۆڤایەتی‌یە، هێندێکیشس دەڵێن کە لەگەڵ ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی سەدەی ١٦و هێندێکیش لەوە دەدوێن کە وێڕای ڕۆشنگەری‌و شۆڕشی فەرانسە وەدی هاتووە. ناسیۆنالیزم بوو بە چەکێك لە دەست لیبراڵەکاندا بە مەبەستی ڕووخانی سیستمی ئیمپریالیستی کۆنی پاشایەتی‌و گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ لێهاتووەکانی ناوخۆ یان خەڵکی خۆ لە ئورووپا. بەداخەوە هەر زوو ناسیۆنالیزمێکی دواکەوتووانە هاتە گۆڕێ بەپێچەوانەی شێوەیەکی پێشکەوتووانەو بە پێوارەی عەقڵی. ئاستەنگێك لە ناسیۆنالیزمدا بەدی دەکرێ کە ئەگەر دژایەتی تاقمێك وەك کۆ لەگەڵ کولتوورەکانی دیکە لە ناوخۆ یان دەرەوەی وڵات بکرێ ناسیۆنالیزم هەوڵی خۆڕاگرتنی لە سنوورەکانی خۆیدا دەدا تەنانەت کەمایەتییەکانیش هەر لەو سنوورەدا ڕادەگرێ وەك فرانکۆ لە ئیسپانیا کە لەوێ چۆن باسکەکانی وەك خەڵکێکی جیاواز نابۆوە ژێر گوشار. ئەوەی کە خەڵکی باسك لەو سنوورە بەرتەسکەدا ئاسیمیلە بکا کولتوور، نەریت، زمان‌و ئاڵای ئەوانی نایاسایی لە قەڵەم داو قەدەغەی کردن، پەرنسیپی نەتەوایەتی پێوەرێکە کە لە دابەشکردنی خەڵك لە کۆمەڵگادا بە پێی کولتوورو تایبەتمەندییەکانی دیکە دەبێ لەبەر چاو بگیرێ. ئەگەر چی قەت بە تەواوی نامۆیی سیاسیشی پێوە دیار نەبووبێ لانی کەم بۆتە فاکتۆرێکی بنەڕەتی ئاگاهانە، یەکەم لە دنەدانی جووڵانەوەی نەتەوەیی دا کە بە جیهان بینی گشتیی ناپلێۆن ناسراوە. بەدوای ئەو ڕووداوەش هەوڵ بۆ بە کردەوە تاقیکردنەوەی بە مەبەستی داسەپاندنی بۆ دەستاوێژی بۆ سەر مێژووی ئورووپا بووە. ئاکامی ئەو ئاسەوارانە هێندێکیان بۆنە هۆی یەکگرتوویی‌و هێندێکیشیان لێك دابڕان، ئەوەی پێشوو وەك نوێنەری ئەو بەشە لە یەك خەڵك کە لە نێوان چەند دەوڵەت دا دابەش کراون خۆ دەنوێنێ وەك ئاڵمان‌و ئیتالیا. ئەوەی دوایی نوێنەرایەتی ئەو بەشە دەکا کە چەند

خەڵكی جیاوازن‌و لە یەك دەوڵەتدا كۆ كراونەتەوە وەك ئوتریش، مجارستان، ڕێژیمی شایەتی لە دانیمارك‌و توركیا. كاتێك ئاستەنگ بۆ ئەكەمین یا دووهمین بە نێوی لێك كۆكردنەوەیەكی نەتەوایەتی یان یەك دەست كردنیان، كەسایەتی دەسەڵاتدار لەو وڵاتە دەبێتە لاولاوەی یەكگرتوویی وەك پەرەنسیپی نەتەوایەتی، دیارە كە ئەوەی هێزێكە بۆ دنەدانی بزاڤی شۆڕشگێڕی دژ بە ئەی‌و لێك كۆكردنەوەیە. لە دەرفەتی هەڵكەوتووی ئەو بیرە نەتەوایەتییەدا زۆر سیاسەتوانانی سەدەی ١٨ وەك ئوتووڤون بیسمارك لە ئاڵمان‌و كامیللا لە ئیتالیا توانیان لە هەلومەرجێكی گشتی وەك دەنگدانی گشتی كە یەكێك لە پرەنسیپەكانی ناپلێۆنی بوو وەك شەرتێك بۆ دیاری كردنی جوغرافیای نەتەوایەتی كەڵك وەرگرو تێیدا سەركەوتووش بوون. دەستەواژە بۆ ئەو شەرتە لە رووبەڕووكردنەوەی نەتەوە لەگەڵ تایبەتمەندییەكانی سیاسەت دا، پرەنسیپەكانی نەتەوایەتی خەوش هەڵگرترە كە یان لە لایەنی خەڵكی سەردەستی دەسەڵاتدار تا رادەیەكی زۆر لە ژێر نێوی چەمكی هاونیشتمانی بە مەبەستی تواندنەوەی خەڵكی بچووكترو كەمایەتییەكان لە نێو خۆیاندا، كە كراوە بە ویستراویشە بۆ پێكهێنانی هەلومەرجی جێبەجێ كردنی لە ژێر نێوی rorelsen panslaviska (بزاڤی بە دیل كردن) بۆ نموونە بە درێژایی دەسەڵاتداری رووسەكان یان لە هەستی نەتەوایەتیدا یان بێ هەڵوێست كردنی ئەو هەستە بە مەبەستی كەڵك وەرگرتنی سیاسی لە پێكەوە ژیانی ئەو خەڵكە جیاوازە جارو بار پرەنسیپە نەتەوایەتییەكان وەك كەرەستەیەك كەڵكیان لێوەرگیراوە. ئەگەر چی مەبەستێك بووە كەم یا عادیلانە زۆر بەرێوە چووە بەڵام تا رادەیەكیش ئاوێتەی بێ‌عەدالەتی بووە جا نەك هەر لەگەڵ ئاڵمان بگرە لەگەڵ ئە هەرێمانەی كە هی دانماركییەكان بووە لە ـ holstien schleswing ـ و لە دانمارك جوێ كراونەتەوە.

**لیبراڵ ناسیۆنالیزم:**

لیبراڵ ناسیۆناڵیزم چەشنێك لە ناسیۆنالیزمە كە لەو دواییانەدا لە لایەن فیلسووفەكانی سیاسەتوان پشتیوانی كراوەو سەلماندوویانە كە وك دەڵێن دژایەتی لەگەڵ خەڵكی دیكەی پێوە دیار نیە. بەتایبەت ئەگەر لەگەڵ نەریتی لیبراڵەكان وەك



ئازادی، تەحەممول، یەكسانی‌و ماف تاك ئاوێتە بكرێ. (Ernest rena ١٨٨٢ )و (John stuart mill ١٨٦١ ) كە خۆیان وادیار بوو پێشوولە ناسیۆنالیستەكان بوون پشتیوانی لە بایەخە نەتەوایەتییەكان دەكەن‌و لەسەر ئەو باوەڕەن كە هەر نەتەوەیەك دەبێ پێناسەی نەتەوایەتی خۆی بێ بۆ ئەمەی بتوانێ وەك مرۆڤێك كە خاوەن هەموو تایبەتمەندییەكانی خۆیەتی بژی. ژیانێكی سەربەخۆ كە لیبراڵ دێموكراتەكان داوای دەكەن بۆ پێنایەسەی نەتەوایەتی بە مەبەستی وەگەڕە كەوتنەوەی كۆمەڵگایەكی بێ تێكهەڵچوون‌و تەنگەژە بە پێویست دەزانن.

Ernest renan ( ١٨٢٣/٢/٢٨ ـ١٨٩٢/١٠/١٢) یەكێك لە فیلسووفە بە ناوبانگەكانی فەرانسەیە كتێبێكی بە نێوی (ژیانی مەسیح) لە ساڵی ١٨٦٣دا نووسیوە، ئەو كتێبە بوو بە هۆی دەمەقرەیەكی زۆر لەمەڕ ئەوەی كە لەو كتێبەدا مەسیح وەك ئینسانێكی مێژوویی نەك وەك كوڕی خوداو كتێبی ئینجیلیش بە كتێبێكی ئاسایی وەك هەموو كتێبەكانی دیكە كە سەرچاوەیەكن بۆ مێژوو دانابوو كە رەخنەگرتنی لێیان بە رەوا دەزانی، هەر ئەو هەڵوێستە بوو بە هۆی تووڕەبوونی دەسەڵاتدارانی كلیسا كاتۆلیكەكالن بەڵام بە نوبانگ بوونی renan زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەكردنی ئەو لە nasion واتە نەتەوە كە ئەو لە كتێبەكەی خۆیدا بە نێوی " Ques .co cuune nasion" لە ساڵی ١٨٨٢دا بە دژی پێناسەی ئاڵمانی لە nasion كە لەسەر بنەمای وەك ،رواڵەت، زمان، نووسراوە لە جیاتی بایخدان بە ویستی ژیانی هاوبەش وەك مەرجی پێویست‌و پێوەرن بابەتەكە لە پێداویستییەكانی سەردەم بوون چونكە ئەو لە جێگایەكی بە نێوی Alaska lorraine دەژیا كە لەو شوێنە كێشەیەك هاتە پێش‌و دوابە دوای ئەو كێشەیە ئەو هەستی بە بوونی چەمكێك بە نێوی نەتەوەی كرد كە دوایەش سەلمێندرا. ئەو كێشەیە لەسەر هەرێمێك بوو كە لە نێوان شەڕی ئاڵمان‌و فەرانسەدا لە ساڵی ١٨٧٠ـ١٨٧١ كە فەرانسە لە پەیماننامەی ئاشتەوایی فرانكفۆرت دابووی بە ئاڵمان بەڵام لە پەیماننامەی ئاشتەوایی وێرسادا لە ساڵی ١٩١٩ دراوە بە فەرانسە. نەتەوە بریتییە لە كۆی ئینسانگەلێك كە هۆی یەكگرتوویی‌و هاوبەشیان فاكتۆرگەلێكن وەك زمان، ئایین، رەگەز، مێژوو، كولتوور، نەریت‌و دابی كۆمەڵایەتی. نواندنی راشكاوانەی نەتەوە، ناسیۆنالیزم یانی نەتەوەی بوونە. لە قسەی سەرزارانی

رۆژانەدا وشەی نەتەوەی ماناو مەبەستی وشەی شتێکی لە گۆیین ژئۆپۆلیتیك واتە ( وڵات بە مانای سیاسی وشەکە یان دەوڵەت بە مانای جۆغرافیایی وشەکە) کە خەڵکێك خۆیانی پێ پێناسە دەکەن. دەوڵەتێك کە لەسەر بنەمای نەتەوە پێك هاتبێ بە دەوڵەتی نەتەوەیی دەناسرێ.

## شێوە جۆراوجۆرەکانی ناسیۆنالیزم

دەکرێ ئاماژە بە جیاوازی ئەو دوو پرەنسیپەی کە ناسیۆنالیزم بەرێوەی دەبا بکەین، یەکێکیان ius sanguinis واتە ناسیۆنالیزمی (خوێنی) کە باسی نەتەوە وەك یەك کولتوور بوون دەکا کە لە رەوتێکی دوورو درێژیی مێژوویی یان خزمایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ، هەڵبەت ئەو بۆچوونە ناسیۆنالیزمی(فانتازیا) رامان ئالمانی‌یە، و لە بەرامبەر ئەو پرەنسیپە نەتەوایەتییە دادەنرێ کە ناسیۆنالیزمی (خاكو هەریم) iso solis کە دەڵێ بریتییە لە دانیشتووانێك بە بێ لەبەرچاوگرتنی رابردوویەکی وەك ئیتنیو وابەستەگی. ئەو پرەنسیپە ریشەی لە فەلسەفەی چاخی رۆشنگەری فەرانسەدایە کە لەسەر بە نەتەوەیەك بوونو مافی شارۆمەندی وێرای هەریم بە بنەما دەزانێ، هەر نەتەوەیەك لە هەلومەرجی تایبەتیدا هەڵگری هەر یەك لەو دوو پرەنسیپانەی دەبێو لە نێوان ئەو دوو پرەنسیپانەدا لە هاتوچۆدان جا بۆیە دەبێ لە هەر وڵاتێك بە پێی هەلومەرجی خۆی لە دانانی یاسای شارۆمەندی خۆی ئەوانە بە وردیو سرنجەوە لەبەر چاو بگیرێن. ئەو پرەنسیپە سەرەکیانە دەکرێ ببنە دەستەواژەیەك بە شێوەگەلی جۆراوجۆر. ناسیۆنالیزم دەتوانێ خۆی وەك بەشێك لە بیرو باوەڕی فەرمی دەوڵەت یان بزووتنەوەیەکی خەڵکی بنوێنێو دەتوانێ جەخت لەسەر شارۆمەندی ئیتنی، کولتوور، ئایین یان مەسەلەکەی خۆی بکاتەوە. ئەو بۆچوونە خۆماڵییانە لە چەمکی نەتەوە مەبەستی کلاسەکردنی ناسیۆنالیزمی جۆراوجۆری پێوە دیارە. بزووتنەوەی ئەو چینو ئێران وەك نەتەوەیەك یان بزووتنەوەی چەند نەتەوە ئاوێتەی چەند نەتەوە یان هەموو ئەو دەستەواژانەن بەڵام لە پلەی جیاوازدا. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیش دەتوانرێ بە پێی بنەمای دیکە کلاسە بکرێ، بۆ وێنە بە پێی چەندایەتیو چۆنایەتیو شوێنی بزووتنەوەکە. تاریفی



جۆراوجۆر لە ناسیۆنالیزم وەبەر چاو دەکەون بەتایبەت لە کاتێك دا بەرژەوەندی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا بە مەبەستی بەرز نرخاندن یان لەبەرچاو خستنو بە دزێو ناساندنی ئەو بزووتنەوەیە دێتە گۆڕێ. هێندێك لە تیئۆریسیەنەکان دەڵێن کە جیاوازیەکانی نێوان هەموو جۆرە ناسیۆنالیزمێك قەڵبن. پێیان وایە لە هەموو شێوەکانی ناسیۆنالیزمدا دانیشتووان هەڵگری جۆرێك لە کولتووری هاوبەشنو ئەو کولتوورەش قەت ناکرێ لە ئیتنی جوێ بکرێتەوە. لە ئەمریکادا بۆ نموونە چاکە(کاری باش) لە بەیتەکاندا وەبەرچاو دێن کە وەك کولتوورێکی دادوەرانەی باشوور لێی دەدوێن. ئەمریکا جۆرێك تیئۆری لەمەڕ ئەمریکایی بوون هەیە کە بە nativism واتە(لە دایك بوون لەگەڵتە) ناسراوەو لە ماوەیەکی کورت لە ساڵەکانی ١٩٠٠دا لێژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر چالاکی غەیرە ئەمریکاییەکان بە پێی ئەو تیئۆرییە پێك هات.

## ناسیۆنالیزمی شارۆمەندانە

ناسیۆنالیزمی شارۆمەندی یان ناسیۆنالیزمی شارۆمەندانە خۆی یەك چەشنە ئاڵتەرناتیڤە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی کە لەو ناسیۆنالیزمەدا دەوڵەت پێناسەی سیاسی خۆی لە بەشداری چالاکانەی شارۆمەندان وەردەگرێ، تا ئەو جێگایەی کە ئەو دەوڵەتە بتوانێ نوێنەرایەتی "ویستی خەڵك " بکا. ئەندامەتی ئەوتۆ نەتەوەیەك لە پرەنسیپی ius solis واتە ناسیۆنالیزمی (خاكو هەرێم)دا خۆی دەبینێتەوە. ناسیۆنالیزمی شارۆمەندانە ئاوای بۆ دەچن کە ئەغڵەب بنەمایەکی کە Rouseau jean jacueas بەتایبەت لە تیئۆری لەمەڕ بەڵێننامەی کۆمەڵگا کە ئەو نێوەشی لە کتێبەکەی بە نێوی ( لە مەڕ بەڵێننامەی کۆمەڵگا)ە وەرگرتوە. ناسیۆنالیزمی شارۆمەندانە ئاوێتەی نەریتی لیبراڵیزمو عەقڵگەراییە بەو چەشنە ناسیۆنالیزمە لەگەڵ ناسیۆنالیزمێکی کە بنەمای جیاوازییان هەیە. لە نێو ئەو نەتەوانەدا کە بە بنەمایان ناسیۆنالیزمی شارۆمەندانەن بوونی ئینسانگەلێك بە ئیتنیی جیاوازو کولتووری جیاواز کە لە نێو ئەو نەتەوەیەدا لە دایك بوون یان دانیشتووانی نێو ئەو سنوورەن وەبەرچاو دەکەون. شارۆمەندی لەو وڵاتەدا شتێکە کە ئارەزومەندانە. بیرو باوەڕی ناسیۆنالیزمی شارۆمەندانە ئاسەواری بەسەر پەرەسەندنی دێموکراسیو گەشەسەندنی کۆمەڵگای وەك ئەمریکاو فەرانسەوە

دیارە. Jakobiner تاقمێك بە نێوی یەعقوبییەکان کە لە سەردەمی شۆڕشی فەرانسە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دەبێ دەوڵەتی یەکدەستو بە ناوەندێکی بەهێز بۆ فەرانسە بێتە کایەوە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی، هەر ئەو بیرو بۆچوونەی کە لە سەردەمی ئاتاتورك بە نێوی ناسیۆنالیزمی تورکە کەمالیستییەکان هاتە کایەوە.

**ناسیۆنالیزمی ئیتنیی**

ناسیۆنالیزمی ئیتنیی یان ناسیۆنالیزمی رەگەزخوازانە لە دەوڵەتێك دەدوێ کە لەسەر بنەمای ئیتنی دامەزرابێ. لەودا ئیتنی هەمیشە بە شتێك لێك دەدرێتەوە کە سەرچاوەکەی لە جێی پێشووی خۆی واتە بابو باپیران دەست پێدەکا واتە ( ius sanguinis) واتە ناسیۆنالیزمی خوێنی. ئەو هەروەها هەڵگری ئەو بیرو باوەڕەشە وەك کولتووری هاوبەش خۆی لەگەڵ بابو باپیرانو پێشینیانیانو هەروەها زمانی هاوبەشو ئەندام بوون لەو نەتەوەیەدا وادیارە وەك میراتە. دەوڵەت پێناسەی سیاسی خۆی لە نوێنەرایەتی وڵاتێك بۆ ئەو ئیتنیە وەردەگرێ. و لە شێوەی کاری خۆی وەك مەبەستێك بۆ پاراستی پێناسەی نەتەوایەتیو پشتیوانی لە کولتوورو ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو دەستەو تاقمە کەڵك وەردەگرێ. بیرو بۆچوون لەسەر ئیتنی زۆر کۆنە بەڵام ناسیۆنالیزمی نوێی ئیتنیی زۆر ئاسەواری Jogan Gottfried von Herder کە چەمکی "das volk" (خەلك)ـی هێنایە گۆڕێو Johann Gottlib Fichte پێوە دیارە. رەوتی ناسیۆنالیزمی ئیتنیی ئێستا باوەو زۆر بە ئاسایی بە ناسیۆنالیزم دەناسرێ. ناسیۆنالیزمی ئاڵمانی سەدەکانی ١٨و تا دوایی شەڕی دووهەمی جیهانی ناسیۆنالیزمێکی فرەگەزی فانتازیایی بوو. لە دەهەی ٣٠و ٤٠ نازیستەکانی ئاڵمان ناسیۆنالیزمێکی ئیتنی پەرستانەیان پەرە پێدا لە ژێر درووشمی "یەك وڵات" "یەك نەتەوە" "یەك رێبەر" تێکەڵاوی نازیسمو نەتەوەو ئیتنیو سیاسەتی بەڕیوەبەرایەتی لێکەوتەوە. ناسیۆنالیزمی نازیستانە لەسەر بنەمای سۆسیال داروینیزمو بیرۆکەی بێزاری لە نەتەوەکانی ەدیکە دامەزراوە. تیئۆریسەن D. Anthony smith چەمکی ناسیۆنالیزمی ئیتنیی "بۆ ئەوانەی کە لە روانگەی



رۆژئاواییەکانەوە ناڕوانن ناسیۆنالیزم لە کاری دەکرد. بەپێچەوانە روانینی رۆژئاواییەکان کە ناسیۆنالیزم وەك پێناسەیەك بۆ هەرێمی جوغرافیایی خۆیان پێناسە دەکەن. دەستەواژەی "etnonationalism" هەر بۆ ئەو ناسیۆنالیستانەی لە کار دەکرد کە هەڵگری بیرو باوەڕی ناسیۆنالیزمی ئیتنیین "nasionalis etnisk"و نوێنەرایەتی ئەو هێڵە بەرینەن کە وەك باوەڕێکی نافەرمیو شاراوەو غەریزیەیە. ئەو شێ،ەی بە ناماقووڵە هەردووکیان دەگرێتەوە هەم ناسیۆنالیزمی ئیتنیو هەم ناسیۆنالیزمی خێڵایەتی. سەرەڕای ئەوەیکە ناسیۆنالیزمی خێڵایەتی دەتوانێ هەڵگری ناوەڕۆکێکی ماقووڵانە بێ وەك باسی ئەفریقییەکان، ئەمریکاییەکانی بە رەگەز ئوروپایی یان ناسیۆنالیستەکانی دیکە کە زۆر راشکاوانە بۆ دابین کردنی پێناسەی نەتەوایەتی خۆیان چالاکن.

**ناسیۆنالیزمی رۆمانتیك**

نایسۆنالیزمی تەخەیولی یان رۆمانتیك (ناسیۆنالیزمی پێناسە یان ناسیۆنالیزمی ئۆرگانیك) ئەو چەشنە لە ناسیۆنالیزمی ئیتنییەیە کە دەوڵەت پێناسەی خۆی لە ئاکامی رەوتی سرووشتی نەتەوەیی یان ئیتنیی وەردەگرێ. ئەوەش کاردانەوەیەکی باوەڕی رۆمانتیکە کە بە پێچەوانەی بنەماو لۆژیکی چاخی رۆشنگەری ئوروپایە. ناسیۆنالیزمی رۆمانتیکی مێژوویەکی کولتووری ئیتنی کە دابین کەرەوەی باوەڕگەلی ئەویندارانە بوو بە دەستەوەیدا. Broderna Grimm بە ئیلهام لە نووسراوەکانی Herder دەستیان دایە هێندێك رۆمانتیکی کە جەختیان لەسەر ئیتنیی ئاڵمانی دەکردەوە. مێژوونووس Jules Michelet نموونەیەکی بەرچاوی مێژووی ناسیۆنالیزمی رۆمانتیکی فەرانسەیە.

**ناسیۆنالیزمی کولتووری**

لە ناسیۆنالیزمی فەرهەگی دا نەتەوە بە ئەوانە دەگوترێ کە خاوەنی کولتووری هاوبەشن. بە ئەندامبوونی ئەوتۆ نەتەوەیەك بە تەواوەتی ئارەزومەندایەو (وەك وەرگرتنو وەلانانی ئەو کولتوورە) و نە ئیرسیە(منداڵی ئەندمان دەکری بە بێگانە

دابنرێن ئەگەر لە کولتوورێکی دیکەدا گەورە بووبن) ناسیۆنالیزمی چینی نمونەیەکە بۆ ناسیۆنالیزمی کولتووری، بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر بوونی ئەو جیاوازییە کولتوورییانە لەمەڕ کەمایەتییەکانی جۆراوجۆر لە چین ، هەروەها ئەو تاقمە زۆرە لەو چینییانە کە لانەوازو هەڵوەدان (نزیکەی ٦٠ میلیۆن تا ساڵی ٢٠٠٦). ناسیۆنالیزمی چینی تەنانەت خەڵکی تایوانیش کە خۆی دوورگەیەکە بە چینی دادەنێ. ئەوەی کە زۆر سەرنجڕاکێشە لە ناسبیۆنالیزمی کولتووری چیننی دا ئەوەیە کە زۆر هەڵپێچراوو ئاڵۆزە، لە باری مێژووییەوە تەانەت شوێنەکانی نزیك بە جوغرافیای چینیش دەگرێتەوە وەك موغولستان، نیوە دورگەی کۆریا، ڤێتنام، مییانمار(برمەی پێشوو)، لە مەفهوومی چینی دا هەموو ئەوانەی کە بە پێوەندی خوێنی دەچنەوە سەر چینییەکان تەنانەت ئەوانەی وا لە وڵاتانی دیکەش دا دەژین بەڵام بە ڕەچەڵەك چینین تەنانەت وەك سەنگاپوورییەکان، ئەو چینییانەی کە لە وڵاتانی ئەفریقا، ئەمریکا، ئاسیا، ئۆسترالیاو ئورووپادا دەژین دەگرێتەوە. وادیارە تەنانەت خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە تاقمێکیان وەك کەمایەتی نوێنەرایەتی چینییەکان دەکەن هەر بە چینی لە قەڵەم دەدەن. هەر لەبەر ئەوەشە کە مەغوولەکان بە کەمایەتییەکی چینییەکان دادەنرێن ئەگەرچی دەوڵەتی سەربەخۆی کۆماری مەغولستانیش هەیە. سەردەمی ئیمپراتوری مەغولەکان لە سەدەی ١٢ی زایینی دا بەشێکی زۆر لە ئاسیاو ئورووپایان داگیر کردو هێنایانە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. لە نێو ئەوانەدا لە مێژوو نووسراوی چینییەکاندا ئەوەش هاتووەکە کەمایەتییەکی چینی دەسەڵاتی لە چین بەدەستەوە گرتو پاشان پەرە بەو ئیمپراتورییەی چینی درا. بۆیەشە سەردەمی ئ یمپراتوری مەغولەکان لە چین بە ماویەك دادەنرێ کە جێی شاازیو مەزنایەتی چینییەکانی پێوە دیارە، ئەدەم دەسەڵاتی چین لە ئاسیاوە تا ئورووپای لە ژێ رکێفی خۆیدا دەدی، هەڵبەت بێجگە لەو ماوەیە کە چینییەکان لە ژێر دەسەلاتی مەغوولەکاندا بوون.

**ناسینالیزمی دینی**

ناسیۆنالیزمی دینی بە ڕەوتێك دەگوترێ کە لەسەر بنەمای دینێکی هاوبەشی یەگرتوو دامەزرابێ زۆربەی فاکتۆری دیکەشی لەگەڵ ئاوێتەیە وەك کولتوور،



ڕەچەڵەكو زمان. ئەگەر دەوڵەتێکی ئەوتۆ پێناسەی خۆی کە زۆرتر لە ئوسوڵی دینەوە وەرگرێ ئەو دەوڵەتە زیاتر دەوڵەتێکی ئۆتوکراسییە تا دەوڵەتێکی نەتەوەیی. زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی کە ئیتنییو کولتوورین روانگەیەکی دینیشیان پێوە دیارە، بەلام زیاتر وەك یەك ڕەگاژۆیی بۆ تاقمێك نەك وەك بنەمایەکی سەرەکی بۆ مەبەستی بەرپرسیارەتی لە ڕاست ویستی نەتەوایەتی. ناسیۆنالیزمێکی ئیرلەندی کاتۆلیکی‌یە، و زۆربەی ڕێبەرانی ناسیۆنالیستی ئیرلەندییەکان لەو سەد ساڵانەی دواییدا کاتۆلیك بوون، تەنانەت زۆربەی ئەو ناسیۆنالیستانەی پێشوویان لە سەدەکانی ١٨ـشدا پرۆتستان بوون ناسیۆنالیزمی ئیرلەندی لە تیئۆری کاتۆلیکانەوە سەر چاوەی نەگرتووە، تەنانەت هێندی پرۆتستان لە ئیرلەندی باکوور مەترسی ئەوەشیان هەیە کە ئەوتۆ تیئۆرییەك بەسەر وڵاتە یەکگرتووەکاندا داسەپێنرێ.هەر بە شێوەی وێکچوو بەڵام لە فۆرمی شیوینیزمدا کە لەسەر بنەمایەکی کولتووری یەهودیو ئیتنیی یەهودی، ئەگەر دینداری شوینیزمیش هەبێو ئاسەواری بەو زۆرانە دەبیندرێز لە دونیای ئیسلامیدا سەر لە نوێ باسی گەڕانەوەی پان ئیسلامیزم لە گۆرێ دایە، بە دوای دابەش کردنی هیندوستانی بریتانیاییەکان، ناسیۆنالیزمی هێندی بەگشتی لە پێوەندی لەگەڵ ئیسلامدا، سەرەڕای بوونی چەشنێکی جیهانییانەی دژ بە کۆمۆنیزم هاتووە. لە هیندوستانی مۆدێڕنی ئەورۆدا چەشنێکی لە هیندوناسیۆنالیزم(Hindutva) بۆتە باو کە بە گشتی لایەنگری لە حیزبی Bharativa Janateو Sangh Swayamsevak Rashtrya دەکەن. ناسیۆنالیزمی دینی وەك پرەنسیپپێکی بە یەکەوە گرێدراوی باوەڕێکی ئۆرتۆدۆکسی هاوبەشو نەتەوەیی سەر بە کلیساکانی ئۆرتۆدۆکس لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتو لە رووسیای فیردالّی دایە.

**ناسیۆنالیزمی (دیاسپۆرا) هەندەران**

مەبەست لە ناسیۆنالیزمی هەندەران کە (Benedict Anderson) پێی دەڵێ: ناسیۆنالیزم لە دوورەوە ئەوەیە کە مرۆڤـ زۆربەی کاتەکان هەستی هەستی ناسیۆنالیستی لە هەندەران یان لە تاراوگە دەبزوێ بۆ نموونە ئیرلەندییەکانی ئەمریکا،

لوبنانییەکانی سکاندیناویو ئەمریکای باشوورییەکانو ئەفریقاییەکانو ئەمەنییەکانی ئورووپاو ئەمریکا. ئاندەرسۆن بەو شێوە ناسیۆنالیزمە دەڵێ: "وەك بناخەی کێویێك دەچێ کە بە دیارەوە نیە، چوکو ئەو ئینسانانەی دەیانەوێ هەست بەسەر ئەوێ نەتەوەییە بکەن بەڵام لە راستیدا نایانەوێ کۆمەڵگای خۆیان بە داپڵۆسین بدەن، جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان پان پان ناسیۆنالیزمیو دیاسپۆڕا ناسیۆنالیزم لەوەدایە کە ئەندامانی نایۆنالیزمی دیاسپۆڕا ئیدی لە نێو ئیتنیو وڵاتانی خۆیاندا ناژین. لە فۆرمی تایبەتی شوینیزم دا بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە تاراوگە نوێنەرایەتی وڵاتی ئەو نەتەوەیە دەکا کە دەیەویست جارێك بۆ هەمیشە کۆتایی بە ژیانی ئەو خەڵکە لە هەندەران بێنێ.

### ناسیۆنالیزمو ئیمپریالیزم

ناسیۆنالیزم وەك ئیدئۆلۆژییەکی خاوەن پرەنسیپ، هەڵگری بیری داگیرکاری پەرەپێدان بە داگیرکاری نیە، هەر نەتەوەیەك خۆی خاوەن وڵاتێکە ئەگەر مانەوەو ئەمنییەتی وڵاتەکەی نەکەوتبێتە مەترسیەوە، چاوی تەماحی لە هیچ وڵاتێك نابێ بە مەبەسی بەرفراوان کردنەوەی وڵاتی خۆی. ناسیۆنالیستەکان لە سەدەی ١٨دا دژ بە سیستمی ئیستعماری دەستیان بە بەربەرەکانی کرد. ئەو بەربەرەکانییە لە دەرەوەی ئورووپا کە پێی دەگوترا "مەڵبەندی ناشارستانییەتی" وێڕای توندو تیژیش بوو بەتایبەت لە ئەفریقا. ئەوان(ئیستعمار) پێداگریان لەسەر ئەوە بوو ئەو چارەنووسەی کە لە ناوخۆوە بە توشیان هاتووە هۆی کۆلۆنیالست بوونیانە. دەست لە کۆلۆنیالستی کێشانەوە کە ئاکامی شەڕی دووهەمی جیهانی بوو، قەبڵاندنی وەك پرەنسیپێك کە هەرێمەکانی نەتەوەیی دیاریکراونو تایبەت بە نەتەوەکانی خۆیانن. دیسان ئەوەش نەیتوانی بەر بە هێرشی چەکدارانە لە دەرەوەی وڵاتان بگرێ. بەڵام بە دوای ئەو ئیعترازانەدا ئێستا قانوونە کە هیچ پاساوێك بۆ داگیرکاری وڵاتان نیە. ناسیۆنالیزم لە روانگەی مێژووییەوە ئەگەرچی تا رادەیەك زۆرایەتی لەسەر ئەوە کۆکن کە ناسیۆنالیزم ئۆدئۆلۆژییەکی سیاسییە، سەرەڕای ئەوەیکە نە لە چاخی رۆشنگەری ئورووپاو لە شۆڕشی فەرانسە کۆنتر نیە. بۆچوونی وەك تەمەنی پێناسەی نەتەوەیی،



پێداویستییەکان، مێژووی سەرهەڵدانی لێدەکەوێتەوە. Sverker sorlin لە کتێبی (nationes rost) واتە دەنگی گەل، لە سێ تەوەری سەرەکی دەکۆڵێتەوە لە مەڕ ناسیۆنالیزم دەخاتە بەرچاو وەك (تیئۆری عەمەلگەرایی funktionalism، تیئۆری مێژووی historism، تیئۆری رەسەنایەتی ئیتنییو زمانی primordialism) دەتوانرێ ئەو سێ تەوەرە بخرێتە چوارچێوەیەکی مۆدێرنی ئەورووپاییەوە.

### تیئۆریزەکراو/ مۆدێڕنانە

تیئۆری داڕێژراوانە (تیۆریزەکراو) یان مۆدێڕنانە "پێناسەی نەتەوەیی" وەك شتێکی داڕێژراو، راهاتوو و بەرەو پێشەوەبەری رەوتێك دەزانێ. ئەوە بەو واتا نیە بە پێی هەر پێناسەیەکی نەگونجاو یان بە دوور لە راستییە بەڵکو لە لایەن benedict andersonو eric hobosboawm خولقاوە. لەو سەدانەی دواییدا ئەو تیئۆرییە مۆدێڕنانە بە تەواوی بوونە باوی حاکم بەڵام توێژینەوەی ئەو دواییانە لەمەڕ مێژوییو ئەزموونی لانی کەم لە سوئید یارمەتیدەرێکی پڕ بایەخ بوو بۆ ئە روانگەو بۆچوونانە لەسەر ئیتنی. ئاکامی ئەو بە جیاوازی مانەوە تا ئەو جێگایە باسە کە دێتەوە سەر "خەڵکی هاسایی"و "پێناسەی نەتەوایەتی" یان هی ئیتنیی لە زەمانی کۆندا. لە سوئید لە ساڵەکانی ٢٠٠٠دا تاقمێك مێژووزان وەك herald jens leberton، jonas nordin، gustafssonو هێندێك کەسیتریش تا رادەیەکی بەرچاوو سەرنجراکێشانە هێندێك لەو خاڵانەیان دایە بەر لێکۆڵینەوەیەکی نوێتر کە ئەو تیئۆرییە نوێیانەی لەمەڕ نەتەوە دەکرێ وەك پرۆژەیەکی مۆدێڕن سەیر بکرێن. هێندێکیشیان توانییان نیشانی بدەن ئاسەواری ریشەی پێناسەی مۆدێڕینی سوئیدی لە سەقامگیرکردنی رەوتی بە دەوڵەت بوونی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بدەۆزرێتەوە، هێندێکیشیان زۆر بەرچاوانە بەرینیو بەربڵاوی ئەو پێناسە نەتەوەیی لە سەدەکانی ١٥دا دەبینرێنەوە.

## لێکۆڵینەوەکان لەمەڕ ناسیۆنالیزم

گێلنر (gellner) کە یەکێك لە لێکۆڵەرەکانی چەمکی ناسیۆنالیزمو داهێنەری چەمکی (پێناسەی مۆدێڕن mordernistisk identitetsو تیئۆری ناسیۆنالیزم nasionalitetsteorin) بووە. نەتەوەو نەتەوایەتی نوێنەرایەتی رازیبوونێکی دڵخوازانەو تەوژمێکی رەخنەگرانە لە راست ناوەڕۆکی ئەو لێکۆڵینەوانە دەکا. ئەو کاکڵ تێزی کە لە سەردەمی تیئۆری ریشەی رەسەنایەتی ئیتنییو زمانی لەلایەن قوتابییەکی خۆی بە نێوی Anthony D.smith خولقێنرا بوو شیدەکاتەوە. روانگەی لەسەر بایەخی رەچەڵەك بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم تنیا بە بی هێزی بەڕێوەبەرایەتی تەنیا بە مەبەستی دەنگۆ سازکردنی لێدەکەوێتەوە. ئەو هێرش دەکاتە سەر ئەوە کە پێکهاتەی نەتەوەیی تەنیا لەسەر بنەمایەکی هاوبەشی رەچەڵەك یان مێژووییەوە بێ. لێکۆڵینەوەی gellner بەپێچەوانەوە زۆر مۆدێڕنانەیە. کاتێك ئینسان چاخی کشتو کاڵی بە جێهێشتو روویان کردە ژیانی شارستانی، کولتووری کشتو کاڵیش خۆی لەگەڵ ئەو بارودۆخە گونجاند کە لە پیێ!داویستییەکانی ناسیۆنالیزم بوون. ناسیۆنالیزم هونەرێکی سەردەمی کۆمەڵگای مۆدێڕنی پێشەسازییە. لێکۆڵینەوە نیشالندەری ئەو راستییەیە کە گەورەترین کە کۆمەڵگای پێشەازی دەبێتە هۆی لەتو کوت کردنی وردە کۆمەڵگاکانی کشتو کاڵی کە لە کۆمەڵگایەکی گەورەتری کڕینو فرۆشتنو ئاڵوگۆڕی زانیارییەکاندا خۆیان دەبیننەوە. بە جێگۆڕکێ کردنی زیاتری هێزی کارو کەلوپەلو پێکهاتەو رێکخراو بۆ کڕینو فرۆشتن، خوێندەواریو زانیاری سەریانهەڵدا. ناسیۆنالیزم بوو بە تەنیا ئیدئۆلۆژی بۆ یەکگرتنەوەی ئەو کۆمەڵگایانە کە بە درێژایی مێژوو لێك ترازابوون. کەسێك لە توێژی مامناوەندی کۆمەڵگایەك دا وەك، ەکارمەند، موهەندیس، رووناکبیر بە هۆی هەڵاواردنیان لە لایەن دەوڵەتەکانەوە بەوە گەیشتن کە نوێنەرایەتی کولتووری نەتەوەی خۆیان وە ئەستۆ بگرن. لە رێگای زانستە پێشکەوتووەکانی وەك ئارکۆلۆژی(لێکۆڵینەوەی ئەوانەی وا لە ژێر زەوی دا حەشار دراون)، فیۆلۆژی(زمانناسی)، ئانترۆپۆلۆژی(مرۆڤناسی)، ئیتنۆلۆژی(ئیتنیناسی)، ژئۆگرافی(جوغرافیایی)و هتد... نەك هەر پاساوی زانستی بۆ



مێژووی نەتەوەیی بگرە بۆ میرات وەك کەسایەتییەکی کولتووری کۆنی نەتەوەیی کەوتە دەستان. لەمەودوا دەبێ وەك نەتەوە بەو ئەرکە بزانین، کە ناسیۆنالیزم وەك دەستکەوتێکی ئیتنی، بەسەرچوو و هەڵقولیو سەیر نەکەین. ناسیۆنالیزم لەسەر بنەمایەکی قووڵی زانستیو پێویست بە خوێندەوارێکی بەرزی کولتووری وەك پارێزەرو نوێنەرایەتی دەوڵەتی نەتەوەیی دارێژراوە. بەپێچەوانەی بۆچوونی نەتەوایەتی لە جێ دانراوی بە سیکۆلارە کردنی بۆچوونو دابو نەریتی مەزهەبی سەردەمی کشتو کاڵی، بۆیەشە نابێ لە دەستپێکەوە بپرسین ئەرێ دەوڵەت چۆن پێکهات بەڵکو دەبێ بپرسین بۆ پێکهات؟ وڵامی ئەو پرسیارە لە لایەن گیلنەر(gellner) بە بنەمایەکی ماتریالیستی دەدرێتەوە دەڵێ: " وێڕای گەشەکردنی جوغرافیاو هەروەزی کۆمەڵگایی هەستی پێویست بۆ یەکگرتووی کولتووریو چۆنیەتی ژیان سەرهەڵدەدا" ناسراوی کەسایەتی کۆمەڵگای سەنعەتی لە پێوەندی لەگەڵ مەرجی رێکخراوەیی بۆ کولتووری یەکدەست هەڵخڕێنەری پێداویستیەکانی ئەو یەکگرتووی کولتووری نەتەوەییە. لێرە بۆ ئەوەیکە دیمتاتۆرێکی کاتی دابمەزرێ سیستمێ کی ئابووری دەوڵەتیو پێکهاتە ئابوورییەکانی دەوڵەتیو خولقاندنی فۆرمولێکی زۆر کاراو بەهێز لە پێش چەمکی نەتەوە دێتە ئاراوە نە بە پێچەوانەکەی کە ئەو ناسیۆنالیزمە کە نوێنەرایەتی ئیعتبارێکی نەتەوەیی دەکا. جا دەوڵەت بۆیە دادەمەزرێن چون پێویستە نەك چون ئەوان سرووشتین.

## دەوڵەتی نەتەوەیی

دەوڵەتی نەتەوەیی دەوڵەتێکە کە لەسەر بنەمای مافی نەتەوەیی هاتۆتە دی. ئەوان نوێنەرایەتی دەوڵەتانی نەتەوەیی دەکەن چون نوێنەرایەتی شارۆمەندانێك دەکەن کە لە باری ئیتنییەوە یەکن. لێکسیکۆنی بۆنیەرز(bonniers lexicon) دەوڵەی نەتەوەیی ئاوا تاریف دەکاو دەڵێ:"جوغرافیایەکی سنووردار کە زۆربەی دانیشتووانی خاوەن یەك زمان و یەك کولتووری هاوبەشن. نۆڕوێژ سەربەخۆیی خۆی لە هەڵوزەشاندنەوەی یەو یەکییەتیەی کە لەگەڵ سوئید بووی لە ساڵی ١٩٠٥دا دەدی، دەکرێ وەك نموونەیەك بۆ تێگەیشتن لە دەوڵەتی نەتەوەیی بیهێنینەوە. لە ماوەی

سالّەکانی ١٩٠٠ کە سەردەمی وەلاتانی کۆلۆنیالیستەکان بوون زۆربەی ئەو نەتەوانی کە لە ژێر دەستەی ئەو کۆلۆنیالستانەدا بوون دەولّەتی نەتەویی سەربەخۆی خۆیان بە گوێرەی ویستی خۆیان دامەزراند لەوانە وەك: ڤێتنام لە ١٩٥٤، و بەنگلادێش لە ١٩٧١.

**بنیاتنانی نەتەوەو سیاسەتێکی فرەچەشنی**

گرینگترین کەرەستە بۆ بنیاتنانی نەتەوەیەك خوێندەواری لانی کەم ٣ تا ٩ ساڵ بە زمانی نەتەوەیی(زگماکی)، هێنانەگۆڕێی مێژووی نەتەوەیی، و هێمای نەتەوەیی(ئالاّو سرووودی نەتەوەیی) و هەر شتێکی دیکە کە باس لە نەهێشتنی ئاسیمیلەکردنی رەچەڵەکێك(نیژاد) یان نەتەوەیەك لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا کە تێیدا دەژین بکا. ئەگەر نەتەوەیەك بیهەوێ سەرکەوێ دەبێ پێناسەیەکی جەماوەری بۆ پێناسەکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بناسێ، نەك ئەو شتە سەرەتاییانەی کە خۆیان وەك ئیتنی لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتدا دەبیننەوە. ئەوە دەتوانی خولقێنەری گیرو گرفت بە لە دامەزراندنی دەوڵەتێك لە لایەن یەك نەتەوە، بەلاّم لەو جێگایەی کۆچ دێموگراف دەگۆڕێ بۆ نموونەچلۆن "سوئیدی" بوون خۆی لەگەڵ شارۆمەند بوون لە سوئیدو هەروەها لەگەڵ ئەو ریشە رەچەڵەکییەی کە ئەو دەگرێتەوە گرێ دا. لێکدانەوەی پێناسەی دەوڵەت نەتەوەیی بنەمایەکە لە پێوەندی لەگەڵ ناوەندی بەڕیوەبەرایەتی سیاسەتی وەرگرتنی پەنابەران وەك شارۆمەندی سوئیدی. بە دوای سالّەکانی ١٩٩٠دا ئەو بۆچوونە لە لایەن دەوڵەتی نەتەوەیی کەم یا زۆر جێی خۆی دا بە بۆچوونی گلۆبالیزەکردن، فرەکولتووی، یان فرەئیتنیو فرەمەزهەبی. دەوڵەتی نەتەوەیی لەوێوە نەخشی خۆی وەك خانە خوێیەکی دڵفراوانو بە تەحەممول لە چوارچێوەی هەرێمی خۆیدا وە ئەستۆ دەگرێ.



__سەرچاوەکان:__


-١/http://no.wikipedia.org/wiki/Nasjon

-٢ http://no.wikipedia.org/wiki/Nasjonalism

statsvitenskap.inføring i politiske analyse(øyvind ٣østerud)


**پەراوێز: تێبینی وەرگێڕ**

١– با بزانین شوینیزم ئەو وشە لە کوێوە هاتوە. لە زەمانی ناپلئۆندا فەرماندەیەکی نیزامی لێهاتوو بووە بە نێوی Nicola chauvoni کە لە شەڕەکاندا نیشتمان پەروەرییەکی یەکجار زۆری لە راست فەرانسە لە خۆ نیشان داوەو لەو دەمەوە ئەیو وشەیە سەریهەڵداوەو بە دوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا لە لایەن ستالینیستییەکان کراوەتە تاوان بۆ ئەو گەلانەی کە دوای سەربەخۆییان دەیانکرد،و لە لایەن چەپەکانی گەلی سەردەستی لە ئێرانیش کراوەتە تاوانێك لە کولتووری سیاسیدا.

٢– هەر ئەوەی کە ئێستا دەرهەق بە گەلی کورد لە سێ بەشی داگیرکراوی کوردستان واتە ئێران، سووریاو ورکیا دەکرێ کە کەس ئەوان بە شوینیزم ناناسێو بەلاّم برازی رزگاریخوازی کورد بە ناسیۆنالیزم ئەویش بە تاوان لە قەڵەم دەدرێ.

# قەومییەت،
# ناسیۆنالیزمی قەومی و ئاسایشی نەتەوەیی



**نووسینی: سومەییە بینش**

**وەرگێڕان لە فارسی‌یەوە: سەید جەلال ساڵحی**



سکرتێری ئەوکاتی نەتەوە یەکگرتووەکان، "پێترۆس غالی"، لە ٩ی نوامبەری ١٩٩٣ی زایینی ئاگاداری دا کە ئاسایشی جیهان دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد بە هۆی شەڕ و کێشە قەومی‌یەکانەوە لەبەردەم هەڕەشە و گوڕەشە دایە. ناوبراو لە ڕاپۆرتەکەی خۆی‌دا ڕای گەیاند لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی تا ساڵی ١٩٩٣ی زایینی، ١٢٧ شەڕ ڕوویان داوە کە زۆربەیان لەسەر بنەمای دووبەرەکی‌یە قەومی‌یەکان بوون و زۆرێك لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی جیهان لە ئاکامی وەها توندوتیژی‌یەك لە ئارامی‌دا نەبوون، واتە ئاسایش و ئاسوودەیی‌یان بەخۆوە نەدیوە.

هەڵچوونی توندوتیژی‌یە سەرسامە قەومی و نەتەوەخوازی‌یەکان لە بەشی زۆری ئۆراسیا و ئافریقا لە سەرەتاکانی دەیەی ٩٠ی زایینی، باسگەلێکی جیددی لەم بارەوە وروووژاندوە کە داهاتووی نیزامی نێونەتەوەیی، دەوڵەتەکان و ئاسایشی هاووڵاتی-یەکانیان چی لێ دێ؟ دەنگ دانەوەی ناهومێد و ڕەش بینانەی شی کردنەوە زانستی و سیاسی‌یەکان لەوکاتدا لە پێرستی پەرتووکە بەناوبانگەکانی وەك "شەڕوکێشە بێ کۆتاییەکان"ی ڕیچارد هاس، "ئاژاوە"ی دانییەل ماینهام و "ڕووبەڕووبوونەوەی شارستانێتی‌یەکان و نۆژەن کردنەوەو داڕشتنەوەی نیزامی جیهانی لە سامۆئێل هانتینگتۆن" ڕەنگی داوەتەوە.

لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی‌دا شەڕ و کێشە چەکداری‌یە قەومی‌یەکان و شەڕە نێوخۆیی‌یەکانی نێوان قەومەکان کەم بۆوەو لە مەیل و بەریانی شەڕەوە بەرەو وت و وێژ، گۆڕانکاری‌یەك پێك هات. بەشێك لە شی کەرەوەو ڕاڤیاران ئەم کارەیان وەك سووکە ئاشتی‌یەك ناو بردوەو سێ هۆی لێك هەڵوەشانی دەوڵەتە چەند قەومی-یەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت(بلوك شرق) یان داڕشتنەوەی پێکهاتەکەیان، چوونەسەری تواناییە دێموکراتیکەکان و شێوە مەدەنی‌یەکان بۆ وەڵام دانەوە بە ململانێ‌یە ناسیۆنالیزمە قەومی‌یەکان و لە کۆتایی‌دا هەوڵە نێونەتەوەیی‌یەکان لە پێشگیری پێکهاتەیی و دەست تێوەردانی بەشەردۆستانە دژی توندوتیژی‌یە قەومی‌یەکانی وەك هۆکاری کەم کەرەوەی ئەم جۆرە شەڕوکێشانەیان، هێناوەتە بەرباس.

هاوكات لە گەڵ هەوڵە پێش گرتنە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەكان لە كاتی سەرهەڵدانی شەڕوكێشە قەومییەكان، خوێندنەوەو توێژینەوە تیۆریك و ئەزموونە بەرفرەوانەكان سەبارەت بە هۆكارو بوارەكان، شێوەگەلی پێكهاتەیی پێش گرتن و هەروەها شەڕوكێشە جۆراوجۆرە قەومییەكان و ڕەهەندە فرەچەشنییەكان و ناسیۆنالیزمە قەومییەكانی دیكەی دوای كۆتایی هاتنی شەڕی سارد، پێك هاتن و پێداچوونەوەیەكیان بە زەینیەتە خەیاڵاوییەكانی پێشوو سەبارەت بە پێوەندییە گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكان و پرۆسەی نوێ بوونەوە لە گەڵ قەومییەت و نێوەڕۆكی ئاسایشی نەتەوەیی لە جیهانی سێهەمدا كرد. دوابەدوای ئەو، ڕوانگەگەلێكی نوێ لە خوێندنەوەو لێكۆڵینەوەی قەومییەت و پێوەندییەكان و كاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، سەقامگیری سیاسیی و كۆمەڵایەتی و كاروباری گەشەكردن و برەوپێدان بیچمی بەخۆوە گرت. ئەم نڤیسارە هەوڵ دەدا تا بە شێوەیەكی خێرا، بەو لێكۆڵینەوانەدا بچێتەوەو ڕۆڵ و پێگەی قەومییەت و ناسیۆنالیزمی قەومی لە لێكۆڵینەوە ئاسایشییەكانی دوای شەڕی سارد بە تایبەتی كاریگەری وەرچەرخانی چەمكی ئاسایشی نەتەوەیی بەسەر ئاسایشی وڵاتە فرەقەومییەكانی جیهانی سێهەمدا هەڵ سەنگێنێ.

مەبەست لەم نووسینە بەرتەسك و دیاری كراوە، هەڵسەنگاندن و تاوتوێ كردنی هەموو ڕوانگەكان و ئاسەوارەكان نیە. هەربۆیەش تەنیا دەپرژێتە سەر هەڵسەنگاندنی هێندێك ڕوانگەكان و هەروەها نوێنەرانی فەرمی و هێنانە بەرباسی ئەم ناوەندەو گۆڕانكارییە تیۆرییەكانی.

ئەلف: قەومییەت، سەرچاوەی ناسەقامگیری نێوخۆیی و ناوچەیی لە لێكۆڵینەوە ئەمنییەتییەكاندا

ڕیچارد شولتز، بە پێی ئاست یان جۆری شەڕوكێشەكان، سێ ئاست لە دەقە ئەمنییەتییەكانی سەردەمی شەڕی ساردی پێناسە كردوە كە باسی شەڕوكێشەكانی نێوان دەوڵەتان، قورنەیی(قارە) ــ ناوچەیی و شەڕ و كێشە سووكەكان دەكا. ناوبراو لەم دابەش كردنەدا، شەڕوكێشە قەومی و ئایینییەكان لە چوارچێوەی شەڕوكێشە سووكەكاندا تاوتوێ دەكا و باوەڕی وایە هەرچەند بەڵگەگەلێك لەم شەڕوكێشانەی



دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بیندران، بەڵام كارناسان بە شێوەیەكی تایبەتی ئەوانە بە لەدایك بووی دەیەی هەشتا دەزانن و هەر لەبەر ئەوەشە لە دەقە ئەمنییەتی و ستراتیژییەكانی ئەم دەیەدا، بە شێوەیەكی جیددی شەڕوكێشە سووكەكانیان هێناوەتە بەرباس. لە ماوەی شەڕی ساردا، فاكتەری قەومییەت و ناسیۆنالیزمی قەومی دەڤەرێكی ئەمنییەتی تایبەتی دیاری كرد كە لەودا، ناسەقامگیری سیاسی هەڵقولاو لەو لە چوارچێوەی یەكێك لە دیاردە ڕەخنەخوازەكانی دەروون دەوڵەتی برەوی سەند. بەرهەمەكانی شای(Shy)، كولێر(Collier)، ساركزیان(Sarkesian) و شولتز(Shultz) سەرچاوەگەلێكی باوەڕپێكراوی ئەم سەردەمەن. لەبیرمان نەچێ پێویستە ئاماژە بە بەرهەمی "تێد ڕابێرت گێر"یش بكەین. ناوبراو لە لێكۆڵینەوەیەكدا بە ناوی "كەمایەتییە مەترسیدارەكان" دەری خست كە ژمارەی ئەم گرووپانە لە سەردەمی شەڕی ساردا ٢٣٣ ژمارە بووە كە هەركام لەوان تووشی شەڕ و كێشە جیددییە قەومییەكان بوون.

هەروەها "ڕابێرت گێر" لە كتێبێكی نوێیدا بە ناوی "خەڵك بە دژی دەوڵەتان"، ئاماژە بە زیاتر لە پەنجا شەڕ و كێشەی سیاسی ــ قەومی توند لە جیهاندا دەكا لە ماوەی ساڵەكانی ١٩٩٣ و ١٩٩٤ كە مەبەستیان خودموختاری یان سەربەخۆیی بووەو لە دوماییدا زۆرێك لەوان بە ڕاپەڕین و شۆڕش، دێموكراسی یان پێك هێنانی دەوڵەتە نوێیە نەتەوەیی یان ناوچەییەكان تەواو بووە. ئەم شەڕ و كێشانە كە تارماییەكی بەرین لە شەڕی نێوخۆیی تا شەڕ و كێشە سووكەكان لەخۆ دەگرێ، زیاتر لە چوار ملوێن كەسی كوشتووەو تەقریبەن نزیك بە بیست و حەوت ملوێن كەسیشی ئاوارەو دەربەدەر كردوە.

**لە ناوەندی شەڕ و كێشە سووكەكان، چەند پرسیاری سەرەكی تەوەری فەرمی لێكۆڵینەوە ئەمنییەتییەكان لەم بیاڤەدا دێتە ئەژمار:**

**لایەنی شەڕ و كێشە سووكەكان كامانەن و جیاوازییەكانیان لە گەڵ بابەتە لێكچووەكان چین؟**

**بنەما و سەرەتای ئەم شەڕ و كێشانە لە سەردەمی شەڕی ساردا چ بوون؟**

**هۆی پەرەسەندنی ئەم جۆرە لە شەڕ و کێشە قەومی و ئایینی‌یانەی دوای شەڕی سارد چین؟**

**ڕوانگەی دەوڵەتی ئەمریکا لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەم شەڕ و کێشانە لە سەردەمی شەڕە نێوخۆییەکان، شەڕی ساردو دوای ئەویش چۆن بووە؟**

گرینگترین هۆیەك کە وەها شەڕ و کێشەیەك، لە دابەش کردنی ڕیچارد شۆڵتێزدا بە سووك سەیر دەکرا، ئەوە بوو کە کاریگەردانان و شوێنەوارە ئەمنییەتی‌یەکانی وەها شەڕ و کێشەیەك لە چوارچێوەی جوغرافیایی ولاتێکدا بەرتەسك بوو و ئەوپەڕەکەی کاریگەرگەلێکی کەمی ناوچەیی بەدواوە بوو. هەرچەند کە ئەگەری ئەوە هەبوو شەڕ و کێشەیەکی لەوجۆرە کوشت و کوشتارێکی گشتی و پاکتاوکردن و سڕینەوەی نەتەوەیی ـــ قەومی و کارەساتی گەورەی مرۆڤایەتی بەدواوە بێ، بەڵام چونکە ئاسایش و بەرژەوەندیی زلهێزەکان و دوو دەسەڵاتداری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا واتە ئامریکا و یەکیەتیی سۆڤییەتی دەخستە مەترسی‌یەوە، وەك شەڕ و کێشەیەکی سووك چاویان لێ دەکرد. هەروەها لە سەردەمی شەڕی سارددا، قەومییەت وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی توندوتیژی لە چوارچێوەی مشت و مڕە جۆراوجۆرە نێوخۆییەکان و یان نموونە ناسەقامگیرییە سیاسی‌یەکان تاوتوێ و شی دەکردەوە. "کۆمار ڕۆپسینگە" لە تاوتوێ کردنی ناکۆکیە نێوخۆییە جۆراوجۆرەکان، ناکۆکی‌یە شوناسی‌یەکانی بە بەربڵاوترین و توندترین کێشەو ناکۆکی‌یەکان دادەنێ و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە هەر شوێنێك فاکتەرێکی قەومی، ئایینی، عەشیرەتی یان دووبەرەکی‌یە زمانی‌یەکان دەسەڵاتدار بن، ئەم جۆرە لە ناکۆکیە شوناسی‌یەکان مەجالێکی زیاتریان بۆ سەرهەڵدان هەیە و ئاوێتەیەك لە شوناس و ئاسایش خوازی دەپێکن. شوناس خوازیش وەك کاردانەوەیەکی بەرگریی پەیوەست بە خۆپاراستن لە فەوتانی ماکی و مینۆکی‌یە کە دەربڕی لە مەترسیی خستنی بناغەی ژیانی گرووپێکی کۆمەڵایەتی‌یە. لەم چوارچێوەیەدا، توێژینەوەیەکی بەرین لە دەیەی ٦٠ و ٧٠ی زایینی‌دا کراوە کە لە زۆربەی ئەواندا قەومییەت وەك یەکێك لە گرفتەکان یان سەرچاوەی توندوتیژی و ناسەقامگیری تاوتوێ کراوە. لە ساڵی ١٩٦٩دا گرووپێکی لێکۆڵەرەوەی شارەزا و لێزان، ١٦٠ گەنگەشەیان لە دەورەیەکی زەمەنی ١٥ ساڵە یانی



لە ١٩٥٤ تا ١٩٦٥ تاوتوێ کرد. ئەوان بە دوای هەڵێنجانی ئاکامەکان گەیشتنە سێ دەستەبەندی چەندایەتی:

<u>یەکەم</u>: گەنگەشە ناسیۆنالیستی‌یەکان بریتی‌یە لە، گەنگەشە قەومی، ڕەگەزی و ئایینی‌یەکان و ئەو گرووپانەی کە بە خاتری زمانی هاوبەش خۆیان بە قەومێك دادەنا.

<u>دووەم</u>: هەڵچوونە چینایەتی و سینفی‌یەکان کە کاروباری پێوەندیدار بە دووبەرەکی‌یە فێدراسیۆنەکانی کرێکاری، خاوەن کارو دەوڵەتی لەخۆ دەگرت یان بریتی بوو لە، کێشە و هەڵڵای چینەکانی خوارەوە بە دژی دەوڵەت.

<u>سێهەم</u>: ئەو شەڕ و کێشانەی‌تر کە لە گەڵ ئەو دوو دەستەیەی سەرەوە جیاواز بوون. وەکوو پیلان و کودیتای دوو گرووپی نیزامی و سیاسی بە دژی یەکتر.

ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی دەستکەوتوو لە توێژینەوەکانی ئەم گرووپە، سەرسووڕهێنەر بوو.

هەفتا لەسەدی ئەو گەنگەشانەی خرابوونە بەر توێژینەوەوە، بە هۆی دەمارگرژی‌یە ناسیۆنالیستی و قەومی‌یەکان بوون. پازدە ساڵ دواتر یانی لە ساڵی ١٩٨٤ی زایینی‌دا، هەر ئەو شەڕ و کێشانەیان خستەوە بەر هەڵسەنگاندن و دوایە ئاشکرا بوو کە سی بابەت لەوان لانی کەم جارێك تووشی تێك هەڵچوونی توندی نێوخۆیی بۆتەوە. "دەیوید ساندێرز"یش لە باسێکی سەبارەت بە تایبەتمەندی‌یە پێکهاتەیی‌یەکانی نیزامە سیاسی‌یەکان، سەرچاوەی ناسەقامگیری پێکهاتەیی لە سێ هۆکاردا تاوتوێ و هەڵ دەسەنگێنێ: تەوژمی حکوومەت(سەرکوت و توندوتیژی و زەبروزەنگی حکوومەتی)، نایەکسانی و کەلەبەرەکانی پێکهاتەیی.

ناوبراو گرینگترین کەلەبەرە پێکهاتەیی‌یەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ جیاوازی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی سەر بە گرووپە ئایینی و قەومی ـ زمانی و ئاماژە بەوە دەکا کە ئەدەبیاتی ئافرێنەر لە تاوتوێ کردنی گرینگترین کێشەی جیاوازی‌یە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکان و ئاکام و ئاسەوارەکانی فرەیە کە لە ڕوانگەی بیرکاری(ڕایی و تایلۆر Tailor & Rae)یەوە بگرە تا ڕوانگەی بەراوردکاری (ڕۆز و ئاروین Urwin & Rose) و شی کردنەوە لێکۆڵینەوەکانی(کەی و زولبێرگ Zolberg & Kes) لەخۆ دەگرێ. "ساندێرز" لە کۆبندی ئاکامی توێژینەوەکان و ڕوانگە جۆراوجۆرەکان جەخت

دەکاتەوە کە ئاکامەکان و ڕاستی‌یەکان، دەربڕی گرینگیی ئاشکرای جیاوازی‌یە ئایینی ــ قەومی‌یەکان لە سەرهەڵدانی کێشەو گرفتەکانی توندوتیژانەوەیە و جیاوازی بناغەیی قەومی و زمانی بە شێوەیەکی حەتمی ئاریشەگەلێکی ئاڵۆزی بۆ یەکپارچەیی سیاسیی و مسۆگەرکردنی نیزامیی سیاسی و سەقامگیری‌یەکی پتەو پێك دێنێ. بە تایبەت لە بوارگەلێك دا کە بنیات و ڕێکخراوە فەرمی‌یە سیاسی‌یەکان لە ڕاستای هێڵە جیاوازە قەومی‌یەکانی(ئایینی، زمانی یان ڕەگەزی) برەویان پەیدا کردبێ. هەروەها کەسانێکی وەك دەیوید هیبز، هۆرویتز، جوزێف نای، ئەکشتاین، مۆریسۆن و ئەستیۆنسۆن لە توێژینەوە بەربڵاوە ئەزموونی‌یەکانی خۆیاندا بە تایبەت لە سەرچاوەی ناسەقامگیری و توندوتیژی‌یە سیاسی‌یەکان لە ئافریقا، ئاسیا و ئەمریکای لاتین پشت ڕاست دەکەنەوە کە شەڕە نێوخۆیی‌یەکانی ١٠٨ وڵاتیان تاوتوێ و، پێوەندی بە فاکتەری ناسیۆنالیزمی قەومی و زمانی‌یەوە بووەو ڕادەی توندوتیژی سیاسی لە وڵاتانی فرە قەومی‌دا زیاتر هەڵسەنگێندراوە.

**ب: توانایی دەربڕینی قەومییەت لە شی کردنەوەی (ئاسایشی نەتەوەیی) وڵاتانی فرەقەومی‌دا**

**هۆکارە کاریگەرەکانی سەر توانایی دەربڕینی قەومییەت لە شی کردنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی فرەقەومی‌دا چیە؟**

ڕۆڵی گۆڕانکاری دەڤەری هێمنایەتی واتە لێك هەڵوەشانی نیزامی نێونەتەوەیی دوو جەمسەری لەسەر وەرچەرخانی ڕۆڵی قەومییەت چ بووە؟ شوناسەکانی گۆڕینی ئەمنییەتی چیە و ئایا قەومییەت و ناسیۆنالیزمی قەومی دەتوانن وەك گۆڕینی ئەمنییەتی سەیر بکرێ؟ لە کاتی وەڵامی ئەرێنی‌دا، هەڕەشە و گوڕەشەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی‌یەکەیان کامانەن؟ لە درێژەی ئەم وتارەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدرێتەوە.

لە توێژینەوەکانی سەردەمی شەڕی سارددا، قەومییەت و ناسیۆنالیزمی قەومی زیاتر وەك گۆڕانێکی ناسەقامگیری سیاسیی نێوخۆ چاوی لێ دەکرا. بەو شێوەیە کە "مۆرگێنتا" ئاماژە دەکا، ئەم هۆکارانە وەك یەکێك لە هێزە نێونەتەوەیی‌یەکان لە سەقامگیرکردنی هاوسەنگی دەسەڵات کەڵکی لێ وەردەگیراو هەر بەو شێوەیەش



حیسابی لەسەر دەکرا. هەروەها لە هێندێك لە دەقەکانی ئەم سەردەمەدا، قەومییەت لە چوارچێوەی توێژینەوە ئەمنییەتی‌یەکانی ناوچەیی و وەك گۆڕانێك هەڕەشە لە ئاسایشی ناوچەیی لە جیهانی سێهەمدا دەکا و هەر بەو ڕادەیەش ڕێگا چارەی ناوچەییش دەخوازێ، تاوتوێ کراوە. لەم دەقانەشدا مەسەلەی سەرەکی جێی سەرنجی جیهانی سێهەم لە بواری هاوپێوەندی چینی خوارەوەی کۆمەڵگا، ئەزموونێکی کەم لە نەتەوەو دەوڵەت سازی و هەڕەشەوگوڕەشە کردەیی و شاراوەکانی پەیدابوو لەم کاروبارە، وەك یەکیان دادەنان. بیرمەندانی یەکیەتیی سۆڤیەتیش لە باسی سەر بە شەڕوکێشە ناوچەیی‌یەکان بە سەر بیرۆکە و ڕوانگە کۆمۆنیستی و سوسیالیستی‌یەکان جەختیان دەکردەوەو چاوەڕوانی ئەوە بوون کە سەرەنجام وشیاری قەومی، جێگای خۆی دەدا بە وشیاری و ناکۆکی چینایەتی. ئەوان بەو ئاکامە گەیشتن کە وەها فاکتەرێك لە داهاتوودا، ئیتر وەك گۆڕێنێکی کاریگەر نایەتە بەرباس. کۆتایی شەڕی ساردو لێك هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤییەت دەری خست کە ڕوانگە و سیاسەتە کۆمۆنیستی‌یەکان لە سڕینەوەی وشیاری قەومی و ئینتماکانی نەتەوەخوازانە، سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان نەبووە. ئەو وڵاتانەی کە یەکیەتیی سۆڤییەتی‌یان وەك نموونەی کردەوەیی خۆیان هەڵبژاردبوو، یەکەوجێ تووشی قەیران بوون و لەنێو ئەواندا ناسیۆنالیزمی قەومی بوو بە هێزو بزووتنەوەیەکی جیایی خوازیی کە بەشێکی زۆری لە دەرکەوتنی ناهێمنایەتی‌یەکانی دوای شەڕی سارد ڕۆڵیان بینی.

لێك هەڵوەشانی نیزامی دوو جەمسەری جیهانی، هەم بوو بە هۆی گۆڕانکاری‌یەکی بناغەیی ئاسایشی ژینگە و هەمیش گۆڕێن و چاوپێداخشاندنەوەیەك لە خاڵە سۆڤی-یەکان و تەوەری توێژینەوە ئەمنییەتی‌یەکان. "ڕابێرت ماندێل" ئەم گۆڕانکاری‌یە ژینگەیی‌یە لە ڕێگای سێ فاکتەرەوە واتە کەم کردنەوەی دەسەڵاتدارەتی نەتەوەیی، بردنەسەری پێوەندارێتی دوو لایەنەی نێونەتەوەیی و چوونەسەری کێشە بەربڵاو و بێ بناغەیی‌یەکان لێك دەداتەوە. بە باوەڕی ئەو، ئەزموونی هێندێك نەتەوەی گرینگیی فرەقەومی لە پەنا چوونەسەری شەڕ و کێشە قەومی‌یەکان، لاوازبوونی باڵادەستی نەتەوەیی و ئاڵ و گۆڕ لە چوارچێوەی توێژینەوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی‌دا بووە.

هەروەها "ئانتۆنی بریچ" پێکهاتنی دەوڵەتە نەتەوەیییە سەربەخۆ نوێکان و هاتنە مەیدانی ئەکتەرانی فرەنەتەوەکان لە بوارەکانی لاوازکردنی مودێلی دەوڵەت تەوەر لە توێژینەوەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا دەزانن. بەم پێیە، لاوازکردنی ئەو مودێلە باس کراوە، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە تێگەیشتنی ئێمە لە هەڕەشە و گوڕەشە و وشیاریمان بە نیسبەت ئەوەی کە چ کاروبارێکمان دەچێتە خانەی هەڕەشەی فەرمی-یەوە، دەی گۆڕێ. بە واتایەکیتر، گۆڕانکاری ئاسایشی ژینگە بەسەر لەنێوچوونی نموونەی ڕیالیزمی نەریتی لە پێوەندییە نێونەتەوەیییەکاندا، کاریگەرییەکی زۆری داناوە. "کۆنت کریستی" فاکتەرە نوێیەکانی ئاسایشی ژینگەی بەم شێوەیە لێك دەداتەوە: چەمکە نوێیەکانی پەیوەست بە ناوەندی ئاسایش لە سەردەمی دوای شەڕی سارد، کەمتر بەسەر بیرۆکەی (دوژمنێك دا) و ئایا ئەم بیرۆکەیە هەموو هەڕەشە و گوڕەشەی نیزامین، چڕبوونەوە. ئەم چەمکەکانە، زیاتر جەخت لەسەر هەڕەشە و گوڕەشەکانی نەرم ئامێری ئاسایش دەکەنەوە. گرینگترین ئەم هەڕەشانە، ناوەندەکان یان کاروبارێکی وەك گۆڕانی سنوور و سنوورە گۆڕاوەکان، ڕەگەز و قەومییەت، مەسەلەی کەمایەتییە نەتەوەیی و قەومی، بناژۆیی ئایینی و ئایدز لەخۆ دەگرێ. هەرچەند ئەم بابەتانە تەبایییەکی تەواویان لە گەڵ پێکهاتەی سیاسیدا نیە، بەڵام ئێستاش سیاسەتوانان، وەڵامێکی دیاری کراویان بۆ نەدۆزیونەوە. ئەوان پێشاندەری هێزگەلێکی شاراوەو گەڤۆك بۆ تێکدانی بارودۆخی ئێستاکە دێنە ئەژمار. یوگسلاوی، ئورووپای ڕۆژهەلات، ڕووسیە، وڵاتانی هاوبەرژەوەندی و قەفقاز، تەنیا چەند ناوەندگەلێکن لە قاڕەی ئورووپا کە بە هۆی وەها هێزگەلێکەوە تووشی پشێوی و کێشە و هەڵلا و ناهێمنایی بوون.

وەڵام بۆ ئەوەی کام دیاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەتوانێ وەك گۆڕانێکی ئەمنییەتی بە ناوەندی تەنایی نەتەوەیی پەیوەست بێ، ترس و نیگەرانی زۆرێك لە بیرمەندانی هەڵکەوتەی لە ناوەندی توێژینەوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە جیهانی سێهەم و وڵاتانی دیکەی تازە دامەزراوی دوای شەڕی سارد بووە. ئەوەی ڕاستی بێ بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییە دانسقەکانی ئاسایشی ژینگەی هەر وڵاتێك، وەها مەسەلەیەك دەتوانێ هەراوی و بەرینایییەکی زۆری هەبێ و بە پێی بۆچوونی



بیرمەندانێکی وەك "بووزان"، ئەمە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتانە کە نێوەرۆکی گوڕێنە ئاسایشییەکان و سنوورەکانیان دیاری دەکا تاکوو ئەو ڕاستییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە ماکییانەی کە دەکرێ لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاسایی شەڕ و کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا تاوتوێ بکرێن. بۆ دوورکەوتنەوە لە وەها گومانێك، ئەم بیرمەندانە هەوڵیان داوە تاکوو لە ڕێگای خستنەڕووی پێوەرگەلێك، ڕادەی هەڕەشە سڕینەوەی دیاردەیەك کە بکرێ وەك گۆڕانێکی ئەمنییەتی تاوتوێ بکرێ، دیاری بکەن. لەم چوارچێوەیەدا، "باری بووزان" پێوەری دیاری کردنی گۆڕانی ئەمنییەتی بە کاردانەوەی هەڕەشەکان و خەسارهەڵگرییەکان دەزانێ و لە گەڵ ئەوەی کە چۆنایەتی و چەندایەتی هەڕەشەکان یان خەسارهەڵگرییەکان دەتوانن گۆڕانێك بکەنە ئەمنییەتی یان نائەمنییەتی. ناوبراو لە پۆستی ناسینی هەڕەشە ئەمنییەتییەکاندا باسی سێ جۆری جیاوازی کردوە. ئەو هەڕەشانەی کە لالێکەرەوەی بیرۆکەی دەوڵەتی(ناسیۆنالیزم)ن، هەڕەشەگەلێك کە ڕوویان لە بوونی فیزیکی و ماددیی دەوڵەتی(حەشیمەت و سەرچاوەکان)ن و ئەو هەڕەشانەش کە دام و دەزگای دەوڵەت(سیستمی سیاسی) دەپێکێ. ئەو دابەش کردنانەی سەرەوە باس لە تەوەرەیی بوونی دەوڵەت دەکا بە جۆرێك کە ئەگەر توخمێکی دیکەی وەك حەشیمەت یان سەرچاوە سروشتییەکان دەکەونە بەر سەرنجەوە، بە نیسبەت متمانەکەیان لەگەڵ بوونێتییەك بە ناوی دەوڵەتەوە بووە. "محەممەد ئەیییووب"یش لە پێوەندی لە گەڵ وڵاتانی جیهانی سێهەمدا قسە لە هەڕەشە و گوڕەشەیەك دەکا کە سەرەڕای نێوخۆیی و دەرەکییەکەیان، هەموویان ڕوویان لە دەوڵەتە. بە پێی ئەم بۆچوونە، دەبێ ئەوانەی کە بە جۆرێك (دارایی دەوڵەت)یان مەبەستە و دەی پێکن بە هەڕەشە بزاندرێن. (ئاسایشی نەتەوەیی)، بریتییە لە گەڵاڵەیەکی تەواو لایەنە کە لە هەوڵی پارێزگاری کردنی دەوڵەتە لەم هەڕەشانە. لە ڕاستیدا، بەو پێیە کە سەرچاوەی سەرەکی ئاسایش لە وڵاتێکدا چ کەسێك یان بنیاتێك بێ، دەکرێ نێوەرۆکی هەڕەشەکانیش جیاواز بن و بە پێی شی کردنەوەی "بریان جاب" لە سەرچاوەکانی ئەمنییەت، ئەو کۆمەڵگایانەی کە خاوەنی گرووپە قەومی و بە کۆمەڵییەکانی (شوناسی)ن، لە بواری دیاری کردنی نێوەرۆکی هەڕەشەکان و گوڕێنە ئەمنییەتی-

یەکانی پەیوەست بە سەرچاوەی ئەمنییەتەوە، بارودۆخی ئاڵۆزیان هەیە، چونکە ئاسایشی گرووپە قەومی‌یەکانیش هەروەك هاووڵاتیان، نەتەوەو دەوڵەت دەچنە نێو هاوکێشە ئەمنییەتی‌یەکانەوە. هەروەك ئاسایشی دەوڵەت دەتوانێ لە ڕێگای هەڕەشە و گوڕەشە ناسیۆنالیزمە قەومی‌یەکانەوە بکەوێتە بەر مەترسی‌یەوە، سیاسەتە تایبەتەکانی قەومی دەوڵەتیش دەتوانێ هەڕەشە لە ئاسایشی گرووپە قەومی‌یەکان بکا. کەواتە، گۆڕانە ئەمنییەتی‌یە هەڕەشەهێنەرەکان لەوەها کۆمەڵگایەکیش‌دا دەتوانێ بە ئاسایشی دەوڵەت و ئەمنییەتی گرووپە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە پەیوەست بێ.

"تێد ڕابێرت گێر"یش لە وەڵامی ئەوەی کە چ کاتێك شوناسی قەومی دەگاتە هەوڵدان و ویست و ئیرادەی سیاسی و دەبێتە گۆڕانێکی ئەمنییەتی، لەسەر ئەو باوەڕەیە کاتێك کە قەومییەتێك لە لایەن گرووپەکان و یان لە ڕێگای جیاوازەوە بکەوێتە بەر هەڕەشە و زوڵم کردن و غەدرەوە، دەبێ چاوەڕوانی بزووتنەوەیەکی قەومی بکرێ. کەواتە لە ڕوانگەی ئەوەوە، زۆربەی بزووتنەوە قەومی‌یەکان لە کۆتایی دەیەکانی سەدەی بیستەمدا لە وەڵام دانەوە بە هەڕەشەکانی شوێن و دەڤەری سیاسی وەك مل نەدان و هەڵاواردن سەریان هەڵ داوە. ڕێگەچارەی پێکهاتەخوازی کۆمەڵایەتی (The social constructionist approach)ش گۆڕانی هەڕەشاوی پێداویستی‌یە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکانی ژینگەیی بە بناغەیەك بۆ کارو ویست و ئیرادەی سیاسی شوناسە قەومی‌یەکان لە بەرامبەر سیاسەتە قەومی‌یەکانی دەوڵەتەوە دەزانێ. لەم ڕێگایەوە مەسەلەی قەومییەت دەبێتە کارێکی سیاسیی و ئەمنییەتی بۆ دەوڵەت.

"دیتریش فیشێر" بە ڕوون کردنەوەیەکی تایبەت لە هەڕەشە، پێوەرەکانی گۆڕانی ئەمنییەتی بەم شێوەیە لێك دەداتەوەو باس دەکا کە ئەگەر هەڕەشە دیاردەیەك بێ بۆ مانەوەو بەردەوامی ڕێکخراوەیی، فەرهەنگی، باوەڕمەندی و شوناسی یان مانەوەو بەردەوامی ڕێژیمی سیاسی و دەوڵەت و، لە پانتایی‌یەکی بەربڵاو و گشتگیری پێویست و جێ متمانە و گرینگی‌یەکی لەبار لە لای ڕێبەرانی سیاسی‌دا هەبێ، وەك گوتەزایەکی ئەمنییەتی لە قەڵەم دەدرێ و حەساوی لەسەر دەکرێ. "فیشێر"، گەشەکردنی ئەو



بزووتنەوە قەومی‌یانەی کە هەڕەشە لە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دەکا یان پرۆسەی ڕووخانی سیاسی کە مانەوەو بەردەوامی ڕێژیمی مەبەستە، وەك گۆڕانە ئەمنییەتی-یەکان دەیان ناسێنێ. دیارە تاقمێك لە بیرمەندانی وەك "موون" و "ئازێر" لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئاشکرا کردن و دیاری کردنی ئەو هەڕەشانەی کە پەیدابووی قەیرانی یەکپارچەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتین، بە دژواری وەك کۆمەڵێك لە نیگەرانی‌یە ئەمنییەتی‌یەکان لە قەڵەم دەدرێن، چونکە تێکهەڵچوونە گرووپی و قەومی‌یەکان، هۆیەکان، ویستەکان، مەبەستەکان بواری جۆراوجۆریان هەیە. کەواتە دەکرێ بە یارمەتی نموونەیەکی شیکاری تێکهەڵچوونە کۆمەڵایەتی‌یە درێژخایەنەکان(Protracted social conflicts) بە جوانی لە جۆر، سەرچاوەو ڕادەی هەڕەشەکانی سەرچاوەگرتوو لە گیروگرفتە گرووپی ــ قەومی‌یەکان تێبگەی. ئەگەر جۆری تێکهەڵچوونەکان، لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌یەکی تایبەت پەیدا دەبن کە لەودا، دووبەرەکی‌یەکی قووڵی گرووپی لە گەڵ نایەکسانی پێکهاتەی وەدی هێنەر دایە. ئەم نایەکسانی‌یە، گرووپگەلێکی تایبەت لە کۆمەڵگا بە شێوەی پێکهاتەیی دەکاتە قوربانی. کەواتە، نایەکسانی سیاسی و ئابووری لە نێوان شوناسە بن نەتەوەیی(فرو ملی)یەکان و زاڵ بوونی ئایدۆلۆژیای گرووپێك بەسەر گرووپە کۆمەڵایەتی‌یەکانی‌تردا، لە هۆکارە سەرەکی‌یەکانی بەردەوامی تێکهەڵچوونەکانە. بە پێچەوانەی هەڕەشە ئاسایی‌یەکان، ئەم جۆرە تێکهەڵچوونانە کەمتر پێش بینی دەکرێن و لە نێوان سەرچاوە نێوخۆیی و دەرەکی‌یەکانی تێکهەڵچووندا سنوورێکی ئاشکرا و دیاری کراو نیە، واتە، سەرچاوەکانی نێوخۆ و دەرەوە بێ سنوورن، بەڵام خاڵێکی کۆتایی ئاشکراشیان هەیە. هەنووکە بیرمەندانێکی وەك "ئازروومۆن" بە پێڕەوی لە "بووزان" و "ڕیچارد لیتڵ"، لە بابەت ئاسایشی نەتەوەیی‌یەوە، گۆڕینی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کە چاوەدێری بەسەر چۆنیەتی ڕیزبەندی هێزەکان و گرووپە کۆمەڵایەتیی و سیاسی‌یەکاندا دەکا، وەك مەسەلەیەکی گرینگ سەیری دەکەن و تەنانەت بەم پێیەش، دەوڵەت و وڵاتەکانیان بەسەر دوو گرووپی لاواز و بەهێزدا دابەش کردوەو پلەی یەکگرتوویی شوناسی نەتەوەیی و بوون یان نەبوونی وردە

شوناسی‌یەکانی ڕقەبەری وردە نەتەوەیی(خردە ملی) بە پێوەرگەلی وەها جیاکەرەوەیەك دادەنێن.

**"ڕابێرت ماندێل"یش لە تاوتوێ کردنی ڕەهەندە سیاسی و فەرهەنگی‌یەکانی ئاسایشی نەتەوەیی‌یەوە، ئاماژە بە دوو پێوەر دەکا:**

**ڕادەی دەسەڵاتدارەتی دەوڵەتەکان، حکوومەتەکانیان و ئایدۆلۆژی‌یە سیاسی-یەکانیان.**

**ڕادەی خۆڕاگری، یەکگرتوویی و پێکەوە ژیانێکی ئاشتی‌یانەی شوناسە فەرهەنگی-یە نەریتی‌یەکان لە نێوان نەتەوەکان دا.**

هەر لەو کاتەدا ناوبراو وەبیردێنێتەوە کە دیاری کردنی هەڕەشەکان لە لایەنە فەرهەنگی و سیاسی‌یەکانی ئاسایشی نەتەوەیی‌یەوە دژوارترە، چونکە زۆرجار بناغەی شوناسی سیاسی ــ فەرهەنگی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی یان فرەقەومی‌دا، ڕوون نیە. هەروەها نێوەڕۆکی دینامیزمی شوناسە کۆمەڵایەتی‌یەکان، دیاری کردنی ئەم کارە بۆ هەر نەتەوەیەك دژوار دەکا کە کام یەك لە هۆکارە گۆڕانەکان لە شوناسە کۆمەڵایەتی-یەکان وەك هەڕەشەیەك سەیر دەکرێ.

٣: هەڕەشە سیاسی‌یەکانی قەومییەت، قەیرانی دەوڵەتی نەتەوەیی

هەرچەند تاقمێك لە خاوەنڕاکانی ناوەندە توێژینەوە قەومی‌یەکان، لەسەر ئەو باوەڕەن کە نەبوونی شەڕ و کێشەکان لەو کۆمەڵگا فرەقەومییەتانەی کە پرۆسەی مێژوویی دەوڵەت سازی و نەتەوەسازی‌یان بە شێوەیەکی خاترجەمیانە تێپەڕ نەکردوە، بە مانای دەستەبەربوونی ئاسایشی نەتەوەیی نیە، بەڵام وامان دانا کە هەڕەشە سیاسیی و کۆمەڵایەتی‌یەکان بۆ قەومییەت لە بارودۆخێکدا سەرهەڵ دەدەن کە کەلەبەرە سیاسی‌یەکانی دەرکەوتوو لە شوناسەکانی گرووپی قەومی چالاك بوو بێ. هەروەکی "بووزان" و "تێد گێر" و هی دیکەش ئاماژەیان پێ کردوە، لە وەها کۆمەڵگاگەلێکدا پەیامی نەتەوەسازی، پەرەپێدان، ئاسایش و مەبەستە گەورە نەتەوەیی‌یەکانی‌تر بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئەستۆی دەوڵەت دایە. هەموو جۆرە هەڕەشە و ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەیەکیش لە لایەن بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاوە، ڕووی لە ئاسایش و کرداری دەوڵەتە و چڕبوونەوە لەسەر مشت و مڕەکانی



نێو کۆمەڵگا لە نێوان دەوڵەت و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی‌یەکانی وەك گرووپە قەومی-یەکان، ئیزنیان پێ دەدا کە پرۆسەکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیی و سیاسی لەگەڵ ڕوانگە نوێ‌یەکان تاوتوێ کرێ. توێژینەوە ئەنجام دراوەکانی سەردەمی شەڕی سارد ئەم گوتەزایەیان زۆر بە جیددی و گرینگ دانەدەنا. ئەمە هەر ئەو ڕوانگەیە کە وەك "ڕوانگەی نەرم ئامێری" بە ئاسایشی نەتەوەیی لە جیهانی سێهەمدا چەمك بەندی کراوە. لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە لەسەر ئەو باوەڕەن کە کێشەی ڕەوایی دەوڵەتان، لە یەکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتی یان نەبوونی یەکپارچەیی و بێ‌دەسەڵاتی لە سیاسەت سازی‌دا لە گۆڕانکاری‌یە بنەڕەتی‌یەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەم وڵاتانە دایە. "باری بووزان"یش گرینگترین هەڕەشە سەرەکی‌یەکانی ئەم کۆمەڵگایانە لە سێ فاکتەری هەڕەشە سەبارەت بە بیرۆکەی دەوڵەت و چۆنایەتی پێوەندی‌یەکانی دەوڵەت ــ نەتەوە، هەڕەشە لەهەمبەر ڕێکخراوی دەوڵەتی و هەڕەشە سەبارەت بە بوونی فیزیکی دەوڵەت، لێك دەداتەوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە قەومییەت یان ناسیۆنالیزمی قەومی چۆن دەتوانێ هەڕەشە لە توخمەکان یان بناغە خوازراوەکان بکا و لەرزۆکیان بکا. بۆ وەڵام دانەوەو تێ‌گەیشتنی بەستێنە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دەوڵەت وەك مژارو ژێدەری سەرەکی ئەمنییەت لە کۆمەڵگا چەند قەومی و چەند نەتەوەیی‌یەکان‌دا، تێ‌گەیشتنی جۆری نموونەی پێوەندیی نێوان نەتەوەو دەوڵەت پێویستە. نموونەی یەکەم، بارودۆخێك وەبیردێنێتەوە کە لەودا هیچ شتێك لە نێوان نەتەوەو دەوڵەتدا نیە و، نەتەوە باڵێك و دەوڵەت باڵێکی خۆی پێك دێنێ. وەك کۆمەڵگاکانی ژاپۆن و ئیتالیا کە پێوەندیی نەتەوەو دەوڵەت بە تەواوی قووڵ و بنچینەیی‌یە و دەوڵەت خاوەن شوناسی دەسەڵاتداری لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی و ڕەوایی‌یەکی قووڵی فەرهەنگی ــ سیاسیی لە نێوخۆ دایە.

**لە مودێلی دووهەمدا، دەوڵەت لە پێك هێنانی نەتەوەی مۆدێرن ڕۆڵێکی تەوەرەیی هەیە.**

دەوڵەت، لە هەوڵی وەدی هێنان و بانگەشەی توخمە فەرهەنگی‌یە یەکگرتووەکانی وەك زمان، هونەرو یاسا دایە نەك ئەوەی کە نەتەوە لە ماوەی زەماندا گەشەی کردبێ و شوناسی نەتەوەیی و فەرهەنگی‌یەکی دیاری کراوی کە لە گەڵ دەوڵەتدا هاوئاهەنگی

هەیە، پێك بێنێ. کۆمەڵگاکانی ئەمریکا و ئوستوڕالیا و هەروەها هێندێك لە کۆمەڵگا کۆنەکان کە بە خوڕپە لە ئایدۆلۆژیا ناسیۆنالیزمەکانی ئورووپایی لە پیلانی پێك هێنانی نەتەوەو دەوڵەتێکی مودێڕن‌دا بوون، لە نموونەکانی ئەم مودێلەن. ئەم پرۆسەیە، بۆ پێك هێنانی نەتەوەیەکی تاك یان پتربوونی توێژێکی نوێی بەکۆمەڵ لە سەرووی شوناسەکانی‌ترەوە، پێویستی بە لەنێوچوونی ئەو شوناسە هەبووانەیە. لە بواری ئاسەواری ئەمنییەتی‌یەوە، دەوڵەت ــ نەتەوەگەلێکی لەو جۆرە لە گەڵ بەرەنگاری شوناسە نەتەوەیی و قەومی ــ خۆجێ‌یی‌یە جۆراوجۆرەکان بەرەوڕوویە و لەم ڕوانگەوە خەسار هەڵگر و نائارام دەبێ. ئەگەر لەم بارودۆخەدا بیرۆکەی دەوڵەت لە پێك هێنانی نەتەوەیەکی مودێڕن و جێی ڕەزامەندی خەڵك، سەرنەکەوێ، لاوازەو لە بەرامبەر ململانێیە نێوخۆیی و دەرەکی‌یەکان‌دا تووشی قەیران دەبێ.

مودێلی سێهەم چاوەدێری دەوڵەتی چەند نەتەوەیی یان چەند قەومییەتی‌یە. "باری بووزان" دوو نموونەی لاوەکی نێوخۆیی پێناسە دەکا کە بریتین لە: دەوڵەتی چەند نەتەوەیی فێدراتیو و دەوڵەتی چەند نەتەوەیی ئیمپراتۆری.

لە دەوڵەتە فێدراتیوەکاندا، تەنیا مەبەست لە ئاماژەکردن بە پێکهاتەی سیاسیی فیدراڵ نیە، بەڵکوو لەم دەوڵەتانەدا بە بێ ئەوەی هەوڵ بدەن سەرپۆشێکی دەستکردی دەوڵەت ــ نەتەوە بە سەر ئەم کۆمەڵگایانەدا بسەپێ، نەتەوە جیاجیاکان دەتوانن شوناسە تایبەتەکانیان بپارێزن. بەم هۆیەوە، ئەم نموونەیە لە بواری تیۆریکەوە، نەتەوە ــ دەوڵەت وەك نموونەیەکی ئایدیال قەبووڵی نیە. لەم ڕووەوە، دەوڵەتی فێدراتیوی فرە کولتووری ناتوانێ ڕیشەی لەنێو ناسیونالیزمدا هەبێ و ئەم ڕاستی‌یە بۆشایی‌یەکی سیاسیی مەترسیدار لە دڵی دەوڵەتدا پێك دێنێ.

نموونەی لاوەکی دووهەم یان دەوڵەتە چەند نەتەوەیی‌یە ئیمپراتۆری‌یەکان، دەوڵەتگەلێکن کە لەودا یەکێك لە نەتەوەو قەومەکان وەك هۆکاری پێکهێنەری دەوڵەت بەسەر پێکهاتەکانی‌دا زاڵە و بە قازانجی خۆی سەروسامان بە دەوڵەت دەدا. ڕووسەکان لە نیزامی تزاری و شۆڕەوی(یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو) و پەنجابی‌یەکان لە پاکستاندا لە نموونەی ئەم جۆرە دەوڵەتانەن. لەم دەوڵەتانەدا، وێ دەچێ نەتەوەی زاڵ هەوڵ بدا تاکوو نەتەوەکانی دیکە لە ڕێگای جۆراوجۆرو جیاوازەوە سەرکوت بکا.



ئەگەر شێوازەکان هەر لە کوشت و کوشتارەوە بگرە تا ڕاکێشانی فەرهەنگی و قەومی درێژەی هەبوایە کە لە هەمووی ئەواندا، مەبەستی سەرەکی، گۆڕینی بە شتێکی لە وێنەی نەتەوە ــ دەوڵەت دا. وێ دەچێ نەتەوەی باڵادەست، تەنیا لە ڕاستای گونجاندن و پاراستنی باڵادەستی و دەسەڵاتی خۆی لە هەوڵدا بێ، بێ ئەوەی لە ڕاستای ڕاکێشان یان وەلانانی گرووپە قەومی‌یەکانی دیکەوە بێ. هەڕەشە سیاسی و ئەمنییەتی‌یەکانی دەوڵەتە ئیمپراتۆری‌یەکانیش کەمتر لە دەوڵەتانی فیدراڵ نیە. ئەم دەوڵەتانە خاوەن تواناییەکی بەهێزن بۆ گۆڕان بە دەوڵەتگەلێکی جۆراوجۆرو لە بەرامبەر هەڕەشەکانی سەر بە دابەش کردنە نەتەوەیی و قەومی‌یەکانی نێو خۆیان، لاوازو خەسارهەڵگرن. وێ دەچێ ئەم جۆرە دەوڵەتانە بکەونە بەر هەڕەشەوگوڕەشەی جیایی خوازی‌یەوە.

سەقامگیری و پایەداری دەوڵەتانی ئیمپراتۆر پێوەندی بە توانایی نەتەوەی باڵادەست لە پاراستنی کۆنترۆڵ و زاڵ بوونی بەسەر هی دیکەدا هەیە. ئەگەر وەك بارودۆخی ئیمپراتۆری عوسمانی بە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و یان یەکیەتیی سۆڤییەتی دوای شەڕی سارد، گۆڕانکاری‌یە ناوخۆیی‌یەکان یان تەوژمە نێونەتەوەیی-یەکان و دەست تێوەردانی دەرەکی، توانایی دەوڵەت بەرەو لاوازی بەرن، پێکهاتەکەی دەکەوێتە بەردەم ڕووخان و دارمانی تەواوەوە. کەواتە، هەڕەشە سیاسی‌یەکانی پەیدابوو لە نەبوونی هاوچەشنی نەتەوەو دەوڵەت، وەك هۆکارێکی گرینگ لە ئەمنییەتی نەتەوەیی دەوڵەتانی ئیمپراتۆر سەیر دەکرێ و دێتە ئەژمار. هەڕەشە سیاسی‌یەکانی قەومییەت، جیاواز لە کاریگەری‌یەکی قووڵ لەسەر پێوەندی‌یەکانی دەوڵەت ــ کۆمەڵگا و فۆرم گرتنی مودێلە تایبەتەکانی دەوڵەت، دەتوانێ پەیوەست بە لاوازکردنی ڕەوایی سیاسی و ناکارامەیی دەوڵەت لە ئیرادەیەکی سیاسیی بەرین، پاوان سڕینەوە لە بەکاربردنی توندوتیژی دەوڵەت و لاوازکردنی شوناسی نەتەوەیی بەربڵاوتر بێ.

"لووسین پای" لە بابەت ڕۆڵی فرەچەشنی قەومی لە سەرهەڵدانی قەیران لە شوناسی نەتەوەیی‌دا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەم جۆرە قەیرانە کاتێك سەرهەڵ دەدا کە دەوڵەت بەو هۆیەوە کە توخمگەلێکی گرینگ لە حەشیمەتی وڵات پابەندی‌یەکی

زیاتریان بە پۆلێنەکردنە بن نەتەوەییەکانەوە هەیە، ناتوانێ وەك یەکەیەکی نەتەوەیی لێهاتوو و کارامە ڕۆڵ بگێڕێ. بە واتایەکیتر، کارە تایبەتەکانی دەوڵەت ـــ نەتەوە بە هۆی نەبوونی پشتیوانی لە لایەن تێگەیشتنێکی بەهێز لە نەتەوە بە شێوەیەکی ڕەزامەندانە ئاشکرا و بەڕێوە ناچێ.

"ئانتۆنی ئێسمیت"یش قەوم تەوەری بە هۆکاری نایەکگرتوویی لە گۆڕەپانی شوناس و دەسەڵاتی نەتەوەیی دەزانێ. لە ڕوانگەی ئەوەوە، ویژدانی قەومی کە شوناسی خۆی لە ژن و ژن خوازی، هاوڕەگەزی، هاوزمانی و هاوئایینی، ژیان و بارهێنان و پەروەردە لە بەستێنی فەرهەنگی قەومیی ڕابردوو، ئۆستوورەکان و بیرەوەرییە مێژووییە هاوبەشەکاندا دەدۆزێتەوە، بە گشتی درەنجامێك بە پێویست دەزانێ کە بەرهەمەکەی پێك هێنانی شوناسی قەومی و بەهێزکردنی هاوپێوەندی و یەکگرتوویی قەومی لە بەرامبەر شوناسێکی گشتگیر و نەتەوەیی دایە. ئەم دەرەنجامە لە بواری سیاسییەوە دەبێتە هێزێك کە پەیوەست بە دەسەڵات و دەوڵەتی سەربەخۆیە و لە ڕوانگەی فەرهەنگییەوە بە شوێن بە یاسایی کردنی بایەخە فەرهەنگی قەومییەکانی خۆیەتی. هەروەها کەسانێکی وەك "مایرۆن واینێر" لە باسی ڕەوایی سیاسیی و یەکپارچەیی نەتەوەییدا، جیاوازی ئەتنیکی بە کارێکی سیاسی دەزانێ و وەسیەت دەکا کە لە تاوتوێ کردنی هۆکارە کاریگەرەکانی سەر یەکپارچەیی و ڕەواییدا دەبێ سەرنجێکی تایبەتی بدەینە سەر گۆڕانکارییە سیاسییەکان و کەڵکەڵەی پشت بەستن بە تێبینی و سەرنجە ئابووری، کۆمەڵایەتی و یان دەروونی-یەکان بۆ دەرخستن و ئاشکراکردنی ڕاستییە سیاسییەکان خۆ ببوێرین. سەبارەت بە خەسارهەڵگری ڕوو لە زیادبوونی دەوڵەت لە ئاست سڕینەوەی پاوان و سنووردارێتی لە ڕەخسانی بەکاربردنی توندوتیژی، "کاستلێز"، گرووپە شوناسی ـــ قەومییەکان وەك خەباتگێڕو جەنگاوەرانی گەورەی دەوڵەت دەناسێنێ و لە بواری ڕۆڵی ئەواندا لە ڕەوایی سڕینەوە لەسەر ئەو باوەڕەیە، کاتێك گرووپە قەومی و هۆزییەکان، خۆیان بە ئەندامی دەوڵەتی نەتەوەیی دانانێن، دەوڵەت لە بەرامبەر توندوتیژییەك کە لە پێکهاتە و بەستێنی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایەدا ڕیشەی هەیە، ڕۆژ بە ڕۆژ خەسارهەڵگرترو زیانی زیاتری وێ دەکەوێ. دەوڵەت لە گەڵ ئەم دژوازییەدا



ڕووبەڕووییە و ئەگەر بە شێوەیەکی بەردەوام کەڵك لە توندوتیژی وەرگرێ، بەشێکی گەورە لە ڕەوایی و سەرچاوەکانی دەنگ دانی خۆی لە دەست دەداو وەها ڕەوشێك پێشاندەری بارودۆخێکی ناچاریی هەمیشەییە بۆ دەوڵەت. ئەمە هەل و مەرجێکە کە "ڕابێرت ماندێل" وەك دابەزینی کۆنترۆڵی مانادارى حکوومەت بەسەر هێزە کۆمەڵایەتییەکان و یان "سەروەری نەتەوەیی تووش گۆڕانکاری" ناوی دەبا کە لەودا ئەکتەرانی بن نەتەوەیی لە حاڵی داگیرکردنی زۆرێك لە ڕۆڵە سوننەتییەکانی حکوومەتن. بە تایبەتی ئەگەر ئەم ئەکتەرانە لە لایەن دەسەڵاتداران یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییە دەرەکییەکانەوە پشتیوانەیان هەبێ، دەتوانێ ئەم ڕەوتە بەهێز بکرێ. هەروەها هێندێك لەو فاکتەرە نوێیانەی کە لە بەردەم دەوڵەتە چەند نەتەوەیی و چەند قەومییەکان دان وەك پرۆسەی بەجیهانی بوون و شەپۆلی دێموکراسی خوازی، شەڕ و کێشمەکێشێکیتریان بۆ ئەم دەوڵەتانە ناوەتەوەو هەڕەشە سیاسییەکانی لە لایەن بزووتنەوە قەومییەکانەوە زیاد کردوە. هاوڕێ لە گەڵ تەنینەوەو پەرەگرتنی دێموکراسی، شاهیدی سەرهەڵدانی بزووتنەوەگەلێکی قەومی و ناوچەیی دەبین کە لە ڕوانگەی فەرهەنگیی و سیاسییەوە وەك گرینگترین بەڵگەی پەیمانی مافەکانی مرۆڤ کە پێوەندییەکی نزیکی لە گەڵ دێموکراسی و پەرەگرتنی دێموکراسیدا هەیە، لە بواری پشتیوانی هێندێك ڕێکخراوگەلی نێونەتەوەیی و بیروڕای گشتیی جیهانی بۆ پێك هێنانی یەکەگەلێکی خودموختار نەك دەوڵەتانی سانتڕالیزەی چەند قەومی، فشار دێنێ. "کاستلێز" بەدەستەوەدانی بەشێك لە دەسەڵات لە لایەن وەها دەوڵەتانێکەوە بە ئەکتەرانی بن نەتەوەیی بە ستراتیژییەك بۆ هەڵاتن لە قەیرانی ڕەوایی لە نێوخۆ و دەرەوەدا دەزانێ. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بەجیهانی بوون لە حاڵی پێك هێنانی کۆمەڵگاگەلێکی زنجیرەیی دایە کە جۆراوجۆری و لەت و کوت کردنی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە تایبەتمەندییە گرینگەکانیین. ئەم بەرژەوەندی-یانە، بە شێوەی شوناسگەلێکی لێك جیا بەدیار دەکەون و ئەم شوناسانە، داخوازی-یەکان، پاڵنەرەکان و تێکهەڵچوونەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەخاتە بەردەم دەوڵەتی نەتەوەیی و، بێ دەسەڵاتی و داماوی دەوڵەتی نەتەوەییش لە وەڵام دانەوەی هاوکات بەم داخوازییە بەربڵاوانە، شتێکی لێ دەکەوێتەوە کە "یۆرگێن هابرماس" ناوی ناوە

قەیرانی ڕەوایی و بۆ زاڵ بوون بەسەریدا، دەوڵەتەکان بەشێك لە دەسەڵاتی خۆیان بە شێوەی ناجێگیری و بەربلاو بە بنیاتە سیاسییە خۆجێی و ناوچەیی‌یەکانی دەسپێرن.

٤: هەڕەشە کۆمەڵایەتی‌یەکانی قەومییەت، قەیرانی یەکپارچەیی

هەروەکی "بووزان"یش دانی پێداهێناوە، ناکرێ هەڕەشە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە هەڕەشە سیاسی‌یەکان جیا بکەینەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە، هەڕەشە کۆمەڵایەتی‌یەکان کاتێك جێگیر دەبن کە لە بنەڕەتەوە ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەوڵەتێك بکەوێتە بەردەم مەترسی‌یەوە. "بووزان" ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیی لە توانایی پاراستن و بەرگریی مودێلە نەریتی‌یەکانی زمان، فەرهەنگ، شوناسی ئایینی، ڕەگەزی، وەرچەرخانێك یان ڕێ و شوێنە نوێ‌یەکان وەك هەڕەشەیەك دژی مانەوەیان (شوناسی کۆمەڵایەتی) تاریف بکەن. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە شوناسی نەتەوەیی، زۆرتر لە نێوخۆی وڵاتێکی چەند قەومی‌یەوە دەکەوێتە بەر هەڕەشەوەو پرۆسەی نەتەوە ــ دەوڵەت زیاتر بەرەو کپ بوون یان لانی کەم یەکسان کردنی شوناسە کۆمەڵایەتی‌یەکانی شێوە نەتەوەیی دەچێ. لە گەڵ بوونی وەها ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەیەك لە لایەن شوناسە بن نەتەوەیی‌یەکان بە نیسبەت شوناسە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌یە نەتەوەیی‌یەکانەوە، "بووزان" لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەڕەشە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە نیشانەکانی بوونی دەوڵەتێکی لاوازەو ناکرێ بە مەسەلەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی بژمێردرێ، مەگەر لە بابەتگەلێكدا کە مشت و مڕ و کێشەی نێوان دەوڵەتی زۆر بێ.

هەرچەند "بووزان" گوتەزای هەڕەشە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە سەر شێوازی مەسەلە چارەسەربووەکان لە کۆمەڵگا گەشەکردووەکاندا دەزانێ و ئەوان لە چوارچێوەی مەسەلەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەرداوێ، بەڵام ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە لە کۆمەڵگا چەند قەومی‌یەکانی لە حاڵی گەشەکردندا کە قۆناغە بەرزەکانی مفتەخۆری‌یان تێپەڕ نەکردوون و سەرچاوەی شەڕوکێشە و چالاکی‌یە دژە فەرمانڕەوایی‌یەکان لەواندا کەلەبەرە کۆمەڵایەتی‌یەکانن. وێ دەچێ هەڕەشە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە ڕادەی هەڕەشە سیاسی‌یەکان و تەنانەت ڕەنگە زیاتر لەوانیش، ئاسایشی نەتەوەیی خەوشدار بکا. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە "ئوولی ویۆر" بە ڕەخنەگرتن لە "بووزان"، ئاسایشی نەتەوەیی بانتر لە ئاسایشی سیاسی، نیزامی و ئابووریی دادەنێ و لەسەر ئەو



باوەڕەیە کە چەمکی هاوتای ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی نەتەوەیی‌یە. چونکە ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی لە بارودۆخی ئێستادا، بە سەرچاوەی ئاسایشی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێ. لە حاڵێکدا ئاسایشی نەتەوەیی دەپرژێتە سەر هەڕەشەکانی دژی حاکمییەت، بەڵام ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە شوناسی کۆمەڵایەتی‌یەوەیە کە خۆی لە خۆیدا چ دەوڵەت ببێ و یان نەبێ، هەیە.

خاڵێکیتر ئەوە کە شوناسی کۆمەڵایەتی بە پێی پێناسەی "بووزان" لە نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی‌یەوە، مانایەکی سیاسی بەخۆوە گرتووە. بەم پێیە، کاردانەوەی کەمایەتی‌یەك لە بەرگریی شوناسی خۆی، خۆی لە خۆیدا کردەوەیەکی سیاسی‌یە. لەم ڕووەوە ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی بە ئەندازەی ئاسایشی نەتەوەیی‌یەوە هەڵگری متمانەیە. "ئازر" و "موون" لە پەنا دوو فاکتەری ڕەوایی و دەسەڵاتی سیاسەت سازی، قەیرانی یەکپارچەیی بە گرینگترین گۆڕانە ئاسایشە نەتەوەیی‌یەکانی جیهانی سێهەم دەزانن کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە، چەند کوتی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵگایەکی چەند قەومی بە یەك دەوڵەت ــ نەتەوە، ڕەهەندگەلێکی نوێی بە مەسەلەی ئاڵۆزی ئاسایشی نەتەوەیی لە جیهانی سێهەم زیاد کردوە کە ڕەنگە دیارترین نیشانەی، ناکامی وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا لە وەدی هێنانی هەستێکی هاوبەشی گشتیی لەسەر بایەخەکان و بەریانی‌یە هاوبەشە نەتەوەیی‌یەکانی خۆیانەوە بێ. بوونی کەلەبەرگەلێکی بناغەیی، ڕەخسانی گونجانە پێویستەکان، بایەخەکان و بەریانی‌یە هاوبەشە نەتەوەیی‌یەکان زیاتر لەوەی کە لە پێشووەوە بووە، نادا و هەر گرووپە قەومێك، شوناسی کۆمەڵی تایبەتی خۆی بە پێی بایەخەکان و بەریانی‌یە گرووپی‌یەکان بە جێگای بەریانی‌یە نەتەوەیی‌یەکان وەدی دێنێ. هەروەها لە بواری هەڕەشە ئەمنییەتی‌یەکان لە ئاستی سیستەمی کارگێڕی ئاسایشی نەتەوەیی‌یەوە، "ئازر" و "موون" لەسەر ئەو باوەڕەن کە ناکامی لە دروست کردنی یەکپارچەیی گرووپە کۆمەڵایەتی‌یە جۆراوجۆرەکان لە گۆڕینیان بە هێزێکی سیاسی یەکگرتوو، هەڕەشەگەلێکی ئەمنییەتی نوێی بەدواوە بووەو ژێر پێکهاتە سیاسی‌یە گوتەیی‌یەکانی درێژ کردۆتەوەو توانایی و دەسەڵاتی سیاسەت سازی لاواز دەکا. "هانتینگتۆن" و "واینێر"، ڕۆڵی پێکهاتەی پرش و بڵاوی کۆمەڵایەتی لە گۆڕەپانی دەوڵەتدا زۆر بە

ڕووخێنەرو وێرانکەر دەزانن. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە پێکهاتەی جڤاك کاریگەریی لەسەر بارودۆخی سیاسەت لە بەرزترین ئاستی دەوڵەتییەوە تا بەڕێوەبەرانی ئاستی خوارەوە، هەیە. جیاوازی لە یەکەمینی ڕێبەرانی دەوڵەتی، شێوە کردەوەیی‌یە لێ نەهاتووەکانی سیاسەتی دەوڵەتی، پێکهاتەی پڕ تێچووی ڕێکخراوی دەوڵەتی بۆ بەکاربردنی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و جێگیربوونی نەزم و سەقامگیری سیاسی و پێك هێنانی یەکیەتیی فەرهەنگی و سیاسەتی درۆزنی و زەوت کردنی ناوەندگەلێك لە دەسەڵاتی دەوڵەت لە لایەن گرووپە تایبەتەکانەوە، هەموویان لە پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرن. دەسکەوتی زۆربەی توێژەرەوانی کاروباری قەومی باس لەوە دەکا کە قەیرانی یەکپارچەیی، تواناییەکان و سەرچاوە نێوخۆیی‌یەکانی بەرەولاوازی بردوەو دەسەڵاتی سیاسی وڵات لە نێوخۆ و دەرەوە ئیفلیج دەکا واتە بەرەو ئیفلیج بوونی دەبا. قەیرانی یەکپارچەیی پەیدابوو لە ناسیۆنالیزمی قەومی گرووپەکانەوە، کاتێك توندترین فۆرم بەخۆوە دەگرێ کە بایەخەکان و ئینتما گرووپی و قەومی‌یەکان ڕکەبەری بایەخە حکوومەتی‌یەکان، بە شێوەی چالاکی‌یە سیاسی‌یە ئاشکراکان لە قاڵبی بزووتنەوەکاندا وەك جیایی خوازی قەومی وەدیار کەوێ و خوازیاری ڕەوایی چوارچێوەیەکی جیا بە مانای سەربەخۆیی خوازی و یان لانی کەم داخوازی خودموختاری لە چوارچێوەیەکی بەرینتردا بێ.

دەرەنجامی ڕاستی‌یەکانی ئەم دەیەی دوایی زۆرێك لەو پێش بینی‌یانەی کە لە یەکەم دەقەکانی سەربە توێژینەوە قەومی‌یەکان لە دەیەکانی یەکەمی شەڕی سارد خراونەتە ڕووی ژێر پرسیار و پێداچوونەوەیەکیان بە گەلێ لە وێنا و گریمانەکان‌دا کرد. ئەمڕۆکە ئیتر هیچ بیرمەندێك بە دڵنیاییەوە ناڵێ کە گەشەکردنی پێوەرەکانی نوێ بوونەوەو بزاوتنی کۆمەڵایەتی و تەنانەت بەشداری سیاسیی بانتر لە کۆمەڵگا فرەقەومی‌یەکاندا، شوناسە قەومی‌یەکان و یەکەمین گرووپەکان لەنێو دەبا. ئیتر نەبوو ئەو شەڕ و کێشە قەومی‌یانەی کە لە پێوەندی‌یە گرووپە قەومی‌یەکانی وڵاتێکدا وەك یەکگرتوویی و یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی سەیر نەکرێ. هەروەها ئەزموونی وڵاتانی ئورووپایی لە پرۆسەی نەتەوە ــ دەوڵەت سازی‌دا، وەك تەنیا شوێنی برین و نەگۆڕ وێنا ناکرێ. ڕەنگە هەمووی ئەم دوودڵی و نیگەرانی‌یانە لە نێوان بیرمەندان‌دا بەو



مانایە بێ کە سەرنج و تێبینی‌یە ئەمنییەتی و سیاسی‌یەکانی سەربە قەومییەت، کارێکی زۆر ئاڵۆزە. هەر بەم پێیە، دەبێ ناسینی هەنووکەیی لەم سەرنج و تێبینی‌یانە تەواو و بە ئەنجام بگەن و بە کاروباری ئەمنییەتی ــ قەومی هەر کۆمەڵگایەکیش دەبێ وەك باسێکی تایبەتی چاوی لێ بکرێ کە دەستوورو ڕێسا گشتی‌یەکان بەسەریاندا ئەوەندە گشتگیر نیە.

بەڵام ڕاستی‌یە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی وڵاتە چەند نەتەوەیی و فرە قەومی‌یەکانی لە حاڵی گەشەکردن دا و تاوتوێ و دەسکەوتی بیرمەندانی ئەم ناوەندە پیشاندەری ئەوەیە کە زۆربەی ئەم کۆمەڵگایانە لە بواری ئاسایشی نەتەوەیی، ئاستی گەشە و پەرەپێدان لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە، توانایی و دەسەڵاتی نەتەوەسازی و دەوڵەت سازی و هێندێکی دیکە لە فاکتەرە زۆرەکان، بەدەست تەنگ و چەڵەمەکان و دیاردەو کێشە ئاسایی‌یەکانەوە دەناڵێنن کە ئیتر دەوڵەت و کۆمەڵگا یەکسانەکان گیرۆدەی نین. کەوابوو دەکرێ دانی پیانێین کە ئەمڕۆکە قەومییەت و ناسیۆنالیزمی قەومی دەتوانێ وەك گۆڕانێکی ستراتیژیکی، هاوشانی گۆڕانکاری‌یەکانی وەك ژئۆپۆلێتیك و سەرچاوە ستراتیژی‌یەکانی وەك نەوت و یان دەڤەری نێونەتەوەیی، دەربڕی مەسەلە بناغەیی‌یەکان بە تایبەتی ئاسایشی نەتەوەیی کۆمەڵگا چەند قەومی‌یەکان لە حاڵی ڕابوور و تێپەڕ دابێ. بە تایبەت لە گەڵ گۆڕانکاری‌یە سەیروسەمەرەکانی کە لە گۆڕەپانە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و جیهانی‌دا لەگەڵی بەرەوڕووین. وەها کۆمەڵگاگەلێك بە بێ شارەزایی و دەست تێوەردانی سەرنج و تێبینی‌یەکانی سەربە قەومییەت، ناتوانن بۆ خۆیان ئاسایشی نەتەوەیی‌یەکی سەقامگیر، ئابووریی چالاك و پێشرەو و یەکگرتوویی سیاسیی و کۆمەڵایەتی‌یەکی پتەو لە گۆڕەپانی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی‌دا بڕەخسێنن. ئەگەر چارەسەری مەسەلەی قەومییەت، دەرفەت و سەرچاوە بنچینەیی‌یەکان دەخاتە بەردەم دەوڵەتی نەتەوەیی‌یەوە، سەرنج نەدان بە ستراتیژی‌یەکەشی دەتوانێ لە داهاتوودا دەوڵەتی نەتەوەیی ڕووبەڕووی قەیرانگەلێکی قووڵ بکاتەوە.

سەرچاوەکان:

١: A )Ethnic ،Conflict ،Kenneth ،Christie
Curzon ،Tribal Politics (Global Perspective
.١٩٩٨ .P .٢ ،Press

٢: Conflicts Unending: The ،Richard ،Haas
New U.P. ١٩٩٩ ،U.S and Regional Disputes
Yale, ct, Haen

٣: Ethnicity ،Daniel ،Noynaham
،Politics Pandemonium ،international
Oxford ٩٣, P,O.U, and New York

٤: Civilization and the ،Samuel ،Huntington
Remaking of World the clash of ١٩٩٦,
Schuster Simon and New Yord order

٥: ،Minorities at Risk ،Robert ،Ted Gurr
The New Peoples Versus States: p.٩٩,
Institute of Peace, United States, Century

٦: Ibid.١٦.

٧.بالمر، مارتين و جان سولوموز، مطالعات قومي و نژادي در قرن بيستم، پرويز دليريور و سيد محمد كمال سروريان، تهران پژوهشكده مطالعات راهبردي، ١٣٨١، ص ٢٢٨.

٨. شولتز، ريچارد، (مطالعات امنيت ملي قبل از جنگ سرد) در مراحل بنيادين انديشه در مطالعات امنيت ملي، اصغر افتخاري، تهران،پژوهشكده مطالعات راهبردي، ١٣٨١، ص ٨٧.

٩: ٩٢, op.cit, Peoples Versus States

١٠: People Against ،Robert ،Ted Gurr
Ethnopolitical Conflict and the ،States
Stdies Quarterly ٣٨ (sep. ١٩٩٤) ٣٦٩-٣٧٥
International, Changing World System

١١: (مطالعات امنيت ملي قبل از جنگ سرد)، پيشين.

١٢: افتخاري، اصغر، خشونت و جامعه، تهران، سفير، ١٣٧٩، ص ١٢٤.

١٣: جونز، والتر، منطق روابط بين الملل، داوود حيدري، تهران، دفترمطالعات سياسي و بين المللي، ١٣٧٣، ص ٢٤٤.

١٤: ساندرز، ديويد، الگوهاي بي ثباتي سياسي، پژوهشكده مطالعات راهبردي، تهران، پژوهشكده مطالعات راهبردي، ١٣٨٠، ص ٢٥١.

١٥: همانجا، ص ٥٠، جهت تفصيل بيشتر مراجعه شود:

Cross-National Causal : A, David ،Hibbs
New ،Analysis Mass Political Violence
١٩٧٣ ،Wiley ،York

١٦: اميدي، علي، خودمختاري و مديريت مناقشات سياسي جوامع داراي اقليت قومي، پايان نامه دكتري، دانشكده حقوق و علوم سياسي دانشگاه تهران، دي ماه ١٣٨١، ص ٥٤.

١٧: مراحل بنيادين انديشه در مطالعات امنيت ملي، پيشين، صص ٢٦١ـ٢٥٩.

١٨: همانجا، ص ٢٦١، همچنين نگاه كنيد به:

Donald L. Ethnic Groups in ،Horowitz
University of ،Conflicts Berkeley
١٩٨٥،California

١٩: مراحل بنيادين انديشه در مطالعات امنيت ملي، پيشين، ص ٢٦١.

٢٠: ماندل، رابرت، چهره متغير امنيت ملي، چاپ دوم، تهران،پژوهشكده مطالعات راهبردي، ١٣٧٩، ص ٢٩.

٢١: Brich. Anthony Nationalism and
Unwin ،Integration London National
P.١١١،١٩٨٩،Hyman

٢٢: Tribal،Ethnic Conflict
P.٢،op.cit،Politics



٢٣: بوزان، باري، مردم، دولت ها و هراس، تهران، پژوهشكده مطالعات راهبردي، ١٣٧٨، صص ١٣٩–١٤٠.

٢٤: مراحل بنيادين انديشه در مطالعات امنيت ملي، پيشين، ص ٤٥.

٢٥: همانجا، ص ٣٣.

٢٦: The Third World، Mohammed ،Ayoob
،Security Predicament: State Making
and theInternational ،Kegional Conflict
P.٩٠،١٩٩٥،Iune Reinner،Boulder Co ،System

٢٧: p.٤،op.cit ،People Versus States

٢٨: p.٤-٥،Ibid

٢٩: Non-Military Aspects of ،Ditrich ،Fisher
U.N ،USA،ASystemic Approach:Security
Institute for

p.١٣١،١٩٩٣،disarmament

٣٠: آزر، ادوارد اي چونگ اين، مون امنيت ملي در جهان سوم، تهران، پژوهشكده مطالعات راهبردي، ١٣٧٩، صص ٣٧٦–٧.

٣١: همانجا، ص ٢٢٧.

٣٢: چهره متغير امنيت ملي، پيشين، صص ١٤٧– ٤٩.

٣٣: امنيت ملي در جهان سوم، پيشين، ص ١١٧.

٣٤: همانجا، ص ١١٨.

٣٥: همان.

٣٦: پاي، لوسين دبليو و ديگران، بحران ها و تواليها در توسعه سياسي،غلامرضا خواجه سروري، تهران، پژوهشكده مطالعات راهبردي، ١٣٨٠،ص ١٧٦.

٣٧: خود مختاري و مديريت مناقشان سياسي، جوامع داراي اقليت قومي، پيشين، ص ٤٧.

٣٨: واينر، مايرون، ساموئل هانتينگتون، درک توسعه سياسي، تهران،پژوهشكده مطالعات راهبردي، ١٣٧٩، صص ٢٥٨–٩.

٣٩: كاستلز، مانوئل، عصر اطلاعات ؛ ظهور جامعه شبكه اي، جلد اول،احد عليقليان، تهران، طرح نو، ١٣٨٠، ص ٣٦٠.

٤٠: چهره متغير امنيت ملي، پيشين، صص ١٥٥– ١٥٦.

٤١: عصر اطلاعات ؛ ظهور جامعه شبكه هاي، پيشين، ص ٣٢٦.

٤٢: مردم، دولت ها و هراس، پيشين، ص ٣٦.

٤٣: همانجا، ص ١٤٧.

٤٤: Security:A New ،Barry(ed)،Buzan
،Framwork ForAnalysis

Lynne Rynne Rienner
pp.٢٠-٢١،١٩٨٨،Publication

٤٥: Liberalism ،Ole and Barry Buzan،Wever
and

/wps/pubo٢/pp.١-١٣ ،Security
http://www.ciaonet.org

٤٦: p.١٣،Ibid

٤٧: امنيت ملي در جهان سوم، پيشين، ص ١٢٧.

٤٨: همانجا، صص ١١٦–١١٧.

* * * * * * * * * * * * * * *

سايت وزين پيام آفتاب



## وتـــوویـــژ لەگەڵ تێکۆشەری دێرین بەڕێز
# جەلیل گـــــادانی
## سەبارەت بە کۆماری کوردستان



**تیشک:** بەڕێز کاک جەلیل گادانی وێڕای سوپاس لە بەڕێزتان بۆ ئەم وتووێژە بفەرموون کۆمەڵە چۆن بوو بە حیزبی دێموکرات، بۆ؟!

**جەلیل گادانی:** گومان لەوەدا نییە کە کۆمەڵە لەسەر بنەمای دابین کردنی ماف ڕەوای کورد پێك هاتبوو. ئەوانەی کە پێکیشیان هێنا بەوپەڕی هەستی نیشتمان پەروەرییەوە ئەو کارەیان کردو ناویشیان نا کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ. ك). بە پێچەوانەی بۆچوونی هێندێ کەس کە دەڵێن کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بووە، من دەڵێم کوردستان گەرچی پارچە پارچە کرابوو، ئێستاش هەر بە پارچەیی ماوەتەوەو لە ناو نەچووەو ناچێ، بەڵام ئەوە گەلی کورد لە پارچەکانی جیا جیا بوو نەتەوەی کورد بە گشتیی کەوتبۆوە بەر پەلاماری حکومەتە دیکتاتۆرو دڕندەکانو بە سەغیرو کەبیری کورد ڕەحمیان نەدەکرد بۆیە ئامانج ژیانەوەی کوردو ڕزگارکردنی لە نەمانێك بوو کە دوژمنان پلانیان بۆی هەبوو، لە هەمو لایەك تێی ڕۆهاتبوون. دوای ئەوە هێندێك ڕۆشنبیری کورد یەك لەوان قازی محەممەد هاتە نێو کۆمەڵەی ژ ـ ك هێندێك بری نوێو ئیدەی تازەیان لەگەڵ خۆیان هێنا. گەشەکردنی بەرەی سۆسیالیستی لە جیهانی ئەو سەردەم دا پەرەسەندنی بۆچوونی دێموکراسی خوازانەو بەرچاورگرتنی ماف مرۆڤ بە شێوەیەکی زەقتر لە پێشوو کە دواتر لە ساڵی ١٩٤٧دا مەنشووری جاڕی گەردونیی ماف مرۆڤی لێ پەیدا بوو کە ئێستا لە هەموو دنیادا بەرچاو دەگیرێو هەوڵ بۆ بەڕێوەبردنی دەدرێ. هاتنە گۆڕی ئەو باسانە لە نێو کۆمەڵەی ژ. ك دا بوو بە هۆی ئەوە کە لە هاوینی ١٣٢٤داو لە ڕۆژی یادکردنەوەی دامەزرانی کۆمەڵەدا ئەو باسە بێتە گۆڕێو بۆچوونەکان شکلێکی دنیاپەسەندانە بە خۆیانەوە بگرنو بەرەو دێموکراتیزە بوون بچن. ئەو باسان ئەوەندە بەربڵاو ئاشکرا لە کۆبوونەوکانی دواترو هێندێك جار لە نێو کۆمەڵانی خەڵكو مزگەوتەکانیشدا باس دەکرا تا لە ئاکامی باسەکانو ئاڵوگۆڕی بیروڕا زۆربەی هەرەزۆری بەڕێوەبەرانو ئەندامانی کۆمەڵە هاتنە سەر ئەو قەناعەتە ناوەکە بگۆڕنو لە عەینی کاتدا حورمەتی هەوڵو تێکۆشانی کۆمەڵەی (ژ. ك) ـیش بە

تەواوی بپارێزرێ چونکو لە راستیدا حیزب لەسەر بنەمای ژ. ك دامەزرا، ئەوە بوو لە ١ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٣٢٤/٨/١) یەکەم بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئیمزای زۆربەی بەرپوەبەرانی ژ. ك لە ٨ مادەدا بڵاو بۆوە، رۆژێ دواتر ئەو بەیانییە واتە ١٣٢٤/٨/٢ یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هات کە کۆنگرەش بەشی زۆری بەرپرسانی کۆمەڵەی ژ. ك تێدا بەشدار بوون لەو کۆنگرەدا شکڵێکی بەرینترو دێموکراتیکتر لە ٨ مادە پەسەند کرا کە لە مانگی سەرماوزی هەمان ساڵدا وەك ئاکامی یەکەم کۆنگرە لە ٤ فەسلو ٢٢ مادەدا وەك یەکەم پێڕەوو بەرنامەی حیزب کە بە پەسەندی یەیکەم کۆنگرە گەیبوو بڵاو بۆو.

**تیشك:** کاك جەلیل بە بڕوای بەڕێزتان وا باشە بڵێین کۆماری مەهاباد یان کۆماری کوردستان؟

**جەلیل گادانی:** هەرچەند بە ناهەق کۆماری مەهاباد ناوی دەبەن جا هێندێك بە عەمدو ئانقەست بە مەبەستی گچکە کردنەوەی رووداوەکە وا دەڵێن‌و هێندێك کەسیش هەر وایان بیستووەو وا دەڵێن بەڵام ناوی ئەو کۆمارە بە هەق کۆماری دێموکراتی کوردستان بووە، هەر لە خیتابەی رۆژی ٢ی رێبەندانی پێشەوا لە راگەیاندنی کۆماردا ئەو مەسەلە زۆر بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێ کە باسی سەربەستی‌و سەربەخۆیی تێدا هاتۆتە گۆڕێ‌و ئاماژە بە هەموو پارچەکانی کوردستان‌و میرنشینەکانی پێشوو دەکا، هەتا تەرکیبی ئەو خەڵکەی کە لە پارچەکانی دیکەدا تێدا بەشدار بوون نیشانەی ئەوە بوون کە مەبەست کوردستان بووە نەتەنیا مەهابادو ناوچەکەی. ئەگەر کۆمارو هێزەکەی بە هۆی هەلو مەرجی نێونەتەوەیی تەحمیلی نەزەری دەوڵەتە زلهێزەکان نەیتوانی بۆ پێشەوەتر بچن ئە کۆمارە وەك یەکەم کۆماری کوردستان توانی لە هەموو بەشەکانی کوردستان کاریگەری هەبێ‌و هەر بۆیەش پاش ٦٤ ساڵ بە حورمەتەوە لە هەموو شوێنێ یادی لێ دەکرێ‌و رێزی لێ دەگیرێ‌و وەك تەجرەبەیەکی مەزنی نەتەوەیی دەژمێردرێ. لە راستیدا ئەگەر هەوڵیش بۆ لە ناوبردنی درا هەر لەبەر ئەوە بوو کە دوژمنانی کورد بەتایبەتی‌و دوژمنانی گەلانی بەشخوراو بە گشتی لەوە زۆر نیگەران بوون کە ئەو کۆمارە پەرە بستێنێ‌و کوردستانی گەورە لە تێکەڵ بوونی



پارچەکانی تر پێك بێنێ‌و یان لانی کەم ئەو ناوە ببێتە دەسپێکی ساغکردنەوەی کوردستانی مەزن. بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە ناوی شارە گچکەکەی ئەوکاتی مەهاباد وەك پایتەختی یەکەم کۆماری کوردستان بە یەکەوە بەستراونەتەوەو هەرکام ناوی بێتە گۆڕێ ئەوی تریان بیر دەخاتەوە.

ئەو کۆمارە سێ مانگ دوای پێك هاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هاتو بەداخەوە تەمەنی لە ١١ مانگ تێنەپەڕی، لەو ماوە کورتەدا ئەوەندەی کار کرد کە لە ژیانی نەتەوەی کورددا رووپەڕێکی نوێی ئەوتۆی کردەوە کە هەتا ئێستاش دوای ٦٤ ساڵ لە دڵی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرو ئازادیخوازدا زیندوو ماوەتەوە، زۆر ساڵ‌و لە زۆر شوێنی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان وەك جێژنێکی نەتەوەیی یادی لێدەکرێتەوەو رێزی لێ دەگیرێ.

**تیشك:** دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمدا چ بوون؟

**جەلیل گادانی:** لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا گەلێك هەنگاوی بە نرخ هەڵێندرانەوە، زۆر بە کورتی لە خوارەوە باسیان دەکەین:

**ئا: لە بواری فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتییەوە**

١) دانانی چاپخانەی کوردستان بۆ چاپی رۆژنامەو گۆڤار،

٢) رەسمییەت پێدانی زمانی کوردی بۆ خوێندن‌و نووسین‌و کاروباری ئیداری.

٣) یەکڕەنگ کردنی جلو بەرگی قوتابیان لەسەر بودجەی کۆمارو هەڵگرتنی فەرق‌و جیاوازی.

٤) هەڵگرتنی خوێندنی فارسی واتە لە هەموو مەکتەبەکان کە تا ئەوکات تەنیا بە فارسی دەرسیان لێ دەخوێندرا کران بە مەردەسەی کوردی.

٥) ئیجبارییەت کردنی خوێندن بۆ منداڵان‌و لاوەکان لە شارەکاندا.

٦) بەربەرەکانی لەگەڵ نەخوێندەواری‌و بێکاری گەورەساڵان.

٧) دانانی فەقیرخانەو نەهێشتنی سواڵکەر لە کوچەو کۆڵان.

٨) دانانی ئەنجومەنی هاوبەشی فەرهەنگی لەگەڵ ئازەربایجان‌و سۆڤییەت.

٩) دانانی بنچینەی ئەتاترو سینەما.

١٠) ناردنی قوتابی بۆ باکۆو تەورێز بە مەبەستی فێربوون لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا.

١١) دانانی رادیۆ بە شێوەیەك کە خەڵك بە عام بتوانن کەڵك لە بەرنامەکانی وەرگرن.

**ب: لە بواری دێموکراسیدا**

١) بەشدارکردنی ژنان لە سیاسەتو کاروباری کۆمەڵایەتیداو پێکهێنانی یەکییەتی ژنان.

٢) وەبەرچاوگرتنی ماف زەحمەتکێشان بە پێی گەلاڵەیەکی تایبەت.

٣) گەرچی وێڕا نەگەیشت ئەنجومەنی یاسادانان هەڵبژێرێ بەڵام زۆر بڕیاری بەجێ لە مەسڵەحەتی گشتی دەدرا کە وەك قانون لە رۆژنامەدا ئیعلام دەکراو بەڕێوەش دەچوون.

٤) بایەخدانی پێویست بە ماف کەمایەتییەکان بەتایبەتی لە بواری کولتوریدا.

٥) بەشدار کردنی هەموو چینو توێژەکان لە کاروباری حکومەتیدا.

٦) دامەزراندنی رێکخراوی لاوانی دێموکرات.

**ج: لە بواری ئابوورییەوە**

١) ئازادکردی بازرگانیو دەرخستنی لە دەستی حکومەت.

٢) هەوڵدان بۆ هاندانی جوتیارنو پەرەپێدانی شێوەی نوێی کشتو کاڵو بۆ یەکەم جار هێنانی تراکتۆر بۆ کوردستان.

٣) دامەزراندنی شەریکەیەکی گەورەی یارمەتی بە ناوی "تەرەقی".

٤) دامەزراندنی پێوەندی بازرگانی لەگەڵ ئازەربایجانو ئازەربایجانی سۆڤییەت بەیتایبەتی بۆ فرۆشتنی توتون، خوری، کەتیرەو هێنانی هێندێك کلوپەلی پێویست.

**د: لە بواری نیزامیدا**

١) چەکدارکردنی خەڵك بۆ بەرگری لە کۆمار.

٢) تەعلیم دانی نزیکەی ٢٠٠٠ پێشمەرگەی رەسمی بە شێوەی مۆدێرن.



٣) دەرەجەبەندی دانانی سیستمی رەسمی.

٤) ئیدارە کردنی ٣ بەرەی شەڕ بە یارمەتیو هاوکاری پێشمەرگەی هێزی بارزانیو عەشیرەتەکان.

**هـ: لە بواری دیپلۆماسیەوە**

١) هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بە شێوەی رەسمی.

٢) پێوەندی نزیك لەگەڵ حکومەتی میللی ئازەربایجانو ئازەربایجانی سۆڤییەتو ناڕاستەوخۆ یەکییەتی سۆڤییەت

٣) هاوپەیمانی لەگەڵ ئازەربایجان.

٤) پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی ئێرانی.

٥) ناساندنی کورد بە خەڵك لە رێگای چاپەمەنییەوە.

٦) راکێشانی هێندێك هەواڵنێری خاریجی بۆ کوردستان.

٧) پێوەندی لەگەڵ حیزبە پێشکەوتنخوازەکانی ئەوکاتی ئێرانو عێراق، هاندانی برایانی کوردستانی باشوور بۆ دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاویو، هاوکاری پێویست بۆ ئەم مەبەستە

حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆمارە جوانەمەرگەکەش هەوڵی ئەوەیان داوە لە رێگەی دیالۆگو وتووێژ گرفتەکانی نەتەوەی کوردو باقی نەتەوەکانی ئێران حەل بێو هەموو کات ئەو مافەی بۆ کوردی ویستووە بۆ خەڵکی دیکەشی داوا کردووەو لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە ماف گەلانی چەوساوە تەنیا لە رێگەی دێموکراسیەوە دابین دەکرێ.

**تیشك:** بەڕێز گادانی بە بڕوای ئێوە لاوازییەکانی کۆمار چ بوون؟

**جەلیل گادانی:**

١ـ کورد بە عام خۆش باوەڕین. ئەو کاتیش حیزبو کۆمار دوچاری خۆشبینی زیاد لە حەد بە سۆڤییەتو ئازەربایجانی هاوپەیکانو بەڵێنی هێندێك سەرۆك هۆزی ناڕاست بوون کە لە لایەك لەگەڵ کۆمار بوونو لە لایەك لەگەڵ حکومەتی ناوەنیو بەرپرسانی نزیك پێوەندییان هەبوو.

٢ـ دواکەوتوویی فرەهەنگیمان بە زەقی پێوە دیار بوو، ئەو کات ٨٠٪ خەڵکی کوردستان نەخوێندەوار بوون‌و لە هیچ بوارێکدا مرۆی ئاکادمیك‌و پسپۆڕیان نەبوو، یان هەر زۆر زۆر کەم بوو.

٣ـ لە هێندێك مەجالدا کار بە کارزان نەدەسپێردرا.

٤ـ نەبوونی پارەو بونییەی ماددی‌و سەرمایەی کاف کە بتوان لە رۆژی لێقەوماندا پشتی پێ ببەستن، دیارە ئەم بەشە بۆ کاری حکومەتێکی نوێخواز لە جەرگەی کۆمەڵگایەکی عەشیرەتی پێویستییەکی بێ ئەم لاو لایە.

٥ـ باوەڕ بەخۆنەبوون بەتایبەت لە رۆژی تەنگانەدا. بەداخەوە کورد هەموو کات لە بەرامبەر بێگانەدا خۆی بە لاواز دەبینێ‌و خۆی بە کەم دەگرێ‌و لە ئاکامدا تەسلیمی بۆچوونی تەحمیلی دوژمن دەبێ.

٦ـ کەم تەجرەبەیی لە حکومەتداری‌و ئیدارەی وڵات. چونکو لە مێژووی کورددا کەم بووە بە شێوەی دێموکراتیك کار کرابێ‌و وڵات‌و خەڵك ئیدارە کرابێ. ئەوانی پێشتر زۆربەیان بە جەنبەی عەشیرەتی‌و کوێخایەتی‌و شێخایەتی بەڕیوە چوون.

**تیشك: ئێوە وەك خۆتان رۆڵ‌و کەسایەتی پێشەوا لەو سەردەمە هەستیارەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**جەلیل گادانی:** پێشەوا بەر لە ژـ ك و حیزبی دێموکراتیش کەسایەتییەکی ناسراوو بلیمەتی مۆکریان بووە. لە بواری فەرهەنگییەوە زۆر لە پێشتر لە دەورووبەری خۆی بووە، زۆر خۆش ئەخلاق، کۆمەڵناس‌و تێکەڵ لەگەڵ هەموو چین‌و توێژەکان بووە بەتایبەت لەگەڵ رۆشنبیران‌و فەرهەنگیانی ئەو کات.

هەر چەند من چەند مەقالەم لەسەر نووسیوەو بە بۆنەی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونیشی کتێبێك بە ناوی "یادی ٦٠ ساڵەی شەهید بوونی پێشەواو هاوڕێیانی" لە لایەن حیزبەوە چاپ‌و بڵاو کراوەتەوە کە چەند مەقالەی بەپێزی کەسایەتییە ناسراوەکانی خاوەن قەڵەم لەخۆ دەگرێ بەڵام بە باوەڕی من پێشەوا کەسێکە کە دەبێ یا پتر لەوانەی کە تا ئێستا لەسەری نووسراوە لە سەری بنووسرێ‌و جارێکی دیکە بناسێندرێتەوە.



پێشەوا مەزهەری پاکی، سەداقەت، خۆبەخشی‌و دێموکراسییەت بووە. یەکێك لەو سیمایانەیە کە نەتەنیا کورد دووبارە دەبێ بیناسێتەوە بەڵکو جارێکی تر دەبێ بە دونیا بناسێندرێتەوە.

پێشەوا پاکبازترین رێبەری کوردە کە سەرو ماڵی خۆی فیدای ئەو رێبازە کرد کە بە دڵ باوەڕی پێی هەبووەو سوێندی لەسەر خواردووە.

**تیشك: بەڕێز کاك جەلیل سپاس لەوەی کە وەڵامی پرسیارەکانت داینەوە و لەم وتوێژەدا بەشداریتان کرد.**

**جەلیل گادانی:** منیش سپاسی ئێوە دەکەم و ماندوو نەبن. ئارەزووی سەرکەوتن و وەدیهاتنی ویست و ئاواتەکانی گەلی کورد دەکەم.




# توندوتیژیی سیاسی

عیسمەت نستانی



**پێشەکی**

توندوتیژی دیاردەیەکی کۆمەلآیەتییە لە گشت کۆمەلّگا مرۆییەکان دا بوونی هەیە، رەگ و ریشەی بۆ مێژوویەکی دوورو درێژ دەگەڕێتەوە یەکەم جار ئادەمیزاد دژی برای خۆی بە کاری هێناوە واتە کوشتنی هابیل بەدەستی قابیل. لەو کاتەوە تاکوو ئێستا کرداری توندوتیژی لەنێوان مرۆڤەکاندا هەر بەردەوامە. بەهۆی شێوازە جیاوازەکانی، توندوتیژی پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، هێندێك لە زانایان لە روانگەی زارەکی، هەندێك لەروانگەی یاساییو هێندیکی دیکە لە روانگەی ئایینیو دەروونیو کۆمەلآیەتیو سیاسیو ... پێناسەیان کردوە، هەربۆیە کارێکی ئاسان نییە پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ توندوتیژی بکرێ. بۆنموونە بیرمەندانی سیاسی تێگەیشتنو لێکدانەوەیان لە بیرمەندانی کۆمەلآیەتی جیاوازە. هەروەها لە پێناسەکردنی چەمکی توندوتیژی دا جیاوازی بۆچوون لە نێوان زانایانی دەروونناسی، تاواننناسیو یاساناسەکاندا هەیە. لەو روانگەوە فەیلەسوفانی وەك گروندی(Grundy) و وینستن(Weinstein) دەڵێن پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ چەمکی توندوتیژی نییە. توندوتیژی لە دیاردە سروشتیەکانی وەك بوومەلەرزەو بورکان و لافاو، لە پەیوەندییە مروڤایەتیەکاندا وەك لێدان و بێ حورمەتی و شکاندنەوە تا کوشتنی تاکەکەس و گروپەکانی ناو کۆمەلّگا بەشێکی دانەبڕاوە لەجیهانی کۆمەلآیەتی. بۆیە کۆمەلّگاکان تێروانینی تایبەتی خۆیان بۆ توندوتیژی هەیە. زانایان چەمکی توندوتیژی یاسایی و کۆمەلآیەتی و دەروونییان بەم شێوەیە پێناسە کردوە:

– **چەمکی یاسایی توندوتیژی:** لەروانگەی یاساییەوە توندوتیژی بەوە پێناسە دەکرێ کە تاوانەو هێزی تێدا بە کار دەهێنرێ، ئەو هێزەش بریتیە لەو توندوتیژییەی

که به مەبەستی دەستدرێژی کردن بۆ سەر کەسایەتیی مرۆڤ یان ناموسی بەکار دێ. هەروەها به کارهێنانی هێزی مادییە بۆ زیان گەیاندن بە کەسێکی تر. لەیاساکانی تاواندا، توندوتیژی بریتیيە له هەمووی ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە سەلامەتیی جەستەی تاوان لێکراو، زیان پێگەیاندنو دەستدرێژی کردنەسەری. "القبانجی" پێناسەی توندوتیژی بەوە دەبەستێتەوە کە رەفتارێکە پێچەوانەی یاساو دەڵێ: "توندوتیژی شێوازێکە له بەکارهێنانی هێز که به نایاسایی بەکاردێ بەئامانجی ملکەچ پێکردنی لایەنێك بۆ ئیرادەی لایەنێکی دیکە، ئەوەش بەکار هێنانێکی نایاساییە لە ئامرازو شێوازەکانی زۆر لێکردنی مادی یان جەستەیی بۆ وەدەست هێنانی ئامانجە کەسی یان کۆمەڵایەتییەکان."

**ـ چەمکی دەروونیی توندوتیژی:** "د. مستەفا العوجی" لە گۆشەنیگای دەروونناسانەوە ئاماژە بە چەمکی توندوتیژی دەکاو دەڵێ: "خولیایەکی سروشتیە لەلای مرۆڤ و لە زانستی دەروونناسی بە(شەرەنگێزی) یان(پەلاماردان) دەناسرێ." "ماکیبۆل۱۹٦۹" باس لە چەمکی شەڕەنگێزی دەکاو لێکدانەوەی ئەو شەرەنگێزییەی کردوە کە ئاراستەی دەسەڵات دەکرێ. ئەو زانایە پێی وایە نەبوون یان لاوازیی دەسەڵات هۆکارێکە بۆ تەقینەوەی شەرەنگێزی وکاری توندوتیژی لە ناو کۆمەڵدا. دەسەڵات ئەرکی رێکخستنی تاکەس و کۆمەڵی لە سەر شانە، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە لاواز بوو یان نەیتوانی کۆنترۆڵی ئەندامانی کۆمەڵ بکا، ئەوا کۆمەڵگا، تاکەکەس و ئەندامانی هان دەدا بۆ شەرەنگێزیو بۆخۆیان دەسەڵات پیادە دەکەن و سزا دەسەپێنن. بەڵام بە رێگەی تۆڵەستاندنەوەو لە سەر بنچینەی رقو کینە. کە ئەوەش لە دەسەڵاتێکی گشتی و بێلایەن و دانراودا بوونی نییە. لەو حاڵەتەشدا شەرەنگێزی، توندوتیژو تۆقێنەر دەبێ وکاریگەریی خەراپی لێ دەکەوێتەوە. لەو پێناسەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە توندوتیژی شێوازێکە لەشێوازەکانی شەڕەنگێزی.

**ـ چەمکی توندوتیژیی کۆمەڵایەتی:** ئەنسکلوپیدیای زانستی کۆمەڵایەتی، توندوتیژی ئاوا پێناسە دەکا، کە بریتیە لە بەکارهێنانی نایاسایی یان ناڕەوای ئامرازی زۆر لێکردنی مادی لەپێناو ئامانجە کەسی یان کۆمەڵیەکان. "ریمون ئارۆن" دەڵێ: "توندوتیژی هەموو دەستێوەردانێکە کە بەشێوەیەکی مەترسیدار، کار دەکاتە سەر



سەربەستی وئازادیە کەسییەکان. کەسی توندوتیژ هەوڵدەدا کەسی بەرامبەر لە سەربەستیی بیرکردنەوەو را دەربرین بێبەش بکاو بیگۆڕێ بەکەسێك کە بتوانێ وەك ئامرازیك لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکا. بەبێ ئەوەی رەفتاری ئەوەی لەگەڵدا بکا کە مرۆڤێکی سەربەست و بە توانایە." واتە چەمکی توندوتیژی لەروانگەی کۆمەڵایەتییەوە، ئاراستەکردنی هێزە بەمەبەستی زیان گەیاندن بەکەسانی دیکە و لە ناوبردنی ماڵ و موڵکیان بەشێوەی تاك وکۆمەڵ کە بەشێوەی نایاسایی لەلایەن مرۆڤەوە دەسەپێندرێتە سەر مروڤێکی دیکە.

## توندوتیژیی سیاسی

لە دنیای ئەمڕۆدا توندوتیژیی سیاسی چەمکێکی ئاشنایە، وەك بەرجەستەترین کاردانەوی جیهانی دەرکی پێگەیەکی هەمیشەیی لە نێو کۆمەڵگادا داگیر کردوە. بە شێوەیەك کە بۆتە جێگای بایەخ پێدان و گفتوگۆی بیرمەندە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان. توندوتیژی سیاسی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسیی مەترسیداری جیهانە لە ناو هەناوی کۆمەڵگای مروڤایەتییەوە چەکەرەی کردوە. بەردەوام لە پرۆسەی خۆبەرهەم هێنانەوە دایە، ئەویش لە رەتکردنەوەی دیالۆگەوە بگرە تا دەگاتە ئاستی بەکار هێنانی هێز بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێکان و لە ناوبردنی جەستەو بیری مرۆڤ. ئەوەش ئەو راستییەمان پێ نیشاندەدا بە تایبەتی لەسەردەمی ئیستادا تا چ رادەیەك لە سەر گەشەی فیکریی قۆناغەکانی کۆمەڵگادا رۆڵ و کاریگەری هەیە. توندوتیژیی سیاسی تاییەت بە کۆمەڵگایەك نیە، بەڵکوو بەهۆی گەشەی تێکنۆلۆژی و ئامرازەکانی راگەیاندن وسەردەمی جیهانگیرییەوە فۆڕمێکی جیهانی وەرگرتوە. واتە سنوورە سیاسییەکانی دەوڵەتانی بەزاندووە و رەهەندێکی جیهانی وەرگرتوە. توندوتیژیی سیاسی وەك ئامرازێك وایە بۆ دروستکردنو پەرەپێدان یان گۆرینی دەسەلاتی سیاسی لەو کۆمەڵگایەدا. زانایان و بیرمەندانی سیاسی، سەرهەڵدانی توندوتیژیی سیاسی بۆدروست بوونی دەوڵەتان دەگێرنەوە. "فانون" پێناسەی توندوتیژی بەو شێوەیە کردوە، دەڵێ: "توندوتیژیی سیاسی تەنها پێویستییەکی سیاسی یان تەنها رێگایەك نیە بۆ لابردنی دەسەلاتی حوکمی

دیکتاتۆری، بەڵکوو شێوەیەك لە شێوەکانی ژیانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقی لەنێو گەلانی ژێردەستەدایەو ئەو خوێنەی کە لەپێناوی بەدەست هێنانی ئازادی دا دەڕژێ، دەیگۆڕێ بۆ خاکێکی بەپیتی نیشتیمانی. لە ململانێی چەکداریدا گۆڕان و پێشکەوتنی خێرا لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریی کۆمەڵگادا روودەدا. لە ئەنجامی ئەو پێناسەیەدا دەکرێ بڵێین کە توندوتیژیی سیاسی، کۆمەڵە خەسلەتێکە لە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی، کە هێز بە کار دەبرێ یان هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز بۆ نارەزایی دەربڕینی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە، کە لەلایەن تاکەکەس و رێکخستنی سیاسی و جەماوەرییەکانەوە لەدژی سیستمی سیاسی پێرەو بکرێ.

## جۆرو شێوازەکانی توندوتیژیی سیاسی

**ـ جۆرەکانی توندوتیژیی سیاسی:** توندوتیژی سیاسی چەندین جۆرو لایەنی جیاوازە بەخۆوە دەگرێ و لە سەر بنەمای ئەو شێوە جیاوازانە، بە بەردەوامی لەحاڵی گۆڕاندایە، لە لاوازترین نارەزایەتییەکانەوە سەر هەڵدەدا تا دەگاتە ئاستی گۆڕینی سیستمی سیاسی. ئاراستەبوونی توندوتیژی لە هەر کۆمەڵێکدا تاڕادەیەکی زۆر پێوەندی بە چۆنیەتیی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیی ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە. لەراستیدا توندوتیژیی سیاسی ئامرازێکە بۆ دروستکردن یان گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگادا. زانایان و پسپۆڕانی سیاسی گرینگترین جۆرەکانی توندوتیژی سیاسییان بەو جۆرە پۆلێن کردوە:

**ـ توندوتیژی پاساوهێنەرەوە:** ئەوجۆرە توندوتیژییە بە بەکار هێنانی هێز لەسەر بنەمای رەوابوون (مشروعیت) لەلایەن دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسییەوە لە رێگەی دامەزراوە ئەمنی و نهێنیەکانیەوە بەرامبەر بە بەرهەڵستکاران وگروپە ئوپۆزسیۆنەکانی دژی ئەو دەسەڵاتە بەڕێوەدەچێ.

**ـ توندوتیژی لەسەرەوە بۆ خوارەوە:** ئەوجۆرە توندوتیژییە کە لە لایەن دەسەڵاتەوە بەرامبەر بە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا بەتایبەت ئەوانەی بەرهەڵستکاری دەوڵەت و سیستەمی سیاسی ئەو کۆمەڵگایە دەوەستنەوە



بەڕێوەدەچێ. هەروەها توندوتیژی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بریتیە لەو توندوتیژیەی کە لەلایەن گرووپە ئەتنییەکان یان چینایەتییەکان یان گرووپێکی ئایینیی دیاریکراوەوە لەدژی دەسەڵاتی سیاسی فەرمانڕەوا و لەپێناو بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی هەوڵی بۆ دەدەن، بەڕێوەدەچێ.

**ـ توندوتیژی رەوا:** لەو شێوازە لە توندوتیژی دا دەسەڵاتی سیاسی هەموو هێزو تواناکان لەکۆمەڵدا بۆخۆی داگیردەکا، بەڵام هاوکات ئەو دەسەڵاتە لە بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی دا دەبێ ئەو توندوتیژیە دژی ئەوانە بە کار بێنێ کە لایان داوە کە ئەم چەشنە لە توندوتیژی روویەکی یاسایی راستەقینەی هەیەو لە بەرژەوەندیی گەل و ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری بۆ هاوڵاتیان دایە.

کۆمەڵناسان لەسەر ئەو بابەتە هاوڕان کە هەر دەسەلاتێك کە بە هۆی توندوتیژی هاتبێتە سەر حوکم، ئەستەمە لە رێگەی سیستەمی دێموکراسییەوە واز لە دەسەڵات بێنێ. هەربۆیە زۆربەی رژێمە تۆتالیتێرەکان بۆ مانەوەو بەهێزکردنی زیاتری دەسەڵاتی خۆیان هەنگاو بەرەو بەیاسایی کردنی هەڵسوکەوتە توندوتیژانەکانیان دەدەن، بۆ رەوایی دان بە دەسەڵاتەکەیان تا لەو رێگەیەوە بتوانن سەرجەم دەنگی نەیاران و دژبەرانی خۆیان سەرکوت و خامۆش بکەن.

**ـ توندوتیژیی راستەوخۆو ناراستەوخۆ:** توندوتیژیی راستەوخۆ بریتییە لە پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی هێز بەشێوەیەکی ئاشکرا وەك: یاخیبوونی چەکداری، سەرکوت کردنی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان لە لایەن دام و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بە زەبری هێز. توندوتیژی ناراستەوخۆ بریتییە لە بەکارهێنانی هێز بە شێوەیەکی شاراوە وەك چاودێری کردنی ژیانی تایبەتی خەڵك، کوشتنی کەسانی سەر بە دەسەڵات لە لایەن هێزە نەیارەکانەوە، کوشتن و گرتنی کەسانی نەیار لە رێگەی دەزگا هەواڵگرییەکانی دەوڵەت، کونترۆڵ کردنی هەڵسوکەوتی خەڵك و...

**ـ توندوتیژیی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ:** توندوتیژیی تاکەکەسی ئەو توندوتیژییەیە کە تاکەکەس بۆ وەدەستهێنانی ئامانج و مەبەستە تاکەکەسیەکانی پێرەوی لێ دەکاو تاڕادەیەکی زۆر لە چوارچێوەی توندوتیژی سیاسی دوور دەکەوێتەوە. توندوتیژیی بەکۆمەڵ لەلایەن گرووپەکان و کۆمەڵەکان لەپێناو وەدەستهێنانی ئامانجی گشتی بە

کار دەهێنرێ وەك خۆپێشاندانەکان، توندوتیژیی شۆڕشگێرانە بۆ رزگاربوونی نیشتمان و نەهێشتنی زوڵم و زوور.

- **توندوتیژیی دەروونی:** دەروونناسان تووندوتیژیی دەروونییان ئاوا پێناسە کردوە کە بریتیە لە هەموو کردەوەیەکی خراپ بۆ سەر دەروون و کەرامەتی تاکەکەس یان کۆمەڵێك. ئەو جۆرە توندوتیژییە گوشارو پاڵەپەستۆی ناراستەوخۆو شاراوە لەسەر هۆش و دەروونی خەڵك دادەنێ کە ئەم شێوازە زیاتر لە ئامرازەکانی پێوەندییەکان دا بەدی دەکرێ، بەتایبەت لەسەر ئاستی ئامرازەکانی راگەیاندنو پروپاگەندە کە لێرەوە دەسەڵاتی سیاسی و هێزە نەیارەکان جەنگی دەروونی لەگەڵ یەکتری دەکەن، کە رەنگدانەوەی خەراپی لەسەر دەروونی تاکەکان هەیە، بەتایبەت لەسەردەمی ئەورۆدا کە تەکنولۆژیی راگەیاندن دەوری سەرکی لەو رووەوە دەبینێ.

## شێوازەکانی توندوتیژیی سیاسی:

توندوتیژیی سیاسی دوو شێوەی سەرەکی بە خۆیەوە دەبینێ:

ئا - **شەڕی نێوان دەوڵەتان:** کە ئەو شێوەیە لە رووی بەرفراوانی و وێرانکاری و قوربانی دانەوە، توندوتیژترین فۆڕمی توندوتیژیی سیاسیە. فیلسوفی ئاڵمانی "کارل فۆن کلاوزڤیچ" پێناسەی شەڕ بەم شێوەیە دەکا کە "بریتیە لە کردەویەکی زەبرو زەنگاوی کە تا ئەوپەڕی سنوور توندوتیژی تێدا بەکار دەهێنرێ کە لە ئەنجامی ململانێ و ناکۆکی نێوان دەوڵەتان روودەدا." بەو پێیەی کە جەنگ دیاردەیەکی کۆنی جیهانی مرۆڤایەتییە، لەگەڵ ئەوەشدا توندوتیژیی سیاسیش شێوازێکە لەرووکارەکانی جەنگ و لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕەکاندا توندوتیژیی سیاسییش وەك سیمایەکی سەرەکی ئەو شەڕانە دەرکەوتووە و لەگەڵ پێشکەوتنی ئامرازەکانی جەنگ و تێکنولۆژی، شێوازەکانی توندوتیژیی سیاسییش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك رووبەرووی توندوتیژیو داگیرکاری بوونەتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەو داگیرکارییانە کۆمەڵێك یان گروپێك بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەو رزگاربوون لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەران سەریان هەڵداوە و بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی وڵات و نیشتمانەکەیان پەنایان بۆ کۆمەڵێك کارێکی توندوتیژی بردوە.



ب - هێندێك شێوازی دیکەی توندوتیژیی سیاسی بریتین لە خۆپێشاندانە گشتییەکان و کاری ئاژاوەگێڕی، هەڵگەڕانەوەی گشتی، کۆدەتا، شۆڕشەکان و شەڕە ناوخۆییەکان، گرتن وئازارو ئەشکەنجە دانی هاووڵاتیان لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە.

### سەرچاوەکان

- توندوتیژی دژی ئافرەت، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی، لە چاپکراوەکانی مافی مرۆڤ.
- العنف الجريمه، جليل وديع شكور.
- چەمکی جەنگ لەنیوان تیۆرییەکەی کلاوزڤیتزو سەردەمی داوەشانی دەوڵەت، ئاراس فەتاح.
- رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژیی سیاسی، نامەی ماستەر، بارزان کەماڵ حەسەن، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٣، ٢٠٠٤.

# نادیارترین توخمی ڕێکخراو

**سمایل زارعی**
smailzarei@yahoo.com





زۆربەی ئێمە کاتێك دەمانەوێ سەبارەت بە کەسایەتی خۆمان بدوێین یان سەبارەت بە کەسایەتی کەسێکیتر روانگە و لێکدانەوەکانی خۆمان بخەینەڕوو رەنگە بتوانین زۆر هاسان و سادە و ساکار روانگە و قسەکانی خۆمان بخەینەڕوو، بەڵام ئەگەر لێمان بپرسن روانگەت سەبارەت بە کەسایەتی ڕێکخراوەکەت یان حیزبەکەت چیە، رەنگە نەتوانین وەك پێویست وڵامێکی گونجاو بەو پرسیارە بدەینەوە. لە حاڵێك دا هەموو ڕێکخراوێك خاوەنی کەسایەتی گشتییە و ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە پێویستە شارەزاییان لە سەری هەبێ. بابەتێك کە دەتوانێ کەسایەتی بە ڕێکخراو بدا یان باشتر وایە بڵێین دەبێتە کەسایەتی ڕێکخراو پێی دەگوترێ "کولتووری ڕێکخراوەیی"، گرینگی ئەم بابەتە هێندە زۆرە کە زۆرێك لەوانەی لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیان خستۆتەڕوو پێیان وایە کولتووری ڕێکخراوەیی تەنیا شتێکە کە دەتوانێ ڕێکخراوەکان لە یەکتری جیا بکاتەوە، یان زۆر کەس پێی وایە ئەگەر ڕێکخراوەکان بە کێوێکی سەهۆڵ لە دەریادا وێنا بکەین، کولتووری ڕێکخراوەیی ئەو بەشە گەورە و سەرەکییەی ئەو کێوەیە کە لە ژێر ئاوەکەیە و ئێمە نابینین و هەستی پێ ناکەین، بەڵام لە راستیدا گرینگترین بەشی ئەو کێوەیە. هەروەها گرینگی ئەم بابەتە لەوەدا دەردەکەوێ کە لە روانگەی تیۆرێسییەنەکانی ئەم بوارە دەکرێ کولتوورێکی ڕێکخراوەیی سەرکەوتنی ڕێکخراوێك یان نزیکبوونەوە لە ئامانجەکانی زیاتر بکا و هەروەها کولتوورێکی

ڕێکخراوەیی ئەگەر گونجاو نەبێ ڕێکخراوێك بەرەو شکست و داڕمان و تەریك کەوتنەوە ببات. ئێمە هەوڵ دەدەین ئەم وتارە لە سێ تەوەری پەیوەندیدار بە یەکترییەوە بخەینەڕوو کە خوێنەر بتوانێ لە ڕێگای ئەم وتارەوە ئاشناییەکی سەرەتایی لەگەڵ بابەتی کولتووری ڕێکخراوەیی هەبێ.

### ئا: کولتووری ڕێکخراوەیی

هەموو ڕێکخراوێك کۆمەڵێك سەمبول، داب و نەریت، هەڵسووکەوت، ڕێ و شوێن، هەقایەت و بەسەرهات، زانست و زانیاری و تێڕوانینی هاوبەشی تێدایە کە کۆی گشتی ئەوانەش کولتوورێکی تایبەتییان لە چوارچێوە و سیستەمی گشتی ڕێکخراوەکەدا پێك هێناوە. بەم پێیە تاکەکانی ناو ڕێکخراوێك کۆمەڵێك خاڵی هاوبەشیان پێکەوە هەیە کە تێگەیشتنێکی گشتی تاکەکانی بەرامبەر بە یەك بابەتی پێکهێناوە، کەواتە کولتوور سەرەکیترین توخمی هاوبەشی نێوان هەموو تاکەکان لە نێو ڕێکخراوێك بێ. هەروەك چۆن لە کۆمەڵگایەك دا کۆمەڵی گەورە و کۆمەڵی بچووك هەیە و کۆمەڵە گەورەکان لە کۆمەڵێك کۆمەڵەی وردتر لە خۆیان پێکهاتوون، پێویستە ئاماژە بزانین کە کولتووری گشتی ڕێکخراوێکیش کۆمەڵێك وردە کولتووری دیکە لە خۆ دەگرێ کە هاوبەشی زیاتر لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵە بچووکترەکانی ناو ڕێکخراوێك پێك دێنن. بەڵام کاتێك ئێمە دەمانەوێ باس لە کولتووری ڕێکخراوەیی بکەین، مەبەستمان لە کولتووری گشتی و سەرەکی ڕێکخراوە، نەك وردە کولتوورەکانی ناو ئەو ڕێکخراوە، بەڵام ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە وردە کولتوورەکانیش گرینگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و کاریگەرییان لە سەر کولتووری گشتی (کولتووری یەکە و سەرەکی) هەیە و بە جۆرێك پاڵپشت یان بە بەشێك لەو کولتوورەش دادەنرێن. لە درێژەی پێناسەکردنی کولتووری ڕێکخراوەییدا ئاوڕێکی خێراش لە وردە کولتوورەکان دەدەینەوە.



زۆربەی شارەزا و تیۆریسیەکانی بواری کارگێڕی، بە تایبەتی لە ئاستی هاوچەرخ دا، لە ناو باس و لێکۆڵینەوەکانیان دا بەشێکی تایبەتییان بۆ کولتووری ڕێکخراوەیی کردۆتەوە و تەنانەت زۆرجار بە خاڵێکی یەکجار بنەڕەتی و گرینگیان داناوە. بۆ وێنە لە ڕوانگەی زۆربەیانەوە تەنیا شتێك کە جۆری ڕێکخراوەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە لە بنەڕەت دا کولتووری ڕێکخراوەکانە نەك فاکتەرەکانی دیکەی ناو ڕێکخراو. شاین Edgar H. Schein بەمشێوەیە پێناسەی کولتووری ڕێکخراوەیی دەکا:

"کولتوور نموونەی پێداویستییە سەرەکییەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراوە کە وێڕای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسگەلێك کە لە ئەنجامی خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە و گونجاندنی هۆکارەکانی دەروون ڕێکخراوەیی، داهێنان، دۆزینەوە، سەریانهەڵداوە و هێندە باش و لەبار کاریان کردوە کە جێی متمانە و باوەڕن و وەك شێوازی درووستی تێگەیشتن، بیرکردنەوە و، هەستکردن لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو پرسانەدا تاکە تازەهاتووەکانیشی پێ ڕادەهێندرێ."[١]

مورهێد و گریفین G. Moorhead / R.W. Griffin پاش کۆکردنەوەی کۆمەڵێك پێناسەی گرینگ و سەرەکی لە کولتووری ڕێکخراوەیی بەمشێوەیە پێناسەی خۆیان دەخەنەڕوو:

"کولتووری ڕێکخراوەیی کۆمەڵێك بەهایە کە بە گشتی زۆرینە تەئید و قەبووڵی دەکا و لە ڕێکخراوێك دا بۆ ئەنجامدان و جێ بە جێ کردنی ئەو کارانەی کە بە باش دادەنرێن یارمەتی تاکەکان دەدا و شارەزای ئەو کارانەش دەبن کە بە باش نازانرێن. بە گشتی زۆربەی کاتەکان ئەم بەهایانە لە ڕێگای گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان و شتە سەمبولەکانی دیکەوە دەگوازرێنەوە."[٢]

ستێڤن ڕابینز زۆر کورت بەم شێوەیە پێناسەی کولتووری ڕێکخراوەیی دەکا:

"کولتووری ڕێکخراوەیی سیستەمێکی پێکهاتوو لە واتا و چەمکی هاوبەشە کە ئەندامان لە ڕێکخراوێک دا هەیانە و هەر ئەو تایبەتمەندییەشە کە ڕێکخراوەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە."[٣]

"لە هەموو ڕێکخراوێک دا نادیارترین توخمی ڕێکخراو، کولتووری ڕێکخراوەییە. ڕێکخراوەکان جگە لە ئامێر و ئامرازە بەرجەستە و مادییەکان کەڵک لە ئامرازە نابەرجەستە و مەعنەوییەکانیش وەردەگرن. کولتوور لە هەموو جێیەک هەیە، بەڵام ناتوانین بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی دیار هەستی پێ بکەین، بۆیەش بابەتێکی نابەرجەستە و هەست پێ نەکراوە."[٤]

هەروەها لیلیام گورمێن، لە یەکێک لە وتارەکانی‌دا سەبارەت بە کولتووری ڕێکخراوەیی بەم شێوەیە باسی کولتووری ڕێکخراوەییمان بۆ دەکا:

"کولتوور، چوارچێوەیەکی فێرکاری کۆمەڵەیەکە و بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێگاچارە بۆ پرسە نێوخۆیی و دەرەکییەکان کە لە ڕابردوودا کاریان پێ کراوە و بە ڕێگای ڕاست و درووستی وەرگرتن، بیرکردنەوە و هەست کردن دادەنرێ و کەسانی تازەش هەر لەو پەیوەندییەدا فێر دەکرێن"

هەر لە درێژە تووخمەکانی کولتووریش دەستنیشان دەکا و و دەنووسێ:

"کولتوور لەمانە پێکهاتووە:

١– کۆمەڵێک بەها و گریمانەن کە شتێک بە گرینگتر لە شتەکانی‌تر دادەنێن.

٢– باوەڕە بەوەی کە هێندێک چەمک چۆن کار دەکەن.

٣– ڕێسا و چۆنیەتی ئاکاری کۆمەڵێک باوەڕ کە هاسانتر لە بەهاکان و گریمانەکان دەناسرێنەوە."[٥]

دوکتور ئەسغەر زۆمرۆدیانیش لەگەڵ پێناسە کردنی کولتووری ڕێکخراوەیی سێ بەشی سەرەکی و گشتی کولتوورێکی ڕێکخراوەیی دەستنیشان دەکا کە ئێمە لەم تەوەرەدا پێناسەکەی دەخەینە بەرچاو و لە تەوەری دواتر کە خستنەرووی



تایبەتمەندی و بەشەکانی کولتوورێکی ڕێکخراوەییە دەخەینەڕوو. ناوبراو زۆر بە کورتی بەم شێوەیە پێناسەی کولتووری ڕێکخراوەیی دەکا:

"بە شێوەیەکی کورت دەکرێ بڵێین کولتووری ڕێکخراوەیی سەمبوول و نموونەی هاوبەشی نێوان تاکەکانی ڕێکخراوە و..."[٦]

کەواتە بەمشێوەیە بەو ئاکامە دەگەین کە کولتووری ڕێکخراوەیی لە کۆمەڵێک بەهای ناو کۆمەڵەیەکی بچووک (ڕێکخراوێکی فەرمی یان نافەرمی، گەورە یان بچووک) پێکهاتووە کە لە کۆی گشتی‌دا تاکەکانی ناو ئەو ڕێکخراوە لە سەری ڕێک کەوتوون و پێی وەفادارن و هەروەها باوەڕیان بە توخمەکانی ئەو کولتوورە هەیە، بە چەشنێک کە دەبێتە کارکرد و شێوازی ڕاپەراندنی کارەکانی ڕێکخراوەکەش و هەروەها کولتووری ڕێکخراوەیی بە یەکێک لەو فاکتەرانە دادەنرێ کە جیاوازی نێوان ڕێکخراوەکانی پێ دەستنیشان دەکرێ. بەڵام بۆ شارەزایی زیاتر لە کولتوورەکان هەر وەک لە سەرەتای ئەم تەوەرەش دا ئاماژەمان پێ دا، زۆر پێویستە بۆ ناسینی زیاتری کولتووری گشتی ڕێکخراوێک ئاوڕ لە وردە کولتوورەکانی ناو ئەو ڕێکخراوەش بدەینەوە.

"هەموو کۆمەڵەیەک لە کۆمەڵی – گچکە یان وردە – کۆمەڵ پێکهاتووە و هەموو کولتوورێکیش لە کۆمەڵێک بەش – کولتوور part – culture یان وردە – کولتوور sub – culture پێک هاتووە. وردە کولتوورەکان وەکو وردە کۆمەڵەکانی کۆمەڵگایەک هەر وەک چۆن خاڵی هاوبەشیان پێکەوە هەیە کۆمەڵێک جیاوازیشیان لە نێوان دا هەیە. هەتا کاتێک لایەن و خاڵە هاوبەشەکان بە سەر جیاوازییەکان دا زاڵ بن، یەکانگیری و یەکیەتی کولتووری دەمێنێتەوە، بەڵام هەر کات جیاوازییەکان بە سەر خاڵە هاوبەشەکان دا زاڵ بوون، یەکانگیری کولتوورییش لەرزۆک دەبێ و ئاڵۆزی و بێ سەر و بەرەیی لە کولتووردا پێک دێ".[٧]

لە پەیوەندی لەگەڵ کولتووری زاڵ و وردە کولتوورەکان ڕوانگەی ستێڤن ڕابینز ڕوانگەیەکی سەرنج ڕاکێشە، ئەو وێڕای ئەوەی کە ئاوڕ لە پێناسەی کولتووری

رێکخراوەیی دەداتەوە، ئاگادارمان دەکاتەوە کە کاتێك ئێمە باوەڕمان بەوەیە کە کولتوورێکی گشتی و زاڵ هەیە ئەوە بەو واتایە نیە کە وردە کولتووری دیکەش نین، بە تایبەتی لە رێکخراوە گەورەکان دا ئەو شتە زۆر بەرچاو دەکەوێ، جیا لەوەش کاتێك ئێمە لەوە تێگەیشتین کە وردە کولتوور لە ناو کولتوورێکی زاڵ لە رێکخراوێکی گەورەدا هەیە، پێویستە ئەو راستییەش بسەلمێنین کە زۆر وردە کولتووری رێکخراوەیی هەن کە جیاوازن لەو کولتوورە گشتیەی لە ناو رێکخراوێك دا زاڵە و باوە و کاری پێ دەکرێ. روانگەی ستێڤن رابینز بەم شێوەیە:

"کولتووری رێکخراوەیی تێگەیشتنی هاوبەشی ئەندامانی رێکخراو دەردەخا. ئەم بابەتە کاتێك دەردەکەوێ کە ئێمە کولتوور وەك سیستەمێکی واتادار و خاوەن چەمکی هاوبەش پێناسە بکەین. پێویستە چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێ کە تاکەکان لەگەڵ پێشینە جۆراوجۆرەکان یان خاوەن پلەی جۆراوجۆر لە رێکخراودا حەزیان لەوە بێ کولتووری رێکخراوەیی لە دەستەواژەگەلێکی هاوشێوەدا وێنا بکەن.

قەبووڵکردنی ئەوە کە کولتووری رێکخراوەیی کۆمەڵێك تایبەتمەندی تایبەتی هەیە، بەو واتایە نیە کە ناکرێ لە نێوخۆی کولتوورێکدا، وردە کولتوورەکان بوونیان هەبێ. زۆربەی رێکخراوە گەورەکانی کولتوورێکی زاڵ (سەرەکی) و کۆمەڵێکی زۆر وردە کولتووری جۆراوجۆریان هەیە.

کولتوورێکی زاڵ Dominant Culture پێداگری لە سەر بەها بنەڕەتی Core Valuesیە هاوبەشەکانی نێو ئەندامانی رێکخراو دەکا. کاتێك باسی کولتووری رێکخراوەیی رێکخراوێك دەکرێ، مەبەستی لە کولتووری سەرەکی ئەو رێکخراوەیە. روانگەی گشتی لە کولتوور، کە کەسایەتییەکی سەربەخۆ بە رێکخراو دەدا.

وردە کولتوورەکان Sub Culture لە رێکخراوێکی گەورەدا پێك دێن و پرسگەلێکی وەك، بارودۆخەکان و ئەزموونەکان کە ئەندامان لەگەڵی



بەرەوڕووبوونەتەوە، بەرپرچ دەداتەوە. ئەم وردە کولتوورانە دەتوانن هەم لە ئاستی ئاسۆیی و هەم لە ئاستی ستوونی رێکخراودا پێك بێن. کاتێك بەشێکی بەرهەمهێنان لە کۆمپانیایەکی گەورەدا جۆرێك کولتووری تایبەت بە خۆی هەیە، وردە کولتوورە ستوونییەکان لەم کۆمپانیایەدا هەیە.

ئەگەر رێکخراوەکان هیچ چەشنە کولتوورێکی زاڵیان تێدا نەبێ و تەنیا و تەنیا لە وردە کولتوورە جۆراوجۆرەکان پێك هاتبن، تەشەنەکردنی کولتوور لە سەر کاریگەردابوونی رێکخراوەیی زۆر ناڕوون و بێ سەرە و بەرە دەبێ. چونکە ئەوکات هیچ چەشنە یەکانگیری و پێکەوەگونجانێك لە رووی تێگەیشتن یان ئاکاری هاوبەشەوە بوونی نابێ. دەبێ ئاگادار بین کە ئەوە لایەنە واتایی و چەمکە هاوبەشەکانی کولتووری رێکخراوەیین کە دەیکەن بە واتایەکی زۆر کاریگەر. بەڵام ناتوانین ئەم راستیە لەبەرچاو نەگرین کە زۆرێك لە رێکخراوەکان وردە کولتووری سەربەخۆ و جیاوازیان تێدایە".[٨]

دوکتور ئارین قوولی پووریش زۆر بە وردی ئاوڕی لە کولتوور و وردە کولتوورەکان داوەتەوە و بە تایبەتی شێوازی درووستبوون و رووبەڕبوونەوەی وردە کولتوورەکان لە گەڵ کولتووری گشتی رێکخراوەیی شی دەکاتەوە. ناوبراو لەم پەیوەندییەدا بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی دەنووسێ:

"لە هەموو رێکخراو یان کۆمەڵگایەك دا کولتوورێکی زاڵ یان بەهێز dominant culture و کۆمەڵێك وردە کولتوور sub culture هەن. کولتووری زاڵ یان بەهێز کۆمەڵێك بەهای بنەڕەتی و گشتی لە خۆ دەگرێ کە خاڵی هاوبەشی زۆرینەی ئەندامانی رێکخراوێکە. زۆربەی کاتەکان لە ناو هەر کولتوورێك دا، کۆمەڵێك وردە کولتوور هەن کە وێڕای ئەوەی نۆرم و بەهاکانی کولتووری زاڵیان قەبووڵە و وەریان گرتوون، بۆخۆشیان کۆمەڵێك بەها و نۆرمی تایبەت بە خۆیان هەیە و هەر لە بەر ئەوەشە کە لە کولتووری زاڵی رێکخراوەیی جیا

دەکرێنەوە. بوونی وردە کولتوورەکان یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا و ڕێکخراوە گەورە و ئاڵۆزەکانە. ڕەنگە وردە کولتوورەکان بە شێوەی ناوچەیی، نەژادی، نەتەوەیی، ئایینی، زمانی، ڕەگەزی، چینی کۆمەڵگایی یان لە ناو ڕێکخراودا بە شێوەی بەشی و یەکەیی بێ. ئەو بەها و نۆرمانەی کە وردە کولتوور هەیەتی تەنیا لە ناو ئەندامانی خۆیدا شتێکی هاوبەشە. کولتووری زاڵ ئاڵقە و هۆکاری پەیوەنددان و گرێدانی وردە کولتوورەکانە. ئەگەر کولتووری زاڵ جێی متمانە و شیاوی قەبووڵ کردن بێ وردە کولتوورەکانیش دەخاتە ژێر ڕکێف و کاریگەری خۆیەوە. هۆکاری درووستبوونی وردە کولتوورەکان لە ناو ڕێکخراوێك دا جیاکردنەوە و دابەش کردنەکانە. یەکێك لە دەرەنجامەکانی دابەشکردن و بەش بەش کردنی ڕێکخراو، سەرهەڵدان و پێکهاتنی وردە کولتوورەکانە. ئەو وردە کولتوورانەی کە پارمەتییەکی زۆرتر دەدەن بە گونجان، کارامەیی و کاریگەرداربوونی ڕێکخراوەیی، زۆر پتر لەوانی‌تر تەشەنە دەکەنە ناو کولتووری زاڵی ڕێکخراوەکەوە. بەڵام هێندێك وردە کولتووری دیکەش هەن کە جیاوازییان زۆرە لەگەڵ کولتووری گشتی و زاڵی ڕێکخراوەیی و زۆر ڕوون و ئاشکرا دیارە کە بەها و نۆرمەکانیان ناتەبایی و دژایەتی هەیە لەگەڵ کولتووری زاڵی ڕێکخراوەکە. بەم جۆرە وردە کولتوورانە دەگوترێ دژە کولتوور counter culture و ئەندامەکانیشی بە گشتی زۆربەی کاتەکان شێوەی جل و بەرگ، ئاخاوتن و ژیانی جیاواز بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن. وردە کولتوورەکان هەتا کاتێك هەڕەشە و مەترسی نەبن بۆ کولتووری زاڵی ڕێکخراو هەڵکردن لەگەڵیان دەلوێ، بەڵام پاش ئەوەی بوونە مەترسی لە سەر کولتووری گشتی و زاڵی ڕێکخراوەیی ئەو کات سەرکوت دەکرێن".[9]

کەواتە بۆمان ڕوون بۆوە کە ڕێکخراوە گەورەکان کە خاوەنی کولتوورێکی گەورەتر و ئاڵۆزترن، دەکرێ کۆمەڵێك وردە کولتووری دیکەش لە خۆ بگرن کە هیچ



دوور نیە ئەم وردە کولتوورانە هاوتەریب یان ناتەبا بن لەگەڵ کولتووری زاڵی ئەو ڕێکخراوە.

**ب: تایبەتمەندییەکانی کولتووری ڕێکخراوەیی:**

بێ شك دیاردە و بابەتێکی هێندە گرینگ لە ڕێکخراو و کارگێڕیدا، کۆمەڵێك تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەیە کە بۆ زیاتر شارەزا بوون لێی پێویستە بیانزانین و بتوانین لێیان تێ بگەین. بەشێکی بەرچاو لە شارەزایان لە سەر ئەوە کۆکن کە کولتووری ڕێکخراوەیی لە ١٠ تایبەتمەندی پێك هاتووە و کەسانێکی دیکەی وەك ستێڤێن رابینز و جیمز پێرسی بە هێندێك جیاوازی زۆر لاوەکی و کەمەوە پێیان وایە کە ئەم تایبەتمەندییانە ١٣ خاڵن، بەڵام ئێمە لێرەدا ئەو ١٠ تایبەتمەندییە دەخەینە بەرچاو کە زۆرینەی خاوەنڕاکان لە سەریان پێك هاتوون و هەموو کولتوورە ڕێکخراوەییەکانیش ئەو تایبەتمەندییانەیان تێدایە.

"هێندێك لە خاوەنڕاکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە پێکهاتە و هاوئاهەنگی دە تایبەتمەندی خوارەوە بنەمای کولتووری ڕێکخراوەیی پێك دێنن، لەوانە گۆردۆن و کامینس، بێتز و هاڵف هیل Chris A. Betts and Susan Halfhill. پێیان وایە کولتووری ڕێکخراوەیی لەو دە توخمەی خوارەوە پێك دێ:

١) **داهێنانی تاکەکەسی:** ڕادەی بەرپرسایەتی، ئازادی و سەربەخۆییەك کە تاکەکان هەیانە.

٢)**قەبووڵکردنی مەترسی:** ڕادەیەك کە کارمەندەکانی ڕێکخراوێك بۆ مەترسی قەبووڵکردن، داهێنان و گۆڕانکاری هان دەدرێن.

٣) **ئاراستەکردن و سەرپەرشتی کردن:** ئاستێك کە بەڕێوەبەری ڕێکخراو ئامانجە ڕوونەکان دادەڕێژێ و کارکردێکی بەرزی چاوەڕوانی لـێ دەکا.

٤) **یەکانگیری:** ئاستێك کە بەڕێوەبەران، یەکەکانی هەموو ڕێکخراوێك بۆ کار و کارکردی هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکەکانی دیکە هان دەدەن.

٥) **پشتیوانی بەڕێوەبەری:** ڕادەی پێوەندی باش و درووستکەری بەڕێوەبەرانی ڕێکخراو لەگەڵ کارمەندەکان کە یارمەتی داون و پشتیوانی لـێ کردون.

٦) **کۆنترۆڵ (چاوەدێری):** ژمارەی ئەو ڕێسا و یاسایانە و ڕادەی چاوەدێرییەکی راستەوخۆ کە بەڕێوەبەران بۆ کۆنترۆڵی ئاکار و کرداری کارمەندەکان هەیانە.

٧) **شووناس:** ئاستێك کە تاکەکانی ڕێکخراو لە سەر بنەمای ئەو شووناسی خۆیان لەگەڵ ڕێکخراو وەك کۆیەکی گشتی و لێکگرێدراو دیاری دەکەن، لە بەرامبەردا گرووپی کاری تایبەت یان بواری پیشەیی پسپۆرییان.

٨) **سیستەمی هاندان:** پلەیەکی بریتی لە پاداش (وەکوو زۆر کردنی مووچە و بەرزکردنەوەی پلە و پایە) بۆ تایبەتمەندییەکانی کارکردی کارمەندەکان بۆ ئەوەی کە لە سەر بنەمای رابردوو و پێشینەیان، نووری چاو بوون و خۆشەویست بوون و شتی لەو جۆرە بێ.

٩) **تەحەممولی جیاوازی مرخ (سلیقە):** ڕادەیەك کە کارمەندەکان بۆ دەربڕینی ڕوون و ئاشکرای ڕەخنەکانیان و جیاوازییەکانی بۆچوونیان هان دەدەرێن.

١٠) نموونەکانی پێوەندیگرتن: ئاستێك کە پەیوەندییەکانی ڕێکخراوەیی بۆ هیرارشی و ئاستەکانی فەرمی دەسەڵاتەکان کورت دەکرێتەوە."[10]

لـە پێناسـەکردنی کولتـووری ڕێکخراوەیی‌ـدا ئێمـە پێناسـەی دوکتـور ئەسـغەر زۆرمرۆدیانمان خستەڕوو کە بریتی بوو لەوەی کە کولتـووری ڕێکخراوەیـی سـەمبوول و نموونەی هاوبەشی نێوان تاکـەکانی ڕێکخـراوە، هـەر لـەوێش دا ئاماژەمـان بـەوەدا کـە



ناوبراو پێی وایە کولتووری ڕێکخراوەیی لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە کـە بـریتین لە:

"١ – بەها و نۆرمە قەبووڵ کراوەکان.

٢– گریمانە و تێگەیشتنی تاکەکەسی و کۆمەڵ لە ئامانج و ئەرکەکانی ڕێکخراو.

٣ – چۆنیەتی گونجانی دۆخی ڕێکخراو لەگەڵ ژینگەدا"[11]

دوکتور قولی ئارین پوور لە سێزدە خاڵ دا تایبەتمەندییەکانی کولتوور و کولتووری ڕێکخراوەیی دێنێتە گۆڕێ کە ئێمە لێرەدا زۆر بە کورتی تەنیا مەبەستی سەرەکی تایبەتمەندییەکان دەخەینە بەرچاو کە بریتین لە:

"١ – کولتووری شتێکی زاتی و میراتی نیە و لە پشت و بەرەوە پێمان ناگا، بەڵکو لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی‌دا پێك دێ.

٢– کولتوور شتێکی گشتییە و بە خوێندنەوەیەکی وردیش تەنانەت ناتوانین کولتووری کۆمەڵگایەك بناسین.

٣ – کولتوور لەگەڵ ئەوەدا کە شتێکی گشتییە، هاوکات شتێکی تاکەکەسیشە.

٤ – کولتوور شتێکی هاوبەش (ملکی هەمووانە).

٥ – کولتوور دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە.

٦ – کولتوور نەگۆڕ و سەقامگیرە و بەردەوام دەبێ لە مانەوە.

٧ – کولتوور لەگەڵ ئەوەدا کە نەگۆڕە، هاوکات دەتوانێ بەهێز و چالاکیش بێ.

٨ – کولتوور دیاردەیەکی زەینیە (هەست پێ نەکراوە).

٩ – کولتوور تایبەتمەندی و توانای خۆسەپاندنی تێدایە.

١٠ – ڕەوت و فشاری مێژوویی بە سەر کولتووردا زاڵە.

١١ – کولتوور لە کۆمەڵێك ئاکاری نموونەدار و سەمبۆلیك پێك دێ.

١٢ – کولتوور کارکردی هەیە.

١٣ – کولتوور شیاوی گواستنەوەیە و دەکرێ بگوازرێتەوە."[12]




**خشتەکی (١) نموونەی شیکردنەوە و سیما گشتییەکانی کولتوورێکی ڕێکخراوەیی"[١٣]**

### ج: کاریگەرییەکانی کولتووری ڕێکخراوەیی لە سەر ڕێکخراو

زۆر جار کولتووری ڕێکخراوەیی و ئاکاری ڕێکخراوەیی لە یەك ئاست دا ناو دەبرێن و گرینگیان پێ دەدرێ و لە ناو خوێندنی ئاکاری ڕێکخراوەیی دا سەرنج دەدرێتە کولتووری ڕێکخراوەییش، هەربۆیەش پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە ئاکاری



ڕێکخراوەیی و تیۆری ڕێکخراوەیی کە هەروەك کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش و لێك چوویان پێکەوە هەیە، هێندێك خاڵی جیاوازیشیان پێکەوە هەیە کە پێش ئەوەی بە وردی بچینە سەر باسی کولتووری ڕێکخراوەیی پێویستە ئاوڕیان لێ بدەینەوە و باسێکی کورتیان لە سەر بکەین. لەم پەیوەندییەدا ستێڤن رابینز بەم شێوەیە دەنووسێ:

"ئاکاری ڕێکخراوەییOrganization Behavior، ڕوانگەیەکی وردی سەبارەت بە پرسەکان هەیە و پێداگری زۆرتر لە سەر تاك و کۆمەڵە بچووکەکان دەکا. زیاتر لە سەر ئاکاری دەروون ڕێکخراوەیی، کارکرد و ڕەوشتی تاکەکان، کارمەند و گۆڕانکاریگەلێکی وەکوو سوودمەندبوونی کارمەندەکان، ئامادەنەبوون لە سەر کار، جێگۆڕکێ لە کاردا و ڕەزامەندی پیشەیی زۆرتر چڕ دەبێتەوە. ئەو بابەتانەی ئاکاری تاکەکەسی کە لە ئاکاری ڕێکخراوەیی‌دا توێژینەوەیان لە سەر دەکرێ، بریتین لە: تێگەیشتن، بەهاکان، فێربوون، ئەنگیزە و کەسایەتی. بابەتەکانی ئاکاری گشتی و کۆمەڵی کە ئاکاری ڕێکخراوەیی پێداگرییان لە سەر دەکا بریتین لە: ڕۆڵەکان، دۆخی تاکەکان لە ڕێکخراودا، ڕێبەری، دەسەڵات، پەیوەندییەکان و پێکناکۆکی‌یەکان. لە بەرامبەر ئاکاری ڕێکخراوەیی‌دا، تیۆری ڕێکخراو ڕوانگەیەکی کراوە و بەرینی سەبارەت بە پرسە ڕێکخراوەییەکان هەیە. ناوەند و یەکەی شیکاری و ڕاڤەکردن ئەوانە، یان خۆیان ڕێکخراو یان یەکەگەلێکی لاوەکی ڕێکخراوێکن. تیۆری ڕێکخراو لە سەر ئاکاری ڕێکخراوەکان چڕ دەبێتەوە و پێناسەیەکی گشتی لە کاریگەری و باندۆری ڕێکخراوەکان دەخاتەڕوو. تیۆری ڕێکخراو نەتەنیا سەرنج دەداتە کارکردی کارمەند و کارگێڕەکان و تێڕوانینیان، بەڵکە سەروکاری لەگەڵ تواناییە گشتی‌یەکانی ڕێکخراو بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرج و هەروەها وەدیهێنانی ئامانجەکانیش هەیە."[١٤]

"پرۆفیسۆر دین "دان دێنیسۆن "Dan Denison" لە ئاکامی توێژینەوەکەی خۆی‌دا کە سەبارەت بە کولتووری ڕێکخراوەیی و کاریگەری ڕێکخراوەیی کردبووی بەو ئاکامە دەگا کە بە سەرنجدان لە پەیوەندی نێوان ویستە ژینگەیی و کولتوورییەکان و

هەروەها ڕێباز و ڕێکاری ڕێکخراو، چوار جۆرە کولتووری ڕێکخراوەیی (کولتووری پێکەوە گونجان، پەیام گەیاندن، هەروەزی و بەردەوامی) دەکرێ پێك بێ".[١٥]

"کولتووری کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە داب و نەریت و زمانیدا خۆی دەنوێنێ کە لە ژێر کاریگەری ژینگەی ئابووری لە سەر بنەمای پێشکەوتن و تەکنەلۆژیا، سیاسی – یاسایی، کولتووری و ئایینی دا خۆ دەگرێ. کارمەندەکان لەگەڵ خۆیان کولتووری کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیان بۆ شوێنی کارەکەیان دێنن. کولتووری ڕێکخراوەیی کە بەرهەمی لاوەکی کولتووری کۆمەڵایەتییە بە پێی توانای خۆی کاریگەری لە سەر بەها، ئەخلاق، تێڕوانین، پێشگریمانە و ئارەزوو و چاوەڕوانییەکانی تاك دادەنێ و لە ئاکارەکانیدا خۆی دەردەخا (خشتەی ١)




**خشتەی (١) کاریگەرییە کولتوورییەکان لە سەر ئاکاری ڕێکخراوەیی**[١٦]

بەڵام حەبیبوڵڵا ڕەعنایی کوردشوولی پێی وایە کە بە گشتی دەکرێ بڵێین کە کولتووری ڕێکخراوەیی لە سێ ڕەهەندەوە کاریگەری لە سەر ڕێکخراو هەیە کە لە ڕوانگەی ناوبراوەوە بریتین لە:



"١ – بەرهەمی تاکەکەسی (تاك): واتە ڕێکخراو تا چ ڕادەیەك توانیوویەتی کاریگەری باش و گونجاوی لە سەر تێڕوانین و دۆخی تاکەکەسی ئەندامەکانی هەبێ. ئەو بابەتانەی دەکرێ لەم بوارەدا بخرێنە بەر باس و توێژینەوە بریتین لە: کارکردی تاکەکەسی، ڕەزامەندی لە پیشە و دەروەست بوون بەرامبەر بە ڕێکخراو،

٢– بەرهەمی گشتی (کۆمەڵ): واتە ڕێکخراو تا چ ڕادەیەك توانیوویەتی بە شێوەیەکی کاریگەر هەوڵ و ماندووبوونی تاکەکان هاوئاهەنگ بکا و یەکگرتوویان بکا. ئەو بابەتانەی کە دەکرێ لەم پەیوەندییەدا سەرنجیان پێ بدرێ بریتین لە: کارکردی بەکۆمەڵ، ئاستی زاڵبوونی گیانی هاوکاری و کاری هەرەوەزی و هاوکاری لە نێو یەکەیەك دا، ڕادەی هاوکاری لە نێوان یەکە جۆراوجۆرەکانی ناو ڕێکخراو، چیەتی هاوکاری و هاوئاهەنگی لە ئاستی گشتی ڕێکخراو و ڕێژەی ناتەبایی و ناکۆکی لە نێو کۆمەڵەکان دا،

٣– بەرهەمی ڕێکخراوەیی: ئەمەش ئاماژە بە کاریگەری ڕێکخراو لە سەر ژینگەی دەوروبەری خۆی دەکا. ئەو بابەتانەی کە دەکرێ لەم پەیوەندییەدا سەرنجیان پێ بدرێ بریتین لە: کارکردی ڕێکخراو، ئاستی داهێنان، ڕێژەی کەمبوونەوەی تێچوونەکان، پشکدار بوون لە بازاڕدا، ڕادەی فرۆشتن، نرخی بەرهەمی زیادەی خاوەن پشکدارەکان، نرخی گەڕانەوەی داهات، ڕەزامەندی کڕیارکان و ئاستی بەرپێوەچوونی بەرپرسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکخراو."[١٧]

پێویستە بزانین کە ئەو ڕێکخراوانەی کە تازە دامەزراون کولتوورێکی تاڕادەیەك گەنج یان لاوازتریان هەیە لە بەرامبەردا نابێ پێمان وابێ هەموو ئەو ڕێکخراوانەش کە لەمێژە دامەزراون و تەمەنێکی زۆریان هەیە کولتوورێکی بەهێزیشیان هەیە. کولتوورێك کاتێك دەتوانێ بەهێز بێ کە بەها بنەڕەتییەکانی خۆی بپارێزێ و پێی پابەند بێ و جیا لەوەش لەگەڵ ژینگە و دەوروبەری خۆیدا بگونجێ و بە باشترین شێوە بتوانێ کاریگەری خۆی بەجێ بێڵێ. ستێڤن رابینز لە پەیوەندی لەگەڵ کولتووری ڕێکخراوەیی

و کاریگەرییەکانی لە سەر تاك پێی وایە کە بەهێزبوونی کولتوورێکی رێکخراوەیی دەتوانێ کاریگەری زۆری لە سەر کاریگەرداربوونی رێکخراویش هەبێ و تەنانەت کاریگەری لە سەر رادەی سەرکەوتوویی ئەو رێکخراوەش هەبێ. هەروەها ئەو پێی وایە کە کولتووری رێکخراوەیی کاریگەریی لە سەر شووناسی تاکەکان دەبێ و تاکەکان لە رێگای کولتوورێکی بەهێز و گونجاوەوە دەتوانن شووناسی راستەقینەیان لە خۆیان هەبێ و زۆر باش جێگە و پێگەی خۆیان لە ئاستی رێکخراوەیی و لە پیشە و ئەرکیان لە رێکخراودا بدۆزنەوە.

" فەلسەفەی مانەوە و بوونی رێکخراوێکی خاوەن کولتووری بەهێز بۆ کارمەندەکانی روونترە. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوە کە کارمەندەکان هاسانتر بتوانن شووناسی خۆیان لە رێکخراودا بدۆزنەوە و کارەکەیان واتادار بکەن و دەرووەست بوونیان بە رێکخراو زۆرتر ببێ. کەواتە دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بکەی کە کولتووری بەهێز رەزامەندی کارەمەندەکان زۆرتر بکا و ئەگەری ئەوەی کە رێکخراو بەجێ بێڵن کەمتر بکاتەوە."[۱۸]

لە روانگەی دوکتور ئەسغەر زۆمرۆدیانەوە کاریگەری کولتووری رێکخراوەیی و بەهای کۆمەڵایەتی دەتوانێ هێندە زۆرە کە شارەزایانی بواری داڕشتنی قەوارە و سیستمێکی رێکخراوەیی لە سەر بنەمای کولتووری رێکخراوەیی گەڵاڵەی خۆیان دەخەنەڕوو. هەروەها ناوبراو پێی وایە یەکێك لە سەرکەوتنەکانی کارگێڕی نوێ وەدەست هێنانی ئەو سەرکەوتنەیە کە داڕشتنی قەوارە و سیستەمی رێکخراوێك بە پێی کولتووری رێکخراوەیی سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێناوە.

"لە کاتێك دا کە زۆربەی رەوتە نوێیەکانی کارگێڕی بۆ وێنە کارگێڕی راوێژکارانە، سیستەمەکانی رنێوهێنان و چالاکی گۆڕانخواز و نەرم و نیان، ئەندازیاری هاوکات، کولتوور بە بنەمای سەرەکی گۆڕان (لە رێکخراو) دەزانن، وا دیارە ئەم رەوتە رەوتی داڕشتنی سیستەمە تەکنیکی – کۆمەڵایەتییەکان بوو کە بۆ یەکەمجار لە سەر بنەمای



توێژینەوەکانی خۆی ئەو بابەتە گرینگەی هێنایە گۆڕێ. رەوتی داڕشتنی سیستەمە تەکنیکی – کۆمەڵایەتییەکان بە کەڵك وەرگرتن لە تیۆری و چوارچێوەی سیستەمەکان و بە خستنەڕووی ئەو بابەت و ئەزموونە زانستانییانەی خۆی لە رێکخراوە ئەورووپایی و ئاسیاییەکان دا سەلماندی کە سەرکەوتنی هەموو چەشنە گۆڕان و گۆڕانکارییەکی تەکنەلۆژیایی پەیوەندی راستەوخۆ و قووڵی لەگەڵ گونجان و تەبایی ئەو لەگەڵ کولتوور و لایەنی کۆمەڵایەتی رێکخراودا هەیە. ئەم شتە ناسراوترین دەسکەوت و سەرکەوتنی کارگێڕی نوێیە."[۱۹]

کاریگەرییەکی گرینگ و رەنگە یەکێك لە سەرەکیترین کاریگەرییەکانی کولتووری رێکخراوەیی ئەوە بێ کە کولتوور یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تاك واتا ببەخشێ بە جێگە و پێگەی خۆی. هەروەها تاك لە رێکخراوێك دا بە پێی کولتووری رێکخراوەکەی دەتوانێ پێناسەی خۆی بکا و بەم شێوەیە دەتوانێ شووناسی خۆی لە رێکخراوێك دا وەدەست بێنێ. ئەحمەد گوڵمحەممەدی لەم پەیوەندییەدا دەڵێ:

"شووناسی کۆمەڵایەتی نەك تەنیا دەرەتان بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەڕەخسێنێ، بەڵکوو مانا بە ژیانی تاکەکانیش دەدا. شووناس نەك هەر پرۆسەیەکە بۆ خۆناسینی کردەگەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکوو ماناسازییش بە هۆی ئەوەوە ئەنجام دەدرێ. لەم رووەوە ژمارەیەك لە تیۆریستەکان لە واتاکردن و چەمکبەندیی شووناس دا لە سەر ئەم ئەرکە پێ دادەگرن. بۆ وێنە مانوئێل کاستڵ شووناس وەك "پرۆسەی دروستبوونی مانا لە سەر بنەمای تایبەتمەندییەکی کولتووری یان دەستەیەك تایبەتمەندیی کولتووری کە باڵادەستیان بە سەر سەرچاوەکانی دیکەی مانادا هەیە"، واتا دەکا. بەڕای ئەو هەروەك کە دەورەکان ئەرکەکان رێك دەخەن، شووناسەکانیش مانا رێك دەخەن. چەمکی شووناش چەمکێکە کە دنیای دەروونی یان کەسێنی لەگەڵ فەزای گشتی فۆڕمە کولتووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵ دەکا و خەڵك لە رێگای ئەوانەوە سەبارەت بە رووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی ژینگەی

خۆیان هەستیار دەبن. خەڵك بە دیتران دەڵێن كێن و گرنگتر لەمە بە خۆشیان دەڵێن كێن و دواتر هەوڵ دەدەن بە جۆرێك هەڵسوكەوت بكەن كە لەو كەسەی وێنا دەكەن هەن، چاوەڕوان دەكرێ".[٢٠]

**سەرچاوەكان:**

[١]. ڕەزائیان، عەلی ڕەزا، بنەماكانی كارگێڕی، (اصول مدیریت)، ل، ٢٨٩، چاپی ١٨ ساڵی ١٣٨٥، تاران، بڵاوكراوەی "سمت" . (بۆ زانیاری زیاتر ئەم كتێبە لە لایەن سمایل زارعیەوە كراوە بە كوردی و وەرگێڕانە كوردییەكەی لە بەرچاپە).

[٢]. مورهێد و گریفین، ئاكاری ڕێكخراوەیی (رفتار سازمانی)، وەرگێڕانی: د. سید مهدی الوانی، د. غلامرچا معمارزاده، ل ٥١٢، چاپی دوازدەهەم، تاران، چاپەمەنی "مروارید"، ساڵی ١٣٨٦ (٢٠٠٧).

[٣]. مهاجری پاریزی، حامد، "فرهنگ سازمانی ابزاری هوشمند در هدایت سازمان" (كولتووری ڕێكخراوەیی ئامرازێكی زیرەكانە بۆ ئاڕاستەكردنی ڕێكخراو"، ل ٥، ئینتێرنێت، mohajeri@hriec.ir، PDF. http://www.hriec.ir/UserFiles/culture.pdf

[٤]. قلی پور، د. ئارین، كۆمەڵناسی ڕێكخراوەكان (جامعەشناسی سازمانها)، ل ٩٢، چاپی هەشتەم، تاران، چاپەمەنی "مهر" (سمت).

[٥]. گورمێن، لیلیام، چەمكەكانی كولتووری ڕێكخراوەیی (بۆچی كولتووری ڕێكخراوەیی بۆ بەڕێوەبەرەكان گرینگە؟)، گۆڤاری ئابووری، سەدروڵڵا ئەلبۆرزی، ل ٧١، تاران، ١٣٧٨

[٦]. زۆمرۆدیان، د. ئەسغەر، كارگێڕی گۆڕان (مدیریت تحول)، ل ٨٢، چاپی حەوتەم، تاران، ١٣٨٦.

[٧]. ئاگ بێرن و نیم كۆف، بەرایی كۆمەڵناسی(زمینه جامعەشناسی)، و: ئا – ح – ئاریان پوور، ل ١٧١، چاپی سێزدەهەم، تاران، ١٣٨٠.

[٨]. ڕابینز، ستێڤن، تیۆری ڕێكخراو، وەرگێڕانی د. سەید مەهدی ئەلوانی و د. حەسەن دانایی فەرد، ل ٣٨٤، چاپی بیست و دوو، تاران، چاپخانەی گەنج، ساڵی ١٣٧٨. (بۆ زانیاری زیاتر ئەم كتێبە لە لایەن سمایل زارعیەوە كراوە بە كوردی).

[٩]. قولی پوور، د. ئارین، هەمان سەرچاوە، ل ١٩٤.



[١٠] ڕەزائیان، عەلی ڕەزا، هەمان سەرچاوە ل، ٢٩٠.

[١١] زۆمرۆدیان، د. ئەسغەر، هەمان سەرچاوە، ل ٨٢.

[١٢] قولی پوور، د. ئارین، هەمان سەرچاوە، ل ١٨٧ و ١٨٨ و ١٨٩.

[١٣] ڕەزائیان، عەلی ڕەزا، هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٣.

[١٤] ڕابینز، ستێڤن، هەمان سەرچاوە، ل ٢٥ – ٢٤.

[١٥] د. سەرداری، ئەحمەد، توێژینەوە لە سەر پەیوەندی كولتووری ڕێكخراوەیی بە ڕەزامەندی پیشەیی لە ناوەندە زانستییەكان دا، گۆڤاری ئاكاری خوێندكار، دوو مانگ نامەی زانستی – توێژینەوەیی زانكۆی شاهید، ل ٤٦، ساڵی یازدەهەم، ژمارە ٥، تاران، ساڵی ١٣٨٣.

[١٦] ڕەزائیان، عەلی ڕەزا، هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٣.

[١٧] ڕەعنایی كوردشوولی، حەبیبوڵڵا، كارگێڕی كولتووری ڕێكخراوەیی، وەرزنامەی زانستی كارگێڕی ئێران، ساڵی دووهەم، ل ٢٢، ژمارە ٦، هاوینی ١٣٨٦، تاران. (لە ئینتێرنێت وەرگیراوە)

[١٨] ڕابینز، ستێڤن، هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٥

[١٩] زۆمرۆدیان، ئەسغەر، هەمان سەرچاوە، ل ٩٥

[٢٠] گولمحەممەدی، ئەحمەد، بە جیهانیبوون، كولتوور، شوناس، و: عەبدوڵڵا بەهرامی، ل ٢٢٤، چاپی یەكەم، چاپخانەی موكریان، هەولێر.

# ژنان و کارەساتی ژینگە




**وەرگێران لە فارسییەوە:**

**کوێستان فتوحی**



ئایا تیشکی هەتاو بەشێوەی یەکسان بەسەر ژنان و پیاوان دا بڵاو نابێتەوە؟ مەگەر هەموو مرۆڤەکان وەك یەك بە باران تەڕ نابن؟ نا! نا! ئامار نیشان دەدا کە پیاوان دوو بەرابەری ژنان لە گۆڕانی ئەتمۆسفۆردا نەخشیان هەیە. لە بەرامبەردا ژنان دوو هێندەی پیاوان لە پێناو هاوسەنگی کەشوهەوادا تێدەکۆشن.

**کارەساتێکی گەورە و جیهانی چاوەڕوانیمان دەکا**

ئێستا ئیدی کاتی هەڵێنانەوەی هەنگاوی خێرایە. دەبێ ژیانی ئەم تۆپە کە شوێنی ژیانی منداڵان و نەوەکانمانە، رزگار بکەین. هەر تاکێك لە دەست خۆی دایە کە بڕیار بدا و بەرپرسیاریەتی خۆی لە وێران کردن یا رزگار کردنی شوێنی ژیاندا روون بکاتەوە. هەرکەس دەتوانێ بە رەفتاری خۆی، رادەو شێوەی کەرەسە و خواردنێك کە کەڵکی لێ وەردەگرێ، گازی کەربۆنێك سات بەسات بەرەوژوور بەرێ یان کەمی بکاتەوە. ئاکامەکانی گۆڕانی کەشوهەوا کە بە هۆی پیس بوونەوە وەدی هاتوەو وەدی دێ، جێگەی داخە. ئەو گۆڕانە دەتوانێ ٥ تا ٢٠ لە سەدی بەرهەمی نەپاڵێوراو میللی جیهان لە ناوبەرێ. لە حاڵێك دا هەر ئێستا دەکرێ تەنیا بە کارهێنانی یەك لە سەد لەو دەرکەوتە (یانی نزیك ٢٧٠ میلیارد یورۆ لە ساڵدا، لە پێوەری جیهانی دا) پێش بە بەرەوپێشچوونی ئەو کارەساتە بگیردرێ.

ئەو رەوتەی ئێستا دەبێتە هۆی ئەوە گەرمای تۆپی زەوی تا ساڵی ٢١٠٠ بە رێژەی دوو تا شەش پلە زیاد بکاو لە ئاکام دا لە لایەکەوە بە توانەوەی کێوە سەهۆڵەکان و لە لایەکی دیکەشەوە کەمیی ئاو، لە هەر شەش مرۆڤ یەکیان لەگەڵ مەترسیی لەناوچوون بەرەوڕوو دەبێ. واتە سەدان میلیون مرۆڤ بێ ماڵ و حاڵ دەبن، سەدان میلیۆن کەس دەبێ لە شوێنی ژیانی خۆیان رابکەن و، لە هەر ١٠ جۆر گیانلەبەریش، چوار جۆریان لە ناو دەچن.

بە سەرنجدان بەو هەلومەرجە، ئیدی کات نەماوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتوە بە کردەوە هەنگاو هەڵگیرێ. هەنگاوێك کە بەداخەوە ئاسانیش نیە.

لەم کاتەدا ئینسان دەبێ بڕیار بدا کە چ بکا تا بە گۆڕانی کەشوهەوا ژیانی ئەو و منداڵانی ئەو لە نێو نەچێ و لە پلەی یەکەم دا ئەو بڕیارە لە دەستی ئەوانە دایە کە هێزو دەسەڵاتیان بەدەستە.

لە ڕاستی دا هەنگاوەکانی ئێستای ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ ژینگەدا، کاریگەری خۆی تا ساڵی ٢٠٥٠ دەردەخا. ئەوە بەو مانایەیە کە ئیدی ناتوانرێ پێشی ڕووداوێك بگیرێ کە لە ساڵی ٢٠٥٠دا ڕوودەدا. پسپۆڕان ساڵی ٢٠٧٥یان وەك خاڵی وەرچەرخانی گۆڕانی کەشوهەوادا ڕاگەیاندوە. ساڵانێك کە ئێمە نەماوین و ڕۆڵەکانمان و منداڵەچووکەکانی ئەوان لەگەڵ کارەسات بەرەوڕوو دەبنەوە. یانی کەسانێك کە بۆخۆیان لە ڕوودانی کارەساتەکاندا چووکترین نەخشیان نەبووە.

وێڕای هەموو پێداگرییەکان بەرامبەر بە ڕوودانی کارەسات لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی، بەڵام ناوەندی ئەسڵیی کارەسات لە ناوچەکانی باکوور دەبێ. شوێنێك کە هەر ئێستاش لە هەژارترین ناوەندی جیهان بە حیساب دێ. پێویستە بگوترێ کە لەسەدا ٢٥ی گازی کەربۆنیکێك کە گۆی زەویی کردوە بە تۆپێکی گەرم و پیس و هەناسە لێبراو، لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەرێ دەکرێ بۆ ئەتمۆسفۆر "جو". وڵاتێك کە ئێستاش تەنانەت ئامادە نیە واژۆی هیچ قەرارداێك بکا کە پابەندی بکا بە کەمکردنەوەی ئەو گازە.

بۆ ئەوەی لە ئاست کارەساتی کەشوهەوا ڕاوەستین و خۆمان ڕێك بخەین پێویستمان بە سێ مەرج هەیە: یەك: هەست بە ڕوودانی کارەساتێکی لەو چەشنە بکەین و بتوانین هاو خەمی لەگەڵ ئەو مرۆڤانە بکەین کە بە هۆی ئەوەوە لەناو دەچن.

**دوو:** نابێ هیچ جۆرە قازانجێکمان لە گۆڕانی ئەتمۆسفۆردا هەبێو سێهەم ئەوەیە کە دەبێ توانای پێشبینی و لێکدانەوەی هەلومەرجەکانمان هەبێ تا بتوانین لە



ڕوودانی ئەو ڕووداوانەدا کە بەڕێوەن، ئاکامێك بگرین و داهاتوو بێنینەپێش چاومان. چ کەسێك ئەو مەرجانەی تێدایە؟ کاتێك بە وردی سەرنج دەدەین، دەبینین کە ژمارەیەکی زۆر کەم ئەو مەرجانەیان تێدایەو دەتوانن بە کردەوە کاریگەرییان هەبێ و سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ژنان زۆر زیاتر لە پیاوان ئەو مەرجانەیان تێدایە. سەرەڕای ئەمەش کارو کردەوەی پیاوانە دەبێتە هۆی خێرایی ئاڵوگۆڕەکانی کەشوهەوا. بەڵام ئەوە ژنانن کە زۆرتر دەبنە قوربانی ئاڵوگۆڕ لە ئەتمۆسفۆردا.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەك کە لە سوئێد کراوە، پیاوان لە تەمەنی نێونجی دا دوو بەرابەری ژنانی ئەو تەمەنەدا وزە بە کار دێنن. هۆکارێك کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا ڕاگەیاندراوە بریتییە لە: یەك، پیاوان ئۆگرییەکی زۆر زیاتریان بە ماشێن، شۆفێری و توند ڕۆیشتن هەیە. دوو، ئۆگری زۆر بە خواردنی گۆشت. ئەو مەیل و ئۆگرییە لە پیاوان دا زۆر زیاتر لە ژنان و ریشەی لە فەرهەنگێکی کۆن دا هەیە کە پیاو بە گۆشت خواردنی زۆر پیاوتر دەبێ. هەموو کەس ئەو فەرهەنگەی لە بیرە لە کاتی منداڵیدا کە بەشی گۆشت و کەبابی باوك دوو یا سێ بەرابەری ژن یان منداڵەکان بوو. ئەو فەرهەنگە نەوە دوای نەوە گوێزراوەتەوە و لەو ڕێیەش دا کۆمپانیا و سەنعەتە گەورەکانی ڕاگرتن و پێگەیاندنی بەراز، مانگاو مەڕ هەروەها مریشك و قەل و... بە جۆرێك پەرەی سەندوەو بە شێوەیەکی لێشاویش بە هۆی بەکارهێنانی هورمون و دەرمانی شیمیایی، ڕۆژبەڕۆژ بەرهەمی گۆشت لە زیادبوون دایە بۆ بە هێنانە بازاڕو بە قیمەتی هەرزان و پەرەیان بە خواردنی ئەو بەرهەمە لە کۆمەڵگەدا داوە.

لەو پێوەندییەدا دەکرێ بڵێین، تەنیا بەرهەمهێنانی گۆشت لە دنیادا، بەرپرسایەتی ١٨ لە سەدی چوونە سەری گازی کەربۆنیکی لە ئەستۆیە. بەرهەمهێنان و بەخێو کردنی نیو میلیارد گا و مانگا، ١/٧ میلیارد مەڕو بزن، بۆتە هۆی ئەوە کە کونی لایەی ئۆزون ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر ببێتەوە. هەڵبەتە بڕینەوەی داری دارستانە گەورەکان بۆ خۆراکی ئەو گیانلەبەرانەش دەکرێ هۆکارێك بێ بۆ چوونە سەری گازی کەربۆنیك. ئەو

دارستانانە دەتوانن پێشگیری لە چوونە سەری ئەو گازە بکەن، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ لەناو دەچن.

**سێهەمین هۆکار** زۆر ئاسانە. پیاوان بە گشتی زۆر کەمتر لە ژنان سەرنج دەدەنە ژینگە. ئەوان گوێ نادەنە جیاکردنەوەی زبڵو زاڵەکان و گرنگی‌یەک نادەن بەو خاڵانەی کە هەر یەك بە نۆرەی خۆیان یارمەتی بە پاراستنی ژینگە دەکەن.

ناوەندی گرین ـ پیس دوای ڕاپرسی‌یەك کە لە ساڵی ٢٠٠٤ کردوویەتی ڕایگەیاندوە ٥٠ لەسەدی ژنان گۆڕانی ئەتمۆسفۆریان بە مەترسی‌دار هەڵسەنگاندوە، لە حاڵێك دا تەنیا ٤١ لەسەدی پیاوان ئەو بۆچوونەیان هەبووە. لە ئاکامی ئەو گۆڕانەدا ٧٠ لەسەدی ژنان بۆ ژیانی منداڵو نەوەکانیان نیگەرانن. بەڵام تەنیا ٤١ لەسەدی پیاوان ئەو هەستەیان هەیە.

دامەزراوەیەکی دیکەی توێژینەوە بە ناوی PIK لە ساڵی ١٩٩٨ لە ڕاپۆرتێك دا ڕایگەیاندوە کە ژنان زیاتر لە پیاوان خۆیان لە تیشکی خۆر "اشعه ماوأ بنفش" دەپارێزن، لە پیاوان زیاتر میوەو سەوزیجات دەخۆن، کەمتر ئاو بەفیڕۆ دەدەنو کەمتر شۆفێری دەکەن. ژنان خەباتکارانی پلە یەکن لە بەرابەر گۆڕانی ئەتمۆسفۆردا.

وڵاتانی یەکگرتووی ئورووپا بڕیاریان داوە تا ساڵی ٢٠٢٠ وزەی جێنشینیی کە گازی کەربۆنیك دروست ناکا لە ٦/٥ لە سەدەوە بە ٢٠ لە سەد بگەیەنن، ئەوە شتێکی باشە. بەڵام گرفتێکی چووکە لە نێوەدا هەیە. پرسیار ئەوەیە ئایا وزەی ناوکی (ئەتۆمی) وەك وزەی جێنشین بە حیساب دێ یان نا؟ وڵاتی فەرانسە بە تەواوی هێزەوە لە سەر وزەی ناوکی وەك وزەی جێنشین پێ‌دادەگرێ و لە ئاڵمانیش ئەو باسە لە گۆڕێ دایەو بەداخەوە لایەنگرانی وزەی ناوکی دەستێکی باڵایان هەیە.

## ئەتمۆسفۆر گرفتی ئەمڕۆ؟

گۆڕانی ئەتمۆسفۆر مەسەلەیەکی نوێ نیە. لە ساڵی ١٨٩٦، یانی زیاتر لە ١١٠ ساڵ لەوەپێش، سوئانتە ئارینوس، زانای سوئێدی بە پێی توێژینەوەیەك ڕایگەیاند کە گۆی



زەوی بەرەو گەرم بوون دەڕواو ئەوەش بەرەکەتێکە بۆ مرۆڤەکان! ئارینوس کە براوەی خەڵاتی نۆبل بوو، ڕوونی کردەوە کە سووتەمەنی سەرچاوەگرتوو لە زوغاڵ، نەوت و گاز دەبێتە هۆی چوونەسەری زیاتری گازی کەربۆنیك و لەو لایەنەوە پلەی گەرمای تۆپی زەوی دەچێتە سەرێ. زەوییە بێ‌بەرهەمەکان و قاتی و قڕی پێوەندی بە ڕابردووەوە دەبێ و هەلومەرجی ئەتمۆسفۆر باشتر دەبێ. لەو دەورانەدا گەرما باش و بە ئاوەدانی بە حیساب دەهات و سەرماش بە شتێکی خراپ و وێرانکەر.

وایکینگەکان لە هەوای گەرمی ساڵەکانی ٩٠٠ تا ١٣٠٠ توانیان بە مەڕداری، یارمەتییەکی گەورە بە باشتر بوونی ژیانی ئینسانەکان هەر لە گریلەندەو تا ئەمریکا بکەن. لە ئورووپا شاری تازە درووست بوون و ڕێژەی دانیشتوان لە ٣٠ میلیونەوە بوو بە ٨٠ میلیون. دوای ساڵەکانی ١٣٠٠ کە سەهۆڵبەندان حاکم بوو دووبارە شارنشینی و خەڵك لە ناو چوون. هاوینان باران و زستانانیش سەهۆڵبەندان. دانەوێڵە هەڵی نەدەداو زۆربەی دێهاتەکان لەناو چوون و برسیەتی باڵی بەسەر خەڵك دا کێشا. تەمەنی ئینسانەکان ١٠ ساڵ کورتتر بۆوە. لەو سەردەمەدا گەرم بوونی تۆپی زەوی بە مەترسی حیساب نەدەکرا و بەرەکەتی بەدواوە بوو. بەڵام لە ساڵەکانی ٨٠ و لە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینگەوە مەترسیی گەرما بە شێوەیەکی جیدی ڕاگەیاندراو لەو کاتە بەدواوە هەر پلەیەك کە بە گەرمای ئەتمۆسفۆرەوە زیاد دەبێ، کارەساتی ئەتمۆسفۆر لە ڕاستیی نزیکتر دەبێتەوە. کارەساتێك کە ئاکامەکانی دەکرێ بە هاوتای شەڕەکان بەراورد بکرێ.

لەو پێوەندییەش دا دەکرێ بەڕوونی ببینرێ کە چۆن وڵاتانی دەوڵەمەندو پێشکەوتوو لە گەرم بوونی تۆپی زەوی سوود دەبینن و دیسانیش وڵاتانی هەژارو یا لە حاڵی پەرەسەندن دا بەرەو لەناو چوون دەچن. بۆ نموونە وڵاتێکی وەك کانادا و ڕووسیە یا وڵاتانی ئیسکاندیناوی لە گەرمتر بوونی هەوا ئەوپەڕی کەڵکی لێوەردەگرن

و هەروەها زۆر لە وڵاتانی ئورووپایی بە گەرمتربوونی پلەی گەرما چ لە بواری وەرزێری و چ لە لایەنی تووریستییەوە زیاتر دەپشکوون.

٩٠ ساڵ دواتر لە کونفرانسی نێونەتەوەیی وەیلاخ لە ساڵی ١٩٨٦ ڕەوتی ئاڵوگۆڕی ئاوهەوا جیهانی لێ ئاگادار کرایەوەو لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ یەکەمین جار لە کونفرانسی نێونەتەوەیی ریو وڵاتانی حاکم لە دنیادا ئەرکیان خرایە سەرشان بەرزبوونەوەی گازی کەربۆنیك کە بەرهەمی تێکۆشانە هەستەیی‌یەکانە کەم بکەنەوەو لە پیس کردنی هەوای تۆپی زەوی خۆبپارێزن. هەرچەند ئێمە ئێستا دەزانین کە ئاکامی ئەو کۆنفرانسە تاچەندە بەرەوپێش چووە و دەوڵەتەکانی ئەوکات چۆن بەرێوەیان بردوە !

لە ساڵی ٢٠٠٥، ١٤١ وڵاتی دنیا پرۆتۆکولی کیوتۆیان واژۆ کرد و لە ژێر ڕووناکایی ئەو پرۆتۆکولەدا بڕیاریان دا تا ساڵی ٢٠١٢ چوونەسەری گازی کەربۆنیك لە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٩٠ بەرێژەی ٥ لەسەد بێننە خوارەوە. وڵاتی ئاڵمان لەو ساڵانەدا لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی پارێزگاری لە ژینگەدا، توانی ڕێژی چوونە سەر گازی کەربۆنیك لە سەدا ١٢ بێنێتە خوار، لە حاڵێك دا وڵاتی ئەمریکا وەك گرنگترین وڵاتی پیسکەری ئەتمۆسفۆر، تەنانەت ئامادە نەبوو قەراردادی توکیوش واژۆ بکا.

داهاتوویەکی کە لە چاوەڕوانی ئێمە و منداڵەکانی ئێمە دایە، لە مانگەکانی ڕابردوودا زۆر بە ڕوونی خۆی دەرخستوە. کێوە سەهۆڵەکان خەریکی توانەوەن و لەتە بەردی گەورە لەدوای خۆیان بەجێ‌دێڵن کە ڕەوتی هاتوچۆی ئاو بە توندی دەگۆڕێ و دەبێتە هۆی کەمبوونی مەترسیی داری ئاو لە جیهان دا. چۆمەکانی وەك "راین" لە هاوینان دا وشك دەبن و دەبنە ئاوەرۆیەکی بێ‌گیان. وزەی کارەبا کە بە هۆی جەریانی چۆمەکانەوە کار دەکەن لە کار دەکەون و چیتر ناتوانن درێژە بە کاری خۆیان بدەن. ئاوەڕۆکان دەبنە شوێنێك بۆ سەرهەڵدانی جۆراوجۆرەها میکرۆب. بەهۆی گەرمای زۆر و وشك بوونی زیاد لە ئەندازە دارستانەکان وەك قوتوویەکی شەمچە (شقارتە) دەسووتێن و دەبنە خۆڵەمێش. بەرهەمی زەوییە وەرزێرییەکان زۆر کەم دەبێتەوەو



پێداویستی‌یەکانی ژیان، دەگاتە لانی کەمی خۆی. هەڵچوونو داچوون (جزر و مد) و با توندەکان بەردەوام دەبن و لەتە سەهۆڵەکان لە بن پێی ورچەکان دا ون دەبن. بوونەوەران و مرۆڤەکان لە وڵاتانی دواکەوتوو ئیدی ئیمکانی ژیانیان نابێ. گرنگترین بەنای مێژوویی لە مەعبەدەکانی تایلەند تا بیگ بنگ لە لەندەن لەژێر ئاودا لەناو دەچن. بەرینترین سەدەکان، ڕەنگە بتوانن تەنیا وڵاتانی پلە یەکی جیهان لە مەترسی ڕزگار بکەن، هەر چەند ئەوەش تەزمین ناکرێ.

لەو نێوەدا دیسان تانەی مێژوو لە یەکەم قۆناغی دا ژنان وەبەردەدا. بۆ نموونە بە هۆی گەرمای مەرگهێنەری ساڵی ٢٠٠٣ لە ئورووپای نێوەڕاست، ١٥ تا ٢٠ لەسەد ژنان زیاتر لە پیاوان، گیانیان لەدەست داوە. بە هۆی ئەو بەڵایانەی بەسەر کەسوکاریان دێ، ئەوە ژنانن زۆرتر ئازار دەبینن و زیاتر لە پیاوان بە هۆی کارەساتی سروشتی‌یەوە دەمرن. ئامارەکان نیشان دەدەن لە کارەساتی وەك سێڵاوی نئواورلئان و یا سونامی، ژنان زیاتر لە پیاوان گیانیان لەدەست دا. لە زەوی لەرزەی پاکستان لە ساڵی ٢٠٠٥ ژنان بە هۆی مانەوە لە ماڵەکان دا و گرنگی نەدان بۆ دیتنەوەیان، چوار بەرابەر زیاتر لە پیاوان مردن. لە ئەفریقا و ئاسیا کە ژنان لە بنەڕەت دا بەرپرسی ئامادەکردنی ئاو و خۆراکن، بە هۆی گۆڕانی ئەتمۆسفۆر و کەمیی ئاو و خۆراك ڕووبەڕووی هەلومەرجێکی زۆر پڕئازار دەبنەوە. سەرەڕای ئەوە ژنان لە تەواوی جیهان دا، تەنیا ساحەبی یەك لە سەدی زەوی کەشاوەرزیین. لە بەرابەریش دا بەرپرسایەتی نیوەی مادده خۆراکییەکانی جیهانیان لە ئەستۆیە. تەواوی ئەوانە ئەوە دەردەخەن کە ژنان زۆر هۆکاری ڕاستەقینەی دیکەیان هەیە بۆ بەرەنگابوونەوە لەگەڵ گۆڕانی ئەتمۆسفۆر و دەبوو بە تەواوی هێزەوە پێش بەو کارەساتە بگرن. چالاکانی مافەکانی ژنان لەسەر ئەو باوەڕەن دەبوو دەورەکانی فێرکاری بۆ ژنان ڕێك بخرێ و بە شێوەیەکی ئامانجدار ئەوان لە لقەکانی تکنیکی، بەرنامەڕێژی و وەدەستهێنانی پۆستەکانی بڕیاردان و چارەنووسساز ڕێنوێنی بکرێن.

## ژنان لە جووڵاندان!

سونیتا نارائین، وانگاری ماتاهائی، سوزان سولومون و زۆر ژنی دیکە لە سەراسەری جیهان دا لە خەباتکارانی چالاکی دژی وەرسووڕانی ئەتمۆسفۆر بەحیساب دێن. ئەوانە توێژینەوە دەکەن، دار دەڕوێنن، کتێب دەنووسن، ئاشی با دروست دەکەن، سیناریۆ دەنووسن، تێدەکۆشن قانوونەکان پەسەند بکرێن. ئەوانە لە دێهلین یان لە بروکلی و یان لە دارستانە رەشەکان دا دەبن. بۆ دوو کەس لەوانە، رووداوی چرنۆبیل راچەنینێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی بەرەو خەبات دژی گۆڕانی ئەتمۆسفۆر و مەسەلەی پاراستنی ژینگە رابکێشرێن. بۆ هێندێکی دیکەیان رووداوی GAU لە ساڵی ١٩٨٦ خاڵی دەستپێکە. ئەو ژنانە دەبوو بۆ سەلماندنی بەشداری و تێکۆشانی خۆیان لە هەلومەرجێك کە تا ئەو ساتە پێوەندیدار بە پیاوانەوە بوو شەڕ بکەن و ئەو بیر کردنەوە خراپانەی تا ئەوکاتە بەرامبەر بە ژنانی چالاك لەو بوارەدا هەبوو بسڕنەوە. ئەمڕۆ ژنان لێبڕاوانە بۆ پاراستنی ژینگە تێدەکۆشن و توانیویانە تا رادەیەك جێو پێی خۆیان قایم بکەن. هێندێك لەو ژنانە لە وڵاتانی هەژار دا دەژین، شوێنێك کە پاراستنی سروشت بەرامبەر بە شەڕ دژی هەژاری لە پلەی دووهەم دایە. وانگاری ماتائی و سونیتا نارائین لەو جۆرە ژنانە کە یەکەمیان خەڵاتی نۆبێلی بردەوەو دووهەمیان رێبەری ئەنیستیتۆیەکی نێونەتەوەیی پاراستنی ژینگەیە.

## سونیتا نارائین

ژنێکی ٤٦ ساڵەی خەڵکی هیندووستانە، وڵاتێك کە ئابوورییەکەی بەرەو پێشکوتن دەڕواو ژینگە بە ئاسانی خەریکە لەژێر عەمباری ماشێن و دەزگاکانی سەنعەت دا دەنێژرێ. بەڵام سونیتا دەیەوێ رێگە لەو هەڵە گەورەیە بگرێ کە وڵاتانی سەنعەتی دەیکەن. کاتێك ناوبراو کە لە ساڵەکانی ٧٠ لە دیهلی خوێندکار بوو، شەڕی بۆ



پاراستنی دارەکان دەست پێکرد. ئەو دارانەی کە بە هۆی رەوتی پەرەسەندنی شارەکان بە خێرایی لەناو دەچوون. لەو دەورانەدا پیس بوونی ژینگە گرفتی وڵاتانی دەوڵەمەند بوو. هێندێك کەس رایان وابوو کە لە پێش دا دەبێ پەرە بستێنین، دوای ئەوە دەتوانین لەبارەی پیس بوونی ژینگەوە قسە بکەین. سونیتا لەو ساڵانەدا چالاکانە بۆ پاراستنی ژینگە تێدەکۆشا، تەنیا هۆکارێکی کە ناوبراو باسی دەکرد، ئەوە بوو کە یەکیان بە بێ ئەوەی دیکە سوودێکی نیە. سونیتا بە هەوڵ و تێکۆشانە بەردەوام و بێوچانەکانی سەرکەوتنی وەدەست هێنا و توانی لە شاری دیهلی خەتێکی ئوتوبووسڕانی دامەزرێنێ کە بە گاز کاری دەکرد. ناوبراو دەڵێ زۆر نادادپەروەرانەیە کە ئێستا وڵاتانی وەك هیندووستان و چین بەرپرسی پیس بوونی هەوا بناسرێن، لە حاڵێك دا زۆرترین بەرز بوونەوەی گازی کەربۆنیك هەر ئەو وڵاتانەی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی وەك ئەمریکا و ئوروپپان. ئەوانە دەبێ بە زوویی و بەشێوەیەکی رادیکاڵ بەرز بوونەوەی ئەو گازە بەرەو کەمی بەرن تاکوو بۆ وڵاتانی وەك هیندووستان و چین هەلومەرج بۆ پەرەسەندنی ئابووری پێك بێ.

سولومون لە ساڵی ١٩٨٦ لە جەمسەری باکوور درێژەی بە توێژینەوەی خۆی دا، هەوا بە رادەیەك سارد بوو کە چاوی راستی بەستی. سوزان لەو کاتەدا تەمەنی ٣٠ ساڵ بوو، بۆ یەکەمین جار کونی ئوزونی دیتەوە. توێژینەوەکەی ناوبراو لە تاقیگەی کاریگەری خراپی گازی کەربوونیکی بەرزبۆوەی بەتایبەت لە جەمسەری باکوور بە ئیسبات گەیاند. تەواوی ئەو پرۆژەو ئاکامی توێژینەوەکەی ناوبراو لە کونفرانسی پاریس لە رێکەوتی ٢ی فیوریەی ٢٠٠٧ دیسانەکە پێی لەسەر داگیرایەوە. ئەو لەسەر ئەو بڕوایەیە ئەمڕۆ زۆر درەنگترە لەوەی کە بیرمان لێ دەکردەوە. ئاشکرایە کە مرۆڤەکان لە نیوەی سەدەی هەژدەیەمەوە بەرپرسن لە بەرزبوونەوە و زۆر بوونی گازکەربۆنیك.

## ئۆرسێلا ئێسلادك

ئۆرسێلا هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی کارەبای سالم و خاوێن بەرهەم بێنێ. کارێك کە تا ساڵی ١٩٩٧ هیچ کەس نەیتوانی بیکا. ئێستا بەشێکی بچووك لە ئاڵمان بە ٣٩٧٥٠ ماڵەوە لەو جۆرە کارەبایە کەڵك وەردەگرن.

هەر لەو کاتەوە کە لە ساڵی ١٩٨٦ بارانی رادیۆئاکتیو لە چێرنوبیل بەسەر باغچەکەی ئۆرسیلا دا باری، شوێنێك کە ٥ منداڵەکەی ئەو خەریکی یاری بوون، بڕیاری دا دژی ئەتۆم و وزەی ناوکی راپەڕێ. دوای ئەوەی کە هەموو هەوڵەکانی ئەو لە سەردان بۆ لای کۆمپانیاکانی کارەبا بۆ بەرهەمهێنانی کارەبای خاوێن لەگەڵ شکست بەرەورووبوو، بڕیاری دا بۆخۆی لقێك بۆ کارەبای تایبەتی دامەزرێنێ و خەڵکی هان دەدا کە لەو کارەبایە کەڵك وەرگرن. ئێستا کە ساڵانێك لەوە رابردوە، ئۆرسێلا بۆخۆی سەری سووڕ ماوە لەو کارەی خۆی و دەڵێ نازانم ئەو ئازایەتییەم لە کوێ هێنا کە کارێکی لەو چەشنە بکەم. ئەمڕۆ کۆمپانیای کارەبایەك کە ئۆرسێلا دامەزرێنەری بووە نەتەنیا کارەبای خاوێن، بەڵکوو گازی ناشیمیاییش دەدا بە مشتەرییەکانی خۆی. ١٧ کەس لەو ٢٢ کەسەی هاوکاری ئەو شیرکەتەن لە ژنان پێك هاتوون. دروشمی ئۆرسێلا ئەوەیە: ئەگەر کارێکی ئەتۆ لە ژینگەیەکی بچووك دا جێبەجێ بووە، نیشانەی ئەوەیە کە دەکرێ ئەو پرۆژەیە لە هەموو جێیەك بەرێوەبچێ.

## کلودیا کمفرت

٣٧ ساڵەیە، بەرنامەڕێژی کامپیوتێرە، پرۆفیسۆرە لە لقی ژینگە و ئابووری لە زانستگەی برلین، یەکێك لەو دەگمەن کەسانەیە کە دەتوانێ کەڵك لە ماشێنەکانی "سولار"و کارەبای وەرگیراو لە وزەی با بەکەڵك وەرگرتن لە برقی ئاسایی بەراورد بکا. لە رابردوودا ناویان لێ نابوو "پوورە شێتەی ژینگە" چونکە ئەو ژنە لاوە دایمە قسەی لە جۆری تازەی وەزە "انرژی" لە داهاتوودا دەکردو بە قسەکانی خۆی پیرە پیاوانی



سیاسەت و ئابووری بێتاقەت دەکرد. ئێستا کە دنیا لە مەترسیی گەورەی گۆڕانی ئەتمۆسفۆر و بەرزبوونەوەی لەرادەبەدەر گازی کەربۆنیك سەرنجی هەموو وڵاتان و دەسەڵاتدارانی بەخۆیەوە خەریك کردوە، داوا و پرس و راکان روویان لەو کردوە. ئەو پرس و رایانەی کە کلودیا دەبوو بە زیاتر لە ٨٠ لە سەدیان وڵامی نا بداتەوە. لە داهاتوویەکی نزیك دا، سێهەمین بەشی راپۆرت لەسەر هەلومەرجی ئەتمۆسفۆر لە un لەگەڵ ئاکامی لێکۆڵینەوەیەك کە کلودیا کردوویەتی بڵاو دەبێتەوە. ناوبراو وەك پسپۆر لە لقی وزە و پاراستنی ژینگە، ئێستا لقی وزە، "ایاب"و "ژهاب"و ژینگە لە ئەنستیتۆیەك دا بەڕێوە دەبا. کلودیا بۆخۆی گیاخۆرەو نێوان ماڵی خۆی و شوێنی کارەکەی بە دووچەرخە دەپێوێ و لەوێ خەریکی تەراحی سیناریۆ تازەکانە لە بواری ژینگەو وزە ساڵامەتەکان. ناوبراو دەڵێ هەلومەرجێکی سەخت و ناخۆش بەڕێوەیە بۆیە هەر کارێك لە بەرابەر ئەو کارەساتەدا لە دەستم بێ بەڕێوەی دەبەم.

## وانگاری ماتاهایی

کاتێك کە وانگاری تەمەن ٦٧ ساڵەی کینیایی، پسپۆر لە لقی بیولۆژی لە ساڵی ٢٠٠٤ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی بردەوە، زۆر کەس بە سەر سوورمانەوە پرسیاریان دەکرد کە تکایە بڵێن ناشتنی دار چ پێوەندییەکی بە ئاشتیی جیهانییەوە هەیە!

کومیتەی ئاشتیی نۆبێل بۆی روونکردنەوە کە وانگاری ماتاهایی نموونەیەکی روونە لە پەرەسەندنی هەتاهەتایی و کاریگەر لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ بە تایبەت مافی ژنان. ٣٠ میلیۆن دار لە ماوەی ٣٠ ساڵ دا لە ژێر بەرپرسایەتی "ماما می تی" (دایکی دارەکان) لە لایەن ١٠٠ ژنەوە نێژراون. ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٧ دا بناغەی بزووتنەوەی "گرین بلت"ی دانا، چونکە دەیویست دژی بێ مافییەکانی ژنان لە ئەفریقای هەژاردا شەڕ بکا. ناوبراو دەڵێ کاتێك دیتم ژنانی وڵاتەکەم نە ئاوی خاوێن، نە چیلکەو چاڵێك بۆ ئاور، نە خواردنێك بۆ خۆیان و گیانلەبەرکانیان هەیە، بیرم لەوە کردەوە کە ژنان

دەبێ دار بڕوێنن بەم جۆرە لە دژی هەژاری و برسیەتی شەڕ بکەن و زەوی لە لەناوچوون رزگار بکەن.

وانگاری، دایکی سێ منداڵەو تەڵاقدراوەو نازناوی "ئەو ژنە شێتە"ی لە لایەن سەرۆك کۆماری ئەو کاتی کینیای لەسەر دانراوە. ناوبراو دوای هەر چالاکییەکی دار ناشتن کە رێکی دەخست یا دەکەوتە زیندان یان سەری لە نەخۆشخانە وەدەردەنا. بەڵام ئەو سەردەمە بەسەر چووە و هەلومەرج گۆڕاوە. وانگاری ئێستا جێگری وەزیری ژینگەیە لە کینیاو یەك لەشکر سەرباز، لە ژێر رێبەری ئەودا خەریکی دار ناشتنن.

**سەرچاوە:**

**"آوای زنان" ژمارە ٦٢ی ساڵی ٢٠٠٩**